# ڕاستیەکان

ئەو ڕاستیانەی پێویستە لەبارەی موحەمەد و مەسیحەوە بیزانیت

**ئەم نامیلکەیە پێشکەشە:**
بە هەموو ئەو کەسانەی کە بە دوای ڕاستیدا دەگەڕێن.

هیوادارین لەڕێگەی ئەم نامیلکەیەوە توانیبێتمان تیشك بخەینە سەر ئەو ڕاستیەی کە یەزدان بە مرۆڤی بەخشیوە بۆ ڕزگار بوون.

# ڕاستیەکان

ئەو ڕاستیانەی پێویستە لەبارەی موحەمەد و مەسیحەوە بیزانیت

# پێشەکی

موحەمەد و مەسیح

هەموو ڕۆژێك ئەمە بابەتی لێدوانی چەندین ملیۆنە لە هەموو لایەکی جیهاندا ئایا ڕێگەی بەراوورد کردن هەیە لە نێوانیاندا؟ ئایا هەردووکیان لەسەر یەك ڕێگان؟ ئایا ڕێگەی موحەمەد بە تەواوی جیاوازی هەیە لە ڕێگەی مەسیح ؟ ئایا ئەو کۆمەڵگایەی کە موحەمەد دایمەزراندووە مرۆڤ سەربەستی خۆی هەیە؟ خۆشەویستی و بەزەیی و خزمەت کردنی تێدایە وەك ئەو کۆمەڵگایەی کە مەسیح دایمەزراندووە؟ یان کۆمەڵێکی داخراوە و دەست دەگرێت بە سەر هزر و بۆچونی مرۆڤدا و ڕێگەی بیرکردنەوەی لێ دەگرێت و حوکمی سزای سێدارە دەدات بەسەر ئەو کەسەدا کە بوێرێ ڕەخنە لە موحەمەد یان قورئان بگرێت؟

بۆ وەڵامی هەموو ئەو شتانەی بە مێشکی ئەو مرۆڤانەدا دێت کە بیردەکەنەوە دەربارەی موحەمەد و مەسیح، وە دەبێت ناوەرۆکی کەسایەتی هەریەکەیان بزانێت، وە دەبێت بزانێت چۆن موحەمەد ژیاوە و وە چۆن مەسیح ژیاوە؟

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا پێویستی بە لێکۆڵینەوەی بیروڕاو فێرکردن و ڕاسپاردەکانی هەریەکەیان هەیە کە بانگەوازیان پێکردووە.

جا من چونکە بۆ ماوەی پێنج ساڵ لێکۆڵینەوەیەکی ووردی قورئانم کردووە وە پەڕتووکی بەسەرهاتی موحەمەدم لەگەڵ حەدیس و ڕوونکردنەوەی قورئاندا خوێندۆتەوە، بۆیە بە پێویستم زانی ئەم لێکۆڵینەوە چڕ و ووردە بکەم تا گرنگترین جیاوازی لە نێوان موحەمەد و مەسیحدا دەربخەم. ئەوەی

پاڵی پێوەنام ئەم لێکۆڵینەوە وورده بکەم، بڵاوکراوەیەك بوو، کە بە زوانی ئینگلیزی یەکێك لە لایەنە ئیسلامییەکان بڵاویان کردبۆوە بە ناونیشانی: (پێویستە لەسەرت ئەو پیاوە بناسیت کە ناوی موحەمەده). ئەم بڵاوکراوەیە مەبەست و ئامانجیان بانگەشە و بڵاوکردنەوەی ئیسلام بوو لە ئامریکادا، جا دوای خوێندنەوەی ئەم بابەتە بە پێویستم زانی ئەم لێکۆڵینەوەیە بنووسم، تاوەك وێنەیەکی ڕاست و ڕەوان دەربارەی موحەمەد و مەسیح پێشکەشی خوێنەران بکەم.

سەرچاوەکان کە بۆ ئەم بابەتە سوودم لێوەرگرتوون بریتین لە: قورئان و تەورات و ئینجیل و هەندێك جاریش گەڕاومەتەوە بۆسەر حەدیس و تەفسیرەکانی قورئان کە لەلایەن زانایانی ئیسلامەوە ڕاڤەکراون، بە هەموو سەرڕاستیەکەوە دەڵێم: من قورئانم بەکارهێناوە وەك سەرچاوەیەك، چونکە قورئان ئەو پەرتووکەیە کە ئیسلامەکان باوەڕیان پێی هەیە، جا من کە ئەم لێکۆڵینەوە پوختەیە پێشکەش دەکەم هیوادارم بتوانم دیمەنی ڕاستەقینەی موحەمەد و مەسیح بخەمە بەردەستی ئێوە، دیمەنێك کە دوور بێت لە پڕوپاگەندەی هەڵخەڵەتێنەر و دەرخستنی ڕاستی. ئامانجی من ڕێنیشاندانی هەموو خوێنەرێکی دڵسۆزە کە وێڵە و بە دوای زانینی ڕاستیدا دەگەڕێت. مەسیح لە ئینجیلی یۆحەننا٨: ٣٢ دەفەرموێت: ڕاستی دەناسن و ڕاستیش ئازادتان دەکات هەروەها لە مزگێنی یۆحەننا ١٠: ٩ - ١٠ فەرموویەتی: من ئەو دەرگایەم، ئەوەی لێم دێتە ژوورەوە، دەچێتە دەرەوە و لەوەڕگا دەدۆزێتەوە. دز نایەت تەنیا بۆ دزین و سەربڕین و لەناوبردن نەبێت، بەڵام من هاتووم هەتا ئەوان ژیانیان

هەبێت، ژیانێکی تێر و تەسەل. ئینجیل پێمان ڕادەگەیەنێت هەرکەسێك پێشبینی بکات دوایی مەسیح و ناوی ئەو شکۆدار نەکات دز و جەردەیە، بۆ دزین، سەربڕین، لەناوبردن و ئاژاوەگێڕی ناو خەڵك هاتووە.

من لێرەدا دیمەنێکی ڕاستەقینەم پێشکەش بە خوێنەر کردووە کە بە ئایەتی ئینجیل و دەقە قورئانیەکان سەلمێنراوە، جا دووا بڕیار دادەنێم بۆ خوێنەری بەڕێز، چونکە ئەو تەنیا حسابی خۆی دەبێت بخاتە بەردەم پەروەردگاری مەزن.

٢ / ١٢ / ١٩٩٣ سەمعان ئەلقەیرەوانی

# بەشی یەکەم

## لە پەڕتووکی پیرۆزدا هیچ پێشبینییەك دەربارەی موحەمەد نییە وە لە قورئانیشدا هیچ باسی بن و بنەچەی ئەو نەکراوە

لە قورئان و ئینجیلدا دەربارەی موحەمەد تەنیا یەك پێشبینی بەدی ناکرێت، وە قورئانیش باسی ئەسڵ و ڕەسەنی ناکات. بەڵام بەشی کۆنی پەڕتووکی پیرۆز بە دەیان پێشبینی تێدایە دەربارەی مەسیح هەروەها ئینجیل و قورئان باسی ئەسڵ و ڕەسەنی ئەویان کردووە.
بەشی کۆنی پەڕتووکی پیرۆز پێشبینی زۆری کردووە دەربارەی هەموو شتێك کە پەیوەندی بە ژیانی مەسیحەوە هەیە. بۆ نموونە باسی لە دایك بوونی کردووە لە داوێن پاکێك (ئیشەعیا ٧: ١٤) ، لە دایك بوونی لە شارۆچکەی بەیت لەحمی یەهودا (میخا ٥: ٢)
هەروەها باسی لە مردن و لە خاچدانی (زەبور ٢٢: ١٦) ناشتنی لە گۆڕی پیاوێکی دەوڵەمەندا(ئیشەعیا ٥٣: ٩) هەستانەوەی لە نێو مردواندا (زەبور٦٨: ١٨) وە دووبارە گەڕانەوەی بۆ سەر ئەم زەوییە (زەکەریا ١٤: ٤).
بەڵام دەربارەی موحەمەد لە هەموو پەڕتووکی پیرۆزدا تاقە پێشبینییەك نابینین کە باسی هاتنی ئەو بکات. بۆیە ئێمە بایەخ نادەین بەوەی لە قورئاندا نووسراوە کەوا موحەمەد دوا پێغەمبەرە، وە هەرگیز شوێنی باوەڕ نییە ئەوەی زانا موسڵمانەکان بانگەوازی پێدەکەن کە پەڕتووکی پیرۆز پێشبینی لە هاتنی موحەمەد کردووە بە تایبەتی زانای ئیسلام (ئیبن تیمیە) خاوەنی پەڕتووکی وەڵامێکی ڕاست بۆ

ئەو کەسانەی ئاینی خۆیان گۆڕیوە و بوون بە مەسیحی).
ئینجا دوای ئەو چەند کەسێك هاتوون کە لەوەوە وەریان گرتووە یان لەسەر هەمان ڕێگە دەڕۆن هەوڵیان داوە بە نەزانینێکی زۆر ئاشکرا، ئەوەی لە پەڕتووکی پیرۆزدا دەربارەی مەسیح یان ڕۆحی پیرۆز پێشبینی کراوە بەسەر موحەمەددا بیگونجێنن.
شوێنی پێکەنینە ئیبن تیمیە ووشەکانی زەبور ٨٤: ٥- ٦ بەم شێوەیە ڕوون دەکاتەوە کاتێك داود دەفەرموویت: خۆزگە دەخودازرێت بەوانەی هێزیان لە تۆوەیە، بە خۆشییەوە حەز دەکەن بچنە پەرستگاکەت. کاتێك بەناو دۆڵی گریاندا دەڕۆن، دەیکەن بە کانیاو. دۆڵی گریان کە بە عەرەبی پێی دەووترێت ( وادی البکاء) ئیبن تیمیە دەڵێت: لە مەککەوە هاتووە. جا ئێمە نازانین ووشەی (البکاء) چ پەیوەندییەکی بە مەککەوە هەیە؟ هەروەها لێرەدا نەزانینی (ئیبن تیمیە) لەوەدا دەردەکەوێت کە نازانێت ئەو ووشانەی داود پێغەمبەر لە زەبوری٨٤: ٥- ٦ فەرموویەتی پێشبینی نییە، بەڵکو باسی ئەو باوەڕدارانە دەکات کە پشت بە یەزدان دەبەستن و لەسەر ڕاسپاردەکانی دەڕۆن. ئەو کەسانە گەر بە دۆڵی گریاندا رۆیشتن واتە دۆڵی خەفەت و ئازار دەیکەن بە کانی دڵدانەوە و ئاشتی. جا لێرەدا (ئیبن تیمیە ) یاری کردووە بە دەنگی ووشەکان، ئەمەش بریتییە لە سەر لێتێکدان و هەڵخەڵەتاندن کە شوێنی گاڵتە پێکردنی زانا مەسیحیەکانە.
موحەمەد پێغەمبەرێك نەبووە وەك موسا، جیاوازی لە نێوان موسا و موحەمەد دا ئەوەیە کە موسا هەموو دانایی میسری هەبوو بەڵام موحەمەد کابرایەکی کۆچەری نەخوێندەواری نەزان بوو.

موحەمەد ئەو رۆحە پیرۆزە نییە کە مەسیح پەیمانی بە قوتابیەکانی داوە بۆیان بنێرێت، جا گەر موحەمەد ڕۆحی پیرۆز بوایە ئەوسا ئەو دەبوو بە نێردراوی مەسیح نەك نێردراوی یەزدان، چونکە ڕۆحی پیرۆز مەسیح ناردویەتی. سەیری یۆحەننا ١٦: ٧ بکە. ئەوەی ئاشکرایە موحەمەد نێردراوی مەسیح نەبووە بەڵکو دژی مەسیح بووە.
ئەوەی زانا موسڵمانەکان نایزانن ڕۆحی پیرۆز بەڕاستی لە ڕۆژی پەنجاهەمیندا بەسەر قوتابییەکاندا هاتە خوارەوە (واتە پەنجا ڕۆژ دوای لە خاچدان و مردنی عیسا) ، لە کاتێکدا موحەمەد دوای مەسیح بە زیاتر لە شەش سەد ساڵ هاتووە. هەروەها هیچ نیشانەیەك نییە بۆ موحەمەد لە پێشبینی حەبەقوق پێغەمبەردا(٣: ٣ و ٤) کە دەفەرموویت: یەزدان لە تیمانەوە هاتووە پیرۆزیش لە چیای فاران. لێرەدا یەزدان و پیرۆز هەرگیز مەبەست لە موحەمەد نییە. پێش موحەمەد بە هەزار ساڵ بەشی کۆنی پەڕتووکی پیرۆز هەبووە، هەروەها بەشی تازەی پەڕتووکی پیرۆزیش زیاتر لە شەش سەد ساڵ پێش ئەو هەبووە، بەڵام هیچیان پێشبینی ئەویان نەکردووە.
پەرتووکی پیرۆز دەست نیشانی ئەوە دەکات و هیچ ڕێگە بە گومان نادات کەوا مەسیح دوا پەیامی ئاسمانە بۆ هەموو دانیشتوانی سەر زەمین.
نووسەری نامەی عیبرانییەکان دەڵێت: یەزدان لەسەردەمی کۆندا چەند جارێك بە ڕێگای جۆراوجۆر بەهۆی پێغەمبەرانەوە لە گەڵ باوباپیرانماندا دووا. بەڵام ئێستا لەم سەردەمەی دواییدا بەهۆی ڕۆڵەکەی لەگەڵماندا دووا، ئەوەی یەزدان کردوویەتی بە میراتگری هەموو شتێك و بە هۆی ئەوەوە هەموو جیهان دروست بووە. عیبرانییەکان ١: ١

و ٢، ئەم شتە ناچێت بە مێشك و هزری مرۆڤدا کە بووترێت پاش ئەوەی یەزدان دووا و دەرکەوت بەهۆی ڕۆڵەکەیەوە، دوایی یەکێك لە مرۆڤەکانی بنێرێت. هەروەها عیسای مەسیح هەواڵی نەداوە بە قوتابیەکانی کە دوای خۆی پێغەمبەرێك دێت، بەڵکو فەرموویەتی: (دڵتەنگ مەبن، ئێوە باوەڕتان بە خودا هەیە، کەواتە باوەڕیش بە من بکەن. لە بارەگای باوکمماڵی زۆری لێیە، گەر وا نەبوایە، پێم نەدەووتن: من دەڕۆم بۆ ئەوێ، تا شوێنتان بۆ ئامادە بکەم، دوای ئەوەی کە ڕۆیشتم و شوێنم بۆ ئامادە کردن ئەوسا دەگەڕێمەوە بۆ لاتان و لەگەڵ خۆم دەتان بەم، تاوەکو ئێوەش لەو شوێنە بن کە منی لێدەبم. یۆحەننا ١٤: ١- ٣. وە لە بینینی یۆحەننا ٢٢: ١٢ نووسراوە: (ئەوەتا من بە پەلە دێم و پاداشتی خۆم پێیە، بۆ ئەوەی پاداشتی هەرکەسێك بەپێی کارەکەی بدەمەوە). جا بەم ووشانە عیسای مەسیح دەرگا بە ڕووی ئەو کەسانەدا دادەخات کە خۆیان ناوناوە پێغەمبەر یاخود نێردراو. ئەو هات لەو کاتەی دیاری کرابوو، هەروەها لە داهاتووشدا دەگەڕێتەوە.

قورئان هیچ شتێکی دەربارەی لە دایك بوونی موحەمەد نەووتووە یان ئەو هۆزەی کە لێی لە دایك بووە، وە باسی نەکردووە چۆن مردووە. ئەمەش شتێکی نائاساییە دەربارەی یەکێك گەر پێغەمبەر و نێردراو بێت. تەنیا دەقی قورئانی کە باسی گەنجێتی موحەمەد دەکات سورەتی الضحی ٦ و ٧

الَمْ يجدْكَ يتيما فَئَاوَىٰ (٦) وَوَجَدَكَ ضَآلا فَهَدَىٰ (٧)

واتە: *(٦) ئایا نەیبینیت بە هەتیوی و لانەی بۆ سازاندیت و حەواندیتیەوە؟ (٧) دۆزیتیەوە بە وونبوویی، هیدایەتی دایت و ڕێنمایی کردیت؟!*

بەڵام، پەڕتووکی پیرۆز بە دوورو درێژی باسی مەسیحی کردووە کە لە هۆزی یەهوزایە و لە نەوەی داود پاشاوە دێت. وە لە داوێن پاکێك لە دایك دەبێت کە هیچ پیاوێك نەهاتووە بەلایدا، لە بەیت لەحم لەدایك دەبێت، لە خاچ دەدرێت و دەبێت بە قوربانی لە پێناوی گوناهی مرۆڤدا، وە لە گۆڕی پیاوێکی دەوڵەمەنددا دەنێژرێت و لە نێو مردواندا هەڵدەستێتەوە و پاشان بەرزدەبێتەوە بۆ ئاسمان، وە جارێکی تر دەگەڕێتەوە بۆ سەر زەوی ئەم پێشبینیانە دڵنییامان دەکاتەوە مەسیح زۆر دەگمەن بووە، لە کەسایەتی و ڕاستی پەیامەکەیدا. وە قورئانیش بە درێژی باسی لە دایك بوونی مەسیح لە مریەمی داوێن پاك دەکات، ئەوەی تاقە ژنە کە قورئان ناوی هێناوە. هەروەها قورئان وتویەتی: کە مەسیح بێ گوناه لە دایك دەبێت. پیرۆز دەبێت بە درێژایی ژیانی لەسەر زەوی، وە دەمرێت و زیندودەبێتەوە لە نێو مردواندا. ئەمەش لە سورەتی مەریەم ١٦ – ٣٣ باسکراوە :سُوْرَةُ مَريَم

وَٱذۡكُرۡ فِى ٱلۡكِتَـٰبِ مَرۡيم اذ ٱنتَبَذتۡ مِنۡ اهۡلهَا مَكَانًا شَرۡقِيا (١٦) فَٱتَّخَذتۡ مِن دُونِهِمۡ حِجَابًا فَارۡسَلۡنَآ اليهَا رُوحَنَا فَتمَثل لهَا بَشَرًا سَوِيا (١٧) قَالتۡ انِّىٓ اعُوذ بِٱلرَّحۡمَـٰنِ مِنكَ ان كُنتَ تَقِيا (١٨) قَال انَّمَآ انَا رَسُولَ رَبِّكِ لاهَبَ لكِ غُلَـٰمًا زَكِيا (١٩) قَالتۡ انَّىٰ يكونُ لى غُلَـٰمٌ وَلمۡ يمۡسَسۡنِى بَشَرٌ وَلمۡ اكُ بَغِيا (٢٠) قَال كَذأَلكِ قَال رَبُّكِ هُوَ عَلىَّ هَينٌۖ وَلنَجۡعَلهُ ۥۤ ءَايه للنَّاسِ وَرَحۡمَه مِّنَّاۚ وَكَانَ امۡرًا مَّقۡضيا (٢١) فَحَمَلَتۡهُ فَٱنتَبَذتۡ بِهِۦ مَكَانًا قَصيا (٢٢) فَاجَآءَهَا ٱلۡمَخَاض الىٰ جِذۡعِ ٱلنَّخۡلة قَالتۡ يَـٰليتَنِى مِتُّ قَبۡل هَـٰذا وَكُنتُ نَسۡيا مَّنسِيا (٢٣) فَنَادَىٰهَا مِن تَحۡتِہَآ الا تَحۡزَنِى قَدۡ جَعَل رَبُّكِ تَحۡتَكِ سَرِيا (٢٤) وَهُزِّىٓ اليكِ بِجِذۡعِ ٱلنَّخۡلة تُسَـٰقِط عليك رُطَبا جَنِيا (٢٥) فَكُلى وَٱشۡرَبى وَقَرِّى عينًاۖ فَامَّا تَرَين مِنَ ٱلۡبَشَرِ احَدًا فَقُولىٓ انِّى نَذرۡتُ للرَّحۡمَـٰنِ صوۡمًا فَلَنۡ اكَلمَ ٱلۡيوۡمَ انسِيا (٢٦) فَاتَتۡ بِهِۦ قَوۡمَهَا تَحۡمِلهُ ۥۖ قَالوا يَـٰمَرۡيم لقَدۡ جِئۡتِ شَيۡـًٔا فَرِيا (٢٧) ياخۡتَ هَـٰرُونَ مَا كَانَ ابُوكِ ٱمۡرَا سَوۡءٍ وَمَا كَانَتۡ امُّكِ بَغِيا (٢٨) فَاشَارَتۡ اليهِۖ قَالوا كيف نُكَلمُ مَن كَانَ فِى ٱلۡمَهۡدِ صبِيا (٢٩) قَال انِّى عَبۡدُ ٱللهِ ءَاتَىٰنِىَ ٱلۡكِتَـٰبَ وَجَعَلنِى نَبِيا (٣٠) وَجَعَلنِى مُبَارَكًا اين مَا كُنتُ وَاوۡصنِى بِٱلصلوٰة وَٱلزَّكَوٰة مَا دُمۡتُ حَيا (٣١)

وَبَرًّۢا بِوَٰلِدَتِي وَلَمۡ يَجۡعَلۡنِي جَبَّارًا شَقِيا (٣٢) وَٱلسَّلَـٰمُ عَلَيَّ يَوۡمَ وُلِدتُّ وَيَوۡمَ اَمُوتُ وَيَوۡمَ اُبۡعَثُ حَيا .

واتە: *( ١٦ ) باسی بەسەرهاتی مەریەم بکە، کاتێك کەنارگیری کرد لە کەسوکاری و شوێنێکی لە ڕۆژهەڵاتی هەڵبژارد ( ١٧ ) ئینجا لەنێوان خۆی و ئەواندا پەردەیەکی ڕایەڵ کرد، ئێمەش ڕۆحی خۆمان نارد بۆلای وەکو بەشەرێکی تەواو . ( ١٨ ) مەریەم وتی: بەڕاستی من پەنا دەگرم بە خودای میهرەبان لە تۆ ئەگەر کەسێکی بە تەقواو لەخوداترس بیت. ( ١٩ ) وتی: من تەنها نێردراوی پەروەردگاری تۆم، منداڵێکی خاوێنت پێدەبەخشم. ( ٢٠ ) مەریەم وتی: من منداڵم دەبێت، لەکاتێکدا هیچ بەشەرێك توخنم نەکەوتووە و داوێن پیسیش نەبووم.( ٢١ ) هەروەها وتی: پەروەردگارت دەفەرموێت: ئەوکارە لای من ئاسانە، بۆ ئەوەی بیکەمە موعجیزەیەک بۆ خەڵکی و ڕەحمەتێکی تایبەتیش بێت لەلایەن ئێمەوە، ئیتر ئەو کارەش بڕیاری لەسەر دراوە و بڕاوەتەوە. ( ٢٢ ) سکی پڕ بوو، بەرەو شوێنێکی دوور ڕۆیشت.( ٢٣ ) ژان گرتی و بردی بۆ لای قەدی دارخورمایەك،مەریەم ووتی: پێش ئەمە بمردمایەو منیش ئێستا فەرامۆش و لەبیرچووبومەوە. (٢٤) لە ژێریەوە بانگی کردو وتی خەفەت مەخۆ، ئەوەتە پەروەردگارت لە ژێرتەوە جۆگەلەیەکی دروست کردووە.( ٢٥) ئەو دارخورمایەش کەمێك ڕاوەشێنە خورمای گەییوت بەسەردا دەبارێنێت.(٢٦) ئینجا بخۆ و بخۆرەوە، خەمیشت نەبێت، ئەگەر کەسێکت لە خەڵکی بینی پێی بڵێ: من نەزرم کردووە بە ڕۆژوو بم بۆ خودای میهرەبانم، لەبەر ئەوە ئەمڕۆ من هەرگیز قسە لەگەڵ کەسدا ناکەم. ( ٢٧ ) ئەوسا مەریەم هەڵیگرت و بردی بۆ لای گەلەکەی، ئەوانیش وتیان: ئەی مەریەم شتێکی زۆر خراپت ئەنجام داوە . ( ٢٨ ) ئەی خوشکی هاروون تۆ نە باوکت کەسێکی خراپ ونە دایکیشت ئافرەتێکی داوێن پیس! ( ٢٩ ) ئاماژەی بۆ کرد و وتیان: چۆن قسە لەگەڵ منداڵی ناو بێشکەدا بکەین. ( ٣٠) وتی: بەڕاستی من بەندەی خودام، پەڕتووکی پێ بەخشیووم و کردوومی بە پێغەمبەر. ( ٣١ ) موبارەك و پیرۆزیشی کردووم لە هەر کوێدا بم و ئامۆژگاری کردووم بە نوێژ کردن و زەکاتدان هەتا لە ژیاندا هەم. ( ٣٢ ) هەروەها چاك ڕەفتار بم لەگەڵ دایکم دا و نەیکردووم بەکەسێکی زۆرداو بەدرەفتار. ( ٣٣ ) ئاشتی لەسەر ئەو ڕۆژەی کە لەدایک بووم و ئەو ڕۆژەش کە دەمرم، ئەو ڕۆژەش کە زیندوو دەکرێمەوە.*

لێرەدا دەبێت بڵێین ئەوەی قورئان باسی دەکات هەڵەیە کاتێك بە مریەمی دایکی عیسا دەڵێت(خوشکی هارونە).

چونکە مریەمی خوشکی هارون لە هەمان کاتدا خوشکی موسا پێغەمبەرە، کە پێش مریەمی دایکی عیسا بە سەدانساڵ ژیاوە. لەم بارەیەوە لە دووەم پەڕتووکی موسا ١٥:  ٢٠- ٢١ نووسراوە: مریەمی پێغەمبەر کە خوشکی هارون بوو دەستی دایە دەف و هەموو ژنانیش بە دەف و سەماوە دوای کەوتن، ئەویش وەڵامی دەدانەوە ستایشی یەزدان بکەن، چونکە هەر ئەو بوو شکۆ و گەورەیی خۆی سەلماند، ئەسپ و سوارەکانی فڕێ دایە ناو دەریاوە.

ئەو دەقە قورئانیەی کە لە پێشەوە باسمان کرد دان بە پاکی مەسیحدا دەنێت هەرلە لە دایك بوونیەوە، کاتێك کە دەڵێت منداڵێکی پاکت پێ دەبەخشم. هەروەها دانی بەوەدا ناوە کە دەمرێت و لە نێو مردووواندا زیندوو دەبێتەوە، وە کاتێکك دەڵێت عیسا نیشانەیەکە بۆ خەڵکی و بەزەییە لە یەزدانەوە، بەڕاستی بەزەیی یەزدان لە ئەودا دەرکەوت بە مردنی لەسەر خاچ لە پێناوی گوناهباراندا.

جا شتێکی سەیرە کەوا قورئان ئینکار لە مردنی مەسیح لەسەر خاچ دەکات، هەرچەندە دان بە ڕاستی مردن و ڕاستی هەستانەوەی لە نێو مردوواندا دەنێت. بەڵام ئەمە حاڵی قورئانە کەوا شتی ناڕاست دەخاتە سەر پەڕتووکی پیرۆز. وە هەروەها نکوڵی لە ڕاستی لە خاچدانی مەسیح دەکات کە خۆی کرد بە قوربانیی لە پێناوی گوناهباراندا، ئەو ڕاستییەی کە تەنیا هیوای گوناهبارانە.

## بــەشی دووەم

## ژیانی موحەمەد بەو شێوەیەی قورئان باسی دەکات، پەڵەی گوناهو تـاوانی پێوە دیـارە

قورئـان دان بـەوەدا دەنێت کـە موحـەمـەد مـاوەیـەك لـە ژیانیدا لـەژێر قورسایی گوناهو گومراییدا ژیاوە، وە بـێ هـەڵـە نـەبووە، بـەڵـکو تـاوان و گـونـاهـی زۆری کـردووە، یـەزدان پـێـی ووتـوە داوای لێخۆشبوون لـە گـونـاهـە زۆرەکـانـی بکات. لـە هـەمـان کـاتـدا پـەڕتـووکـی پـیـرۆز پـاکـێـتـی و بـێـتـاوانـی مـەسیح لـە ژیـانـیدا دەست نیشان دەکات

دەربـارەی هـەسـت کـردنـی موحـەمـەد بـە قـورسـایـی گـونـاه لـە ژیـانـیدا قـورئـان ووتـویـەتـی: الم نشْرَحْ لكَ صدْرَكَ، وَوَضعْنَا عَنكَ وِزْرَكَ. (سورة الشرح ۱- ۲)

واتە: ( ۱ ) *ئایا سینەمان گوشادو ئاسوودە نەکردیت.* ( ۲ ) *گوناهەمان لەسەر شانی تۆ لانەبرد.*

ووشەی (وزر) لە قورئاندا بە واتای گوناه یا هەڵە دێت.

هـەروەهـا لـە سـورەتـی النّحل ۲۵ دا نـووسـراوە: گـونـاه بـە شێوەیـەك بـاری سـەر شـانـی موحـەمـەدی قـورس کـردبـوو کـە دەنگی نـاڵانـدنـی دەبـیـسـترا. وە دەربـارەی گـومـڕایـی موحـەمـەد لـە ژیـانـیدا قـورئـان ووتـویـەتـی: أَلَمۡ يَجِدۡكَ يَتِيمًا فَـَٔاوَىٰ (٦) وَوَجَدَكَ ضَآلاًّ فَهَدَىٰ (٧)(سُوْرَةُ الِضُّحىٰ) وە لە سورەتی الفَاتِحَة دا نووسراوە: ٱهۡدِنَا ٱلصِّرَٰطَ ٱلۡمُسۡتَقِيمَ (٦) صِرَٰطَ ٱلَّذِينَ أَنۡعَمۡتَ عَلَيۡهِمۡ غَيۡرِ ٱلۡمَغۡضُوبِ عَلَيۡهِمۡ وَلَا ٱلضَّآلِّينَ (٧)

واتە: *( ٦ ) ڕێنمایمان بکە بۆ ڕێگای ڕاست. ( ٧ ) ڕێگای ئەوانەی لە نیعمەتی خۆت دانێ، نەوەك ئەوانەی قینیان لێگیراوە هەروەها ئەوانەش کە سەرگەردان و گومڕان .*

شێخ حـەسـەنـین موحـەمـەد مـەخـلوف کـە موفـتـی جـارانـی ئـەلـدیاری میسری بووە دەربارەی ئـەم دەقـە قورئـانـیـە دەڵێت:

ٱلۡمَغۡضُوبِ عَلَيۡهِمۡ مەبەست لە (جولەکەکانە) و ٱلضَّآلِّينَ مەبەست لە(نەسرانیەکانە) کە لە گومراییدان. کەچی خودا دووپاتی ئەوە دەکاتەوە کە موحەمەد گومڕایە، جا ئایا ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە موحەمەد نەسرانی بووە ؟

ئەوەی گومانی تێدا نییە موحەمەد ماوەیەك لە ژیانیدا بە گومڕایی ژیاوە، دەربارەی (رجز) لە ژیانی موحەمەد دا قورئان ووتویەتی: يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡمُدَّثِّرُ (١) قُمۡ فَأَنذِرۡ (٢) وَرَبَّكَ فَكَبِّرۡ (٣) وَثِيَابَكَ فَطَهِّرۡ (٤).وَٱلرُّجۡزَ فَٱهۡجُرۡ (٥) (سُوۡرَةُ المدَّثِّر ١ - ٥ ).

واتە: ( ١ ) ئەی ئەو کەسەی خۆت پێچاوەتەوە، ( ٢ ) هەستەو بێداربکەرەوە.

( ٣ ) گەورەیی بدە بە پەروەردگارت. ( ٤ ) پۆشاکت (دڵ و دەروونت) خاوێن بکەرەوە. ( ٥ ) وازبهێنە لە گوناه.

شێخ حەسەنین موحەمەد مەخلوف ئەندامی کۆمەڵەی گەورە زانایانی ئیسلام. ئەم دەقە قورئانیە وا ڕوون دەکاتەوە و دەڵێت: وَثِيَابَكَ فَطَهِّرۡ مەبەست لە پاککردنەوەی دەرونە لە خراپە وَٱلرُّجۡزَ فَٱهۡجُرۡ مەبەست لە وازهێنانە لەو گوناهانەی شایانی ئازاردانە.

جا بەمانەدا بۆمان دەردەکەوێت موحەمەد پێویستی بە پاکبوونەوە هەبووە. وە لەو گوناهانەدا ژیاوە کە شایانی سزادانە بۆیە خودا داوای لێکردووە وازیان لێبهێنێت وەك قورئان ووتویەتی دەربارەی ئەو هەڵە و گوناهانەی موحەمەد بە درێژایی ژیانی کردوویەتی، پێویستی بە ڕۆیشتن لەسەر ڕێگەی ڕاست و داوا کردنی لێخۆشبوون هەبووە.

قورئان دەڵێت: إِنَّا فَتَحۡنَا لَكَ فَتۡحًا مُّبِينًا (١) لِّيَغۡفِرَ لَكَ ٱللَّهُ مَا تَقَدَّمَ مِن ذَنۢبِكَ وَمَا تَأَخَّرَ وَيُتِمَّ نِعۡمَتَهُۥ عَلَيۡكَ وَيَهۡدِيَكَ صِرَٰطًا مُّسۡتَقِيمًا (٢).
(سُوۡرَةُ الفَتۡح: ١، ٢)

*(١) ئێمە سەرکەوتنێکی ئاشکرامان پێبەخشیت. ( ٢ ) تا الله لەهەموو گوناهەکانی ڕابوردوو ئایندەشت خۆش ببێت و بەخشینەکانی لەسەرت تەواو بکات و بتخاتەسەر ڕێگەی ڕاست و دروست.*

فَٱعۡلَمۡ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا ٱللَّهُ وَٱسۡتَغۡفِرۡ لِذَنۢبِكَ وَلِلۡمُؤۡمِنِينَ وَٱلۡمُؤۡمِنَٰتِۗ وَٱللَّهُ يَعۡلَمُ مُتَقَلَّبَكُمۡ وَمَثۡوَىٰكُمۡ (١٩) (سُوۡرَةُ محَمَّد ١٩)
واته: ( ١٩) *چاک بزانەو دڵنیابە جگە لە الله، هیچ خودایەکی ترنیە، داوای لێخۆشبوون بۆ گوناهەکانت بکە وە هەروەها بۆ ئیمانداران لە پیاوان و ئافرەتان ، الله دەزانێت لەرۆژدا بەچییەوە خەریکن و لەشەویشدا لەکوێ ئارام دەگرن.*

ٱسۡتَغۡفِرِ ٱللَّهَۖ انَّ ٱللهَ كَانَ غَفُورًا رَّحِيما(١٠٦).(سُوۡرَةُ النِّسَاء ١٠٦)
واته: ( ١٠٦) *ئەی محمد داوای لێخۆش بوون لە خودا بکە، چونکە ئەو لێخۆشبوو میهرەبانە.*

فَسَبِّحۡ بِحَمۡدِ رَبِّكَ وَٱسۡتَغۡفِرۡهُۚ انَّهُۥ كَانَ تَوَّابًا. (سُوۡرَةُ النّصر ٣)
واته: *( 3 ) تۆ سوپاس و ستایشی پەروەردگارت بکە و داوای لێخۆش بوونی لێ بکە، چونکە ئەو تۆبە وەرگرە.*
جا ئەمە ژیانی موحەمەد بووە کە پاك نەبووە لە هەڵە و گوناه وەك قورئان باسی لێوەکردووە زۆر جار ئەو لە ڕێگەی ڕاست لای داوە و پێویستی بە ڕێنیشاندان بووە بۆ ڕێگەی ڕاست و بۆ داواکردنی لێخۆشبوون. جا هەر کەسێك بڵێت موحەمەد بێکەموکوڕیی بووە هەڵەیەکی گەورە دەکات. چونکە بێ هەڵەیی ئەو لە قورئاندا باس نەکراوە.
بەڵام عیسای مەسیح: بەبێ گوناە لە دایك بووە، وەك یۆحەننای نێردراوی یەزدان ووتویەتی: ئێوە دەزانن عیسا کە نێرا بۆتان بۆ ئەوە بوو گوناهەکانتان لابەرێت هەرچەندە خۆی گوناهی تێدا نەبوو. هەروەها لە قورئاندا لە سورەتی مەریەم ١٩ نووسراوە: لِأَهَبَ لَكِ غُلَٰمًا زَكِيًّا (١٩) واته: *منداڵێکی خاوێنت پێدەبەخشم.*
عیسای مەسیح هیچ گوناهێکی نەزانیوە وەك پۆڵس ووتویەتی: لە پێناوی ئێمە ئەوی کرد بە گوناهبار، هەرچەندە گوناهی نەدەناسی، تا لە ئەودا بەشداری ڕاست و دروستی یەزدان بکەین. ٢ کۆرنسۆس ٥: ٢١، عیسا هیچ

گوناهێکی نەکردووە وەك پۆڵسی نێردراوی یەزدان ووتویەتی بۆیە مەسیح ئازاری چێشت لە پێناوی ئێوە و نموونەی بۆ بەجێهێشتن، تا دوای هەنگاوەکانی بکەون چونکە ئەو هیچ گوناهێکی نەکرد بوو، فرۆفێل لە لێوەکانی نەهاتبووە دەرەوە. ١پەترۆس ٢: ٢١ و ٢٢، عیسا پیرۆز و بێ خراپە و بێکەم و کووڕیی بووە، وەك نووسەری نامەی عیبرانییەکان دەڵێت: چونکە عیسا ئەو جۆرە کاهینە بوو کە پێویستمان پێیەتی، ئەوەی پیرۆز و بێ خراپە و بێ هەڵە بوو، لە گوناهباران جیا کرایەوە بۆ شوێنی شکۆ لە ئاسماندا. عیبرانیەکان ٧: ٢٦. ئەو هەرگیز داوای لێخۆشبوونی نەکردووە چونکە تاقە گوناهێکیشی نەکردووە. عیسای مەسیح کاتێك مرۆڤ بووە، لە هەموو گوناهو تاوان و هەڵەیەك پاکو بێگەرد بووە. لەبەرئەوە بەرەنگاری دوژمنەکانی بۆتەوە و فەرموویەتی: کامتان دەتوانن گوناهێکم لێ بدۆزنەوە؟ (یۆحەننا ٨: ٤٦). هەروەها کەس نەیتوانیوە تاوانێك بخاتە پاڵی. پیلاتۆسی والی رۆمانی، ئەوەی عیسای دایە دەستی جولەکەکان تا لەخاچی بدەن دەربارەی ئەو ووتی: من هیچ خراپەیەکی تێدا نادۆزمەوە (یۆحەننا ١٨: ٣٨). بێگوناهی تەنیا بۆ یەزدانە. عیسای مەسیحیش بێگەرد و پاك بوو لە گوناهو هەڵە، بە پێچەوانەی موحەمەدەوە کە لە گومڕاییدا ژیاوە، هەستی بە قورسایی گوناە کردووە نوقمی هەڵە و گوناهەکانی بووە.

## بەشی سێهەم

## قورئان ئاشکرای دەکات کە شەیتان دەورێکی گرنگی لە ژیانی موحەمەد دا هەبووە

شەیتان وای لە موحەمەد دەکرد کە ئایەتەکانی قورئانی لە بیربچێتەوە، بەوەی لە کاتێکدا قورئانی دەخوێندەوە شتێکی دەووت کە لە قورئاندا نەبوو، دوایی ئەویش بە ووتنی ئەو شتانە دڵتەنگ دەبوو. بەڵام عیسای مەسیح بە ووشەیەکی خۆی شەیتانی لە لەشی خەڵکیدا دەرکردووە، هەروەها دەسەڵاتیداوە بە نێردراوەکانی کە شەیتان دەربکەن و شەیتان هیچ دەستەڵاتێکی نەبێت بەسەر ژیانیاندا.

ئەوەی دەیسەلمێنێت کە شەیتان ئایەتەکانی قورئانی لە بیر موحەمەد بردبێتەوە لەم دەقە قورئانیەدا دەردەکەوێت:
وَإِذَا رَأَيۡتَ ٱلَّذِينَ يَخُوضُونَ فِيٓ ءَايَٰتِنَا فَأَعۡرِضۡ عَنۡهُمۡ حَتَّىٰ يَخُوضُواْ فِي حَدِيثٍ غَيۡرِهِۦۚ وَإِمَّا يُنسِيَنَّكَ ٱلشَّيۡطَٰنُ فَلَا تَقۡعُدۡ بَعۡدَ ٱلذِّكۡرَىٰ مَعَ ٱلۡقَوۡمِ ٱلظَّٰلِمِينَ (٦٨). (سُوۡرَةُ الأنعَام ٦٨)

واتە: (٦٨) *کاتێك ئەوانەت بینی کە دەم لە ئایەتەکانی ئێمەوە دەدەن، ئەوە تۆ پشتیان تێ بکە هەتا ئەو کاتەی دەچنە ناو باسێکی ترەوە، ئەگەر شەیتان لە بیری بردیتەوە ئەوە دامەنیشە تا بە بیرت دێتەوە لەگەڵ قەومی ستەمکاران .*

موحەمەد فەرید وەجدی ئەم دەقە قورئانیە بەم شێوەیە ڕوون دەکاتەوە: گەر کەسانێکت بینی توانج دەگرنە ئایەتەکانمان و گاڵتەیان پێدەکەن، وازیان لێبهێنن هەتا بیروڕای خۆیان دەگۆڕن، گەر شەیتان ئەمەی لە یاد کردی، ئیتر دامەنیشە باسی ئەمە بکەیت لەگەڵ گەلی زۆرداردا. مەسحەفی موفەسیر لاپەڕە ١٧٣

هەروەها ئەو باسەی سەرەوە لە دەقێکی تری قورئاندا بە ئاشکرا دەردەکەوێت: وَمَآ أَرۡسَلۡنَا مِن قَبۡلِكَ مِن رَّسُولٖ وَلَا نَبِيٍّ إِلَّآ إِذَا تَمَنَّىٰٓ أَلۡقَى ٱلشَّيۡطَٰنُ فِيٓ أُمۡنِيَّتِهِۦ فَيَنسَخُ ٱللَّهُ مَا يُلۡقِي ٱلشَّيۡطَٰنُ ثُمَّ يُحۡكِمُ ٱللَّهُ ءَايَٰتِهِۦۗ وَٱللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٞ . (سُوْرَه الحَجّ ٥٢)

واتە: (٥٢) *پێش تۆ هیچ پێغەمبەرێك یان نێردراوێكمان ڕەوانە نەكردووە ئاواتی نەخواستبێت، بەڵام شەیتان خۆی خستۆتە ناو خوداستەكەیەوە، ئینجا الله یش ئەوەی شەیتان فڕێی داوەتە نا ئاواتەكەیەوە، سڕیویەتیەوە، لەوەودوا الله ئایەت و فەرمانەكەی خۆی چەسپاو دامەزراو كردووە، الله خۆی زاناو دانایە .*

ئیبن عەباس و هەموو توێژەرەوە ئاینییەکانی ئیسلام لەسەر ئەم دەقە قورئانیە ووتویانە: (کاتێك موحەمەد بینی میللەتەکەی وازیان لێهێناوە و لێی هەڵگەڕاونەتەوە، لە دڵی خۆیدا هیوای ئەوەی دەخوداست کە شتێکی لە یەزدانەوە بۆ بێت تاوەکو نزیکی بخاتەوە لە گەلەکەی، چونکە بە پەرۆشەوە بوو بۆ باوەڕیان. ڕۆژێکیان لە نێو ئاپۆڕەی کۆڕێکی قورەیشیدا بوو سورەتی نەجمی بۆ هاتە خوارەوە، خوێندییەوە هەتا گەیشتە ئەو شوێنەی کە دەڵێت : ( لَقَدۡ رَأَىٰ مِنۡ ءَايَٰتِ رَبِّهِ ٱلۡكُبۡرَىٰٓ (١٨) أَفَرَءَيۡتُمُ ٱللَّٰتَ وَٱلۡعُزَّىٰ (١٩) وَمَنَوٰةَ ٱلثَّالِثَةَ ٱلۡأُخۡرَىٰٓ (٢٠)، (سُوْرَةُ النّجم ١٨ ــ ٢٠)

واتە: ( ١٨) *ئایەتە گەورەكانی پەروەردگاری بینی.* ( ١٩ ) *ئێوە لات و عوزا تان بینی.* ( ٢٠ ) *وە هەروەها مەناتی سێهەمیش*

دەبینرێت لێرەدا ئەوەی موحەمەد ئاواتەخودازی بوو، شەیتان خستییە سەر زمانی. ئینجا ووتی: (تلك الغرانیق العلی. وان شفاعتهن لترتجی.) واتە: ئەو خاوەن شکۆ جوان و سپیانە، شەفاعەتیان وەردەگیرێت.

الغرانیق العلی (کە مەبەست لە بتی قورەیشیەکان بووە) بە واتای جوان وسپی و خاوەن شکۆ دێت.

جا کاتێك قوریشییەکان گوێیان لەمە بوو دڵشاد بوون، ئیتر موحەمەد بەردەوام بوو لەسەر خوێندنەوەکەی و هەموو

سورەتەکەی خوێندەوە، کە تەواو بوو کڕنووشی بۆ یەزدان برد ئینجا هەرچییەك لە موسڵمان و کافران لە مزگەوتەکەدا بوون هەموویان کڕنووشییان بۆ یەزدان برد، دوایی قوریشییەکان بە دڵشادییەوە ئەوێیان بەجێهێشت چونکە موحەمەد باسی بتەکانییانی بە شکۆداری کردبوو، ووتیان: موحەمەد بە باشترین شێوە باسی بتەکانی ئێمەی کردووە، ئینجا ووتیان: ئێمە زانیمان کەوا یەزدان ژیان دەبەخشێت و ژیان وەردەگرێتەوە و ڕزق دەدات بەڵام بتەکانمان شەفاعەتمان بۆ دەکەن لای ئەو، جا گەر ئەو حسابی بۆ بتەکانمان کردبێت ئێمە لەگەڵیدا دەبین. پاشان موحەمەد هەستیکرد، جوبرائیل هات بۆلای و پێی ووت: ئەی موحەمەد چیت کرد؟ ئەوەت خوێندەوە بۆ خەڵکی کە لە خوداوە نەبوو ! ئەوسا موحەمەد زۆر دڵگران بوو وە زۆر ترسا بەرامبەر بە خودا، دوایی خودا ئەم ئایەتەی بۆ ناردە خوارەوە: وما ارسلنا من قبلك من رسول ولا نبی الا اذ اتمنی القی الشیطان فی امنیته (البخاری جزء ٣ لاپەرەی ١٠٩)، شەیتان بەشێوەیەك موحەمەدی تووشی واسواسی و دڵەراوکێ کردووە، تەنانەت کاری کردۆتە سەر هزر و بیرووبۆچوونی، ئەوەش لەم دەقە قورئانیەدا دەردەکەوێت سورەتی ئەعراف ٢٠٠ (وَإِمَّا يَنزَغَنَّكَ مِنَ ٱلشَّيۡطَٰنِ نَزۡغٞ فَٱسۡتَعِذۡ بِٱللَّهِۚ إِنَّهُۥ سَمِيعٌ عَلِيمٌ (٢٠٠).

واتە: *( ٢٠٠) ئەگەر تووشی وەسوەسە هاتی لەلایەن شەیتانەوە، تۆ پەنا بگرە بە خودا، ئەو بیستەر و زانایە.*

وَإِمَّا يَنزَغَنَّكَ (بە واتای تووش هاتی) مِنَ ٱلشَّيۡطَٰنِ نَزۡغٞ (لە شەیتان واسواسی، بەواتای گەر لە شەیتان تووشی واسواسی هاتی) فاستعز بالله انه سمیع علیم. شەیتان واسواسی خستبووە دڵی موحەمەدەوە بە بیری خراپە.

بەڵام عیسای مەسیح، زۆر بە ئاشکرا ئەم دەستەواژەیەی بەکارهێناوە، کە شەیتان هەرگیز نەیتوانیوە هیچ کارێك بکاتە سەری. لەو بارەیەوە بە قوتابیەکانی فەرمووە: (ئیتر لەمەولا زۆر قسەتان لەگەڵدا ناکەم، چونکە گەورەی ئەم جیهانە (واتە شەیتان) وا دێت و هیچ دەسەڵاتێکی بەسەر مندا نییە) یۆحەننا ١٤: ٣٠

بەڵام کاتێکك عیسا فەرمانی دەدا بە رۆحە پیسەکان لە خەڵکی بێنە دەرەوە، یەکسەر دەهاتنە دەرەوە و ملکەچی فەرمانەکەی دەبوون. هەروەها چەندین ڕۆحی پیسی لە پیاوێکی شێت دەرکرد ئینجیلی مەرقۆس ٥: ١ تا ١٦ ، لە مریەمی مەجدەلی حەوت شەیتانی دەرکردووە. لۆقا ٨: ٢، لەگەڵ ئەمانەشدا توانای بەهەموو نێردراوەکانی داوە کە دەستەڵاتیان بەسەر شەیتاندا هەبێت، کاتێك حەفتا پیاوەکەی کە ناردبوونی گەڕانەوە پێیان ووت: (گەورەم، تەنانەت رۆحە پیسەکانیش بە ناوی تۆوە ملکەچمانن.) لۆقا ١٠: ١٧ ئەویش پێی فەرموون: (شەیتانم دی وەك بروسکە لە ئاسمانەوە کەوتە خوارەوە) لۆقا ١٠: ١٨

پەرتووکی پیرۆز چەندین جار باسی ئەوە دەکات، کە عیسا شەیتانەکانی لە لەشی مرۆڤ دەرکردووە.

خوێنەری بەڕێز: خۆت بەشی تازەی ئینجیلی پیرۆز بخوێنەرەوە. بەشەکانی کرداری نێردراوان بۆی تۆمار کردووین چۆن نێردراوانی مەسیح شەیتانەکانیان بە ناوی مەسیحەوە لە لەشی خەڵکیدا دەرکردووە.

جا بەمەدا بۆمان دەردەکەوێت جیاوازییەکی گەورە هەیە لە نێوان مەسیح و موحەمەددا، ئەو موحەمەدەی کە جنۆکەکان گوێیان لە قورئانەکەی گرتووە، (سورەتی الجن) ئەوەی شەیتان ئایەتە قورئانیەکانی لە بیر بردۆتەوە، وە ئەو

ووشانەی خستۆتە سەر زمانی و پێی دوواوە کە لە وەحییەوە نەبووە و نەهاتووە. هەروەها واسواسی خستۆتە دڵیەوە، بەڵام مەسیح هەر لە کاتی لە دایك بوونییەوە شەیتان نەیتوانیوە بێت بەلایدا و کاری تێبکات. بەڵکو شەیتان ملکەچی فەرمانەکانی مەسیح بووە و توانای داوە بە نێردراوانی کە شەیتانەکان بە ناوی ئەوەوە دەربکەن.

# بەشی چوارەم

## قورئان دووپاتی دەکاتەوە کە شەفاعەتی موحەمەد قبوڵ نەکراوە

ئێمە بە پێویستی دەزانین یەکەم جار واتای شەفیع و شەفاعەت دیاری بکەین. لەگەڵ ئەو مەرجانەی کە دەبێت لە شەفیعدا هەبێت، پێش ئەوەی باسی ئەو دەقە قورئانیە بکەین کە دڵنیامان دەکاتەوە لەوەی شەفاعەتی موحەمەد پەسەند نەکراوە.

وووشەی شەفیع بە واتای ئەو کەسەی شەفاعەت دەکات، وە کردارەکەشی بریتییە لە شەفاعەت کردن، یان دەوترێت فلانە کەس دوژمنایەتیم لەگەڵ دەکات و شافیعێکی هەیە واتە یارمەتیدەرێکی هەیە یارمەتی دەدات لە دوژمنایەتی کردنیدا بەرامبەر بە من. هەروەها شەفاعەت بە واتای داواکردنی لێخۆشبوون بۆ تاوانبارێك، وە بەدەست هێنانی یارمەتیدان بۆی هەتا جارێکی تر نەگەڕێتەوە بۆ سەر تاوان کردن. جا ئەو مەرجانەی دەبێت لە شەفاعەتکاردا هەبێت ئەمانەن:

یەکەم: شەفاعەتکار دەبێت کەسێکی بە ڕەوشت و هەڵسوکەوت جوان و کردارەکانی چاك و پاك بێت.

دووەم: شەفاعەتی شەفاعەتکار لەلای یەزدان پەسەندە، قورئان ئەم مەرجەی لەم دەقە قورئانیەدا باسکردووە.

سورەتی بەقەرە ٢٥٥

ٱللَّهُ لَآ اِلَـٰهَ الا هُوَ ٱلۡحَىُّ ٱلۡقَيومُۚ لا تَأۡخُذهُۥ سِنَة وَلا نَوۡمۚ لهُۥ مَا فِى ٱلسَّمَـٰوَأتِ وَمَا فِى ٱلۡاَرۡض مَن ذا ٱلذى يشۡفَعُ عِندَهُۥ الا بِاذۡنِهِۦۚ.

واته: *(٢٥٥) الله زاتێکه جگه له ئەو هیچ الله یەکی ترنیە، ئەو هەمیشه زیندووه، نه وەنەوز دەیگرێت و نه خەو، هەرچی له ئاسمانەکان و هەرچی له زەویدا هەیه هەر ئەو خاوەنیانه، کێ یه ئەوەی تکا بکات له لای ئەو و بەبێ مۆڵەتی خۆی.*

هەروەها دەڵێت: انَّ رَبَّكُمُ ٱللهُ ٱلذی خَلقَ ٱلسَّمَـٰوَأتِ وَٱلارۡض فِی سِتَّه ایامٍ ثمَّ ٱسۡتَوَىٰ عَلى ٱلۡعَرۡشِۖ يدَبِّرُ ٱلۡامۡرَۖ مَا مِن شَفِيعٍ الا مِنۢ بَعۡدِ اذۡنِهِۦۚ ذٲلڪُمُ ٱللهُ رَبُّڪُمۡ فَٱعۡبُدُوهُۚ افَلا تَذكَّرُونَ (٣).(سُوۡرَةُ يُونس ٣)

واته: *(٣) پەروەردگاری ئێوه (الله) یه، ئەوەی که ئاسمانەکان و زەوی لەشەش ڕۆژدا دروست کردووه، لەوەودوا لەسەر تەختی فەرمانڕەوایی وەستا، هەموو شتێک ڕێك ئەخات، هیچ کەس نیه شەفاعەتکار بێت، مەگەر دوای مۆڵەتی خۆی، ئەو الله ی خوداتانه بیپەرستن، ئەی بۆ بیر ناکەنەوە؟ .!*

هەروەها قورئان دەڵێت: جگه له خودا کەس ناتوانێت شەفاعەت بکات. (سُوۡرَةُ السَّجدَة ٤)

ٱللَّهُ ٱلَّذِي خَلَقَ ٱلسَّمَـٰوَٲتِ وَٱلۡأَرۡضَ وَمَا بَيۡنَهُمَا فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ ثُمَّ ٱسۡتَوَىٰ عَلَى ٱلۡعَرۡشِۖ مَا لَكُم مِّن دُونِهِۦ مِن وَلِيٍّ وَلَا شَفِيعٍۚ أَفَلَا تَتَذَكَّرُونَ *(٤)*

واته: *(٤) الله که ئاسمانەکان و زەوی و هەرچی له نێوانیاندا هەیه له شەش ڕۆژدا دروستی کردووه، پاشان لەسەر تەختی فەرمانڕەوایی وەستا، جگه لەو کەس نیه پشتیوانیتان لێ بکات یان تکا کارتان بێت، ، ئەی بۆ بیر ناکەنەوە .*

وه له سورەتی ئەنعام ٧٠ دا هاتووه

وَذَرِ ٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُواْ دِينَہُمۡ لَعِبً۬ا وَلَهۡوً۬ا وَغَرَّتۡہُمُ ٱلۡحَيَوٰةُ ٱلدُّنۡيَاۚ وَذَڪِّرۡ بِهِۦۤ أَن تُبۡسَلَ نَفۡسُۢ بِمَا كَسَبَتۡ لَيۡسَ لَهَا مِن دُونِ ٱللَّهِ وَلِىٌّ۬ وَلَا شَفِيعٌ۬ وَإِن تَعۡدِلۡ ڪُلَّ عَدۡلٍ۬ لَّا يُؤۡخَذۡ مِنۡہَآۗ أُوْلَـٰٓٮِٕكَ ٱلَّذِينَ أُبۡسِلُواْ بِمَا كَسَبُواْۖ لَهُمۡ شَرَابٌ۬ مِّنۡ حَمِيمٍ۬ وَعَذَابٌ أَلِيمُۢ بِمَا كَانُواْ يَكۡفُرُونَ *(٧٠)*. (سُوۡرَةُ الأنعَام ٧٠)

واته: *(٧٠) وازلەوانه بهێنه که ئاینی خۆیان کردووه بەگاڵته و گاڵتەجار و ژیانی دنیا فریوی داون، یادیان بهێنەرەوه تا کەس تیا نەچێت بەهۆی کارو کردەوەکانیەوه، ئەو کاته جگه له الله کەس نابێت پشتیوانی بێت، کەسیش نابێت تکاکاری بێت، ئا ئەوانه کاسانێکن که تیاچوون به دەست کارو کردەوەی خۆیانەوه، ئەوانه خواردنەوەیان ئاوی لەکوڵ و سزای بەئێش دەبێت، لەبەرئەوەی که کفریان دەکرد .*

هەروەها له (سورەتی زومەر ٤٤ ) دا نووسراوه: قُل لله ٱلشَّفَـٰعَة جَمِيعً۬اۖ لَهُۥ مُلۡكُ ٱلسَّمَـٰوَٲتِ وَٱلۡارۡضِۖ ثمَّ اليهِ تُرۡجَعُونَ.

واتە: *(٤٤) بڵێ هەموو شەفاعەت بەدەست الله ی، هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدایە، هەر ئەو خاوەنیانە، پاشانیش هەر بۆلای ئەو دەگەڕێنەوە .*

ئیتر بەم دەقانەی قورئاندا بۆمان دەردەکەوێت کەس لە لای یەزدان شەفاعەت بە دەست ناهێنێت تەنیا بە خوداستی ئەو نەبێت. هەروەها دووپاتی ئەوە دەکاتەوە تەنیا یەزدان شەفاعەتی هەمووان دەکات. ئەو بەو دەقانە ناوی خۆی پیرۆز دەکات.

سێهەم: شەفاعەتکار هەڵدەستێت بە کەفارەتی گوناهو هەڵەکانی ئەوانەی یارمەتییان دەدات.

ووشەی کەفارەت لە فەرهەنگی عەرەبیدا بە واتای داپۆشین دێت، وە لێرەدا مەبەست لەوەیە یەزدان گوناهەکانی مرۆڤ دادەپۆشێت و دەیسڕێتەوە.

چوارەم: شەفاعەتکار لە هەموو کاتێکدا زیندووە و لە هەموو شوێنێکدا هەیە تاوەکو گوێ لە داواکاری ئەوانە بگرێت کە گوناهەکانیان دادەپۆشێت و دەیسڕێتەوە. جا چونکە موحەمەد هیچ مەرجێك لەم مەرجانەی تێدا نەبووە، بۆیە شەفاعەتی ئەو لای یەزدان پەسەند نەکراوە. هەروەك لەم دەقە قورئانیەدا دەردەکەوێت کە یەزدان وەڵامی نوێژی موحەمەدی نەداوەتەوە، وە شەفاعەتی قبوڵ نەکردووە تەنانەت گەر حەفتا جاریش نوێژی کردبێت. (سُوْرَةُ التّوبَة ٨٠ )

(٧٩) ٱسۡتَغۡفِرۡ لَهُمۡ اوۡ لا تَسۡتَغۡفِرۡ لَهُمۡ ان تَسۡتَغۡفِرۡ لَهُمۡ سَبۡعِين مَرَّه فَلن يغۡفِرَ ٱللهُ لَهُمۡۚ ذَٰلِكَ بِانَّهُمۡ كَفَرُوا بِٱللهِ وَرَسُولهِۦۗ وَٱللهُ لا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلۡفَٰسِقِين (٨٠) .

واتە: (٨٠) *داوای لێخۆش بوونیان بۆ بکەیت یان داوای لێخۆش بوونیان بۆ نەکەیت وەك یەکە، تەنانەت ئەگەر حەفتا جاریش داوای لێخۆشبوونیان بۆ بکەیت، ئەوە الله هەرگیز لێیان خۆش نابێت، ئەوە چونکە ئەوان باوەڕیان بە خوداو پێغەمبەرەکەی نەبوو، الله هیدایەتی گەلی فاسیق نادات .*

بەڵام مەسیح بە ئاشکرا نیشانی داوین کە خودا لە هەموو کاتێکدا گوێی لێگرتووە، کاتێك لەبەردەم گۆڕەکەی لەعازردا وەستا تا زیندووی بکاتەوە دوای مردنی بە چوار

ڕۆژ ووتی: (ئەی باوك، سوپاست دەکەم چونکە گوێت لێگرتم، من زانیومە کە تۆ هەمیشە گوێم لێدەگریت،) یۆحەننا ١١: ٤١ و ٤٢. عیسا تاقە شەفاعەتکارە، چونکە هەموو ئەو مەرجانەی دەبێت لە شەفاعەتکاردا بێت تیایدا هەبووە.

عیسا بە سروشتی خۆی پاك و بێگەرد بووە. قورئان پێناسی کردووە بە کورێکی پاك و بێگەرد، یۆحەننای نێردراوی یەزدان لە بارەی عیساوە ووتویەتی: ڕۆڵەکانم من ئەمەتان بۆ دەنووسم تا گوناه نەکەن، بەڵام گەر یەکێك گوناهی کرد، ئەوا عیسای مەسیحی بێگوناه لای باوکی ئاسمانی بۆمان دەپاڕێتەوە. ئەو شەفاعەتکاری (کەفارەتی) گوناهەکانمانە، نەك گوناهەکانی ئێمە بە تەنیا، بەڵکو گوناهەکانی هەموو جیهان، یەکەم یۆحەننا ٢: ١. کاتێکك سەرکردە دەوڵەمەندەکە هات بۆ لای عیسا پێی ووت: (ئەی مامۆستای باش، چی بکەم بۆ ئەوەی ژیانی هەتاهەتایی بە دەست بهێنم؟) عیساش پێی فەرموو: (بۆچی بە باش ناوم دەبەیت؟ ئەوە بزانە کەس باش نیە یەکێك نەبێت، ئەویش خودایە. مەرقۆس ١٠: ١٧، ١٨، لێرەدا واتای ووشەکانی مەسیح بۆ ئەو پیاوە ئەوەیە: گەر تۆ باوەڕت بە چاکەی من هەیە دەبێت باوەڕیشت بە لاهوتی من هەبێت. چونکە مەسیح بە سروشت و هەڵسوکەوت و کردارەکانی باش بووە. لە سورەتی زومەڕ ٤٤ دا نووسراوە: قُل لِّلَّهِ ٱلشَّفَٰعَةُ جَمِيعٗاۖ. یەزدان خۆی شەفاعەتکارەو هیچ مرۆڤێك ناتوانێت شەفاعەت بۆ ئەو بکات. لەم بارەیەوە لە نامەکەی پۆڵس بۆ باوەڕدارانی رۆما ٣: ٢٣ نووسراوە: چونکە هەموویان گوناهیان کرد و نەگەڕان بەدوای شکۆمەندی یەزداندا یان وەکو داود پێغەمبەر لە زەبور٧٢: ٩ دەڵێت: ئادەمیزاد تەنیا هەناسەیەکە، مرۆڤ

تـەنیا وێنەیەکی هەڵخەڵـەتێنەرە، ئەگەر بخرێنە تای تەرازوو هیچ نین هەموو پێکەوە تـەنیا هەناسەیەکن.

شەفاعەتی مەسیح لای یەزدان پەسەندکراوە، لەو بارەیەوە نووسەری نامەی عیبرانییەکان دەڵێت: چونکە مەسیح، نەچووە شوێنی هەرە پیرۆزی سەر زەوی ئەوەی مرۆڤ تەنیا لەسەر نموونەی شوێنی هەرە پیرۆزی ڕاستەقینە دروستیکردووە، بەڵکو چووە ناو ئاسمان، ئێستا لەوێ شەفاعەتکاری ئێمەیە لەبەردەم یەزداندا.عیبرانیەکان ٩: ٢٤

قورئان لە بارەی مەسیحەوە دەڵێت: اذ قَالتِ ٱلۡمَلَٰٓئِكَه يٰمَرۡيم انَّ ٱللهَ يبشِّرُكِ بِكَلمَة مِّنۡهُ ٱسۡمُهُ ٱلۡمَسِيح عِيسى ٱبۡنُ مَرۡيم وَجِيهًا فِى ٱلدُّنۡيا وَٱلۡاخِرَه وَمِنَ ٱلۡمُقَرَّبِين (٤٥) .( سُوۡرَةُ آل عِمرَان ٤٥)

واته: *(٤٥) فریشەکە بە مەریەمی وت: ئەی مەریەم خودا مژدەت دەداتێ بە ووشەیەکی خۆی کە ناوی مەسیح عیسای کوڕی مەریەمە، کە پایە بەرزە لەم دنیایەدا و لە ڕۆژی دواییشدا، وە لە نزیکەکانە .*

مەسیح (ووشەی یەزدانە) ناوی وەك مرۆڤێك (یەسوعی مەسیحە) قورئان پێی دەڵێت ( المسیح عیسی) ئەوەی وەجیهە لەم جیهانە و لە ڕۆژی دواییدا. وەجیە، بە واتای گەورەی گەلێك لەم جیهانە و لە ڕۆژی دواییدا، یەزدان گوێ لە نوێژەکانی دەگرێت و شەفاعەتەکەی قبوڵ دەکات.

مەسیح هەستا بوو بە کەفارەتی گوناهەکانمان و بە شەفاعەتکارمان لای یەزدان، لەو بارەیەوە یۆحەننای نێردراوی یەزدان ووتویەتی: عیسای مەسیح کەفارەتی تاوانەکانمانە، نەك تاوانەکانی ئێمە بە تەنیا، بەڵکو تاوانەکانی هەموو جیهان. یەکەم یۆحەننا ٢: ٢. هەروەها نووسەری نامەی عیبرانییەکان لە بارەی مەسیحەوە ووتویەتی: بەڵام ئێستا لە کۆتایی زەماندا عیسا یەکجار هات تا گوناهەکانمان بسڕێتەوە، بەوەی خۆی کرد بە قوربانی لە پێناوی ئێمەدا. عیبرانیەکان ٩: ٢٦.

مەسیح هەمیشە زیندووە لە هەموو شوێنێکدایە، تاوەکو گوێ لە داواکاری ئەوانە بگرێت کە داوای شەفاعەتی لێدەکەن.
نامەی عیبرانییەکان لەو بارەیەوە دەڵێت: عیسا دەتوانێت هەموو ئەوانە ڕزگار بکات کە بە هۆی ئەوەوە دەچنە لای یەزدان، چونکە ئەو هەمیشە دەژی، بۆیە تکاشیان بۆ دەکات لای خودا عیبرانییەکان ٧: ٢٥.
دەربارەی بوونی لە هەموو شوێنێکدا عیسای مەسیح فەرموویەتی چونکە لە هەر شوێنێکدا دووان یاخود سیان بە ناوی منەوە کۆببنەوە ئەوا من لە نێوانیاندا دەبم.
مەتتا١٨: ٢٠.
مەسیح چۆن شەفاعەتکارە هەروەها پەیوەندی ڕێکخەریشە، ئەم ووشەیە لە فەرهەنگدا بە واتای پەیوەندی ڕێکخەر لە نێوان دوو دوژمندایە.
مەسیح تاقە پەیوەندی ڕێکخەرە کەوا مرۆڤی گوناهباری لەگەڵ یەزدانی پیرۆز و مەزندا ئاشت کردەوە. لەو بارەیەوە لە یەکەم تیمۆساوس ٢: ٥ نووسراوە: (چونکە هەر یەك یەزدان هەیە و یەك پەیوەندی ڕێکخەر هەیە لە نێوان یەزدان و مرۆڤدا ئەویش عیسای مەسیحی مرۆڤە.
لەو بارەیەوە لە ٢ کۆرنسۆس ٥: ١٨ و ١٩ نووسراوە: ئەمەش هەمووی لە یەزدانەوەیە کە بەهۆی عیسای مەسیحەوە ئاشتی کردینەوە لەگەڵ خۆیدا، ئەو ڕایسپاردووین مزگێنی ئەو ئاشتبوونەوەیە لە هەموو لایەکدا بڵاوبکەینەوە، واتە یەزدان بە هۆی مەسیحەوە جیهانی لەگەڵ خۆی ئاشت کردەوە، ئیتر لەسەر گوناە لێیان ناپرسێتەوە، بەڵکو داوایان لێدەکات بە ئاشکرا ئەو مزگێنییە ڕابگەیەنن. جا ئایا ڕێگەی تێدەچێت مرۆڤێکی ژیر کە بایەخ بە چارەنووسی دواڕۆژی خۆی دەدات، باوەڕ بە پێغەمبەرێك بکات کە قورئان

له بارەیەوە ووتویەتی: یەزدان وەڵامی نوێژی موحەمەدی نەداوەتەوە، وە شەفاعەتی قبوڵ نەکردووە تەنانەت گەر حەفتا جاریش نوێژی کردبێت.
وە ئەو کەسە باوەڕ نەهێنێت بە مەسیحی تاقە پەیوەندی ڕێکخەر و شەفاعەتکەر لە نێوان یەزدان و مرۆڤدا، ئەوەی لەسەر خاچ مرد تا ببێت بە قوربانی لە پێناوی هەموو گوناهەکانماندا وە پاکمانبکاتەوە لە هەموو تاوانێك.

# بەشی پێنجەم

## قورئان ئاشکرای دەکات کە موحەممەد خۆی لەسەرووی شەریعەتی یەزدانەوە داناوە

قورئان دەربارەی ژن هێنان شەریعەتێکی داناوە بۆ موسڵمانەکان. پیاوێکی موسڵمان بۆی هەیە دوو یان سێ یان چوار ژن بهێنێت، بەڵام موحەممەد خۆی لە سەرووی ئەو شەریعەتەوە داناوە کە لە قورئاندا باسکراوە، وە ئەو شەریعەتەی شکاندووە بەوەی کە مافی بە خۆی داوە چەند ژنی بوێت بیهێنێت، بەڵام عیسای مەسیح گوێڕایەڵ و ملکەچی شەریعەتی یەزدان بووە هەتا ڕۆیشتنی بۆ سەر خاچ وە هیچ هەڵـەو گوناهێکی نەبووە. لەو بارەیەوە قورئان بە موسڵمانەکانی ووتوە: وَانْ خِفْتُمْ الا تُقْسِطوا فِى ٱلْيَتَـٰمَىٰ فَٱنكِحُوا مَا طابَ لكُم مِّنَ ٱلنِّسَآءِ مَثْنَىٰ وَثلـٰثِ وَرُبَـٰعَ فَانْ خِفْتُمْ الا تَعْدلُوا فَوَٲحِدَة اوْ مَا مَلَكَتْ ايمَـٰنُكُمْ ذأَلِكَ ادْنَىٰٓ الا تَعُولوا (سُوْرَة النِّسَاء ٣)

واتە: *(٣) ئەگەر ترسان لە ئەنجام نەدانی دادپەروەری لەگەڵ هەتیو و بێ باوکەکاندا ئەوا چۆنتان پێ خۆشە مارەیان بکەن لە ژنان دوو دوو، یان سیان سیان، یان چوار چوار، خۆ ئەگەر ترسان لەوەی کە نەتوانن دادپەروەر بن ئەوە با یەک ژن مارە بکەن، یان ئەوەی باوەڕتان ڕێگەتان پێ دەدات ئەوەی کە باسکرا نزیکترە لەوەی ستەم نەکەن .*

فەرمانی یەزدان لە قورئاندا دەربارەی ژن هێنانی موسڵمانەکان ئەوەیە هەموو پیاوێکی ئیسلام بۆی هەیە لە هەمان کاتدا دوو یان سێ یان چوار ژنی هەبێت، بەڵام لە ڕاستیدا فەرمانی یەزدان ئەمە ناڵێت و هیچ کەسێك مافی ئەوەی نییە سەرپێچی ئەوە بکات هەروەها پێغەمبەرە ڕاستەقینەکان دەبێت تەواو نموونەی ملکەچی فەرمانی

یەزدان بن. چونکە هەر کاتێکك پێغەمبەرێك سەرپێچی ڕاسپاردەکانی یەزدانی کرد بەر سزای ئەو دەکەوێت.
لەو بارەیەوە بەشی کۆنی پەڕتووکی پیرۆز باسی موسا پێغەمبەری کردووە، کە یەزدان فەرمانی پێداوە لەبەر چاوی ئیسرائیلییەکاندا قسە لەگەڵ تاشە بەردەکە بکات ئەوسا تاشە بەردەکە ئاوی لێهەڵدەقوڵێت بۆیان، بەڵام موسا سەرپێچی فەرمانی یەزدانی کرد و لە تاشە بەردەکەیدا، لەباتی ئەوەی لەگەڵیدا بدوێت، لەو کاتەشدا هارونی برای لەگەڵیدا بوو جا بە هۆی ئەو سەرپێچییەوە یەزدان قەدەغەی کرد لێیان بچنە ناو خاکی کەنعانەوە.
ئەمەش ئەو وشانەیە کە لەو بارەیەوە لە بەشی کۆنی پەڕتووکی پیرۆزدا نووسراوە یەزدان لەگەڵ موسادا دواو فەرمووی: (گۆچانەکەت ببە و کۆمەڵ کۆبکەرەوە، تۆ و هارونی برات لەبەر چاویاندا بە تاشە بەردەکە بڵێن تا ئاوی لێهەڵبقوڵێت، جا لە بەردەکەوە ئاویان بۆ دەردەچێت و خەڵکەکە و ئاژەڵەکانیان ئاو دەدەیت.) موساش تاشە بەردەکەی لەبەردەم خوداوەندەوە برد وەك فەرمانی پێدابوو. ئینجا موسا و هارون ئیسرائیلییەکانیان لەبەردەم تاشە بەردەکە کۆکردەوە و پێیان ووتن: (گوێ بگرن ئەی هەڵگەڕاوەکان، ئا لەم بەردە ئاوتان بۆ دەربهێنین؟) موسا دەستی بڵند کردەوە و بە گۆچانەکەی دوو جار لە تاشە بەردەکەی دا، جا ئاوێکی زۆر دەرچوو ئیسرائیلییەکان و ئاژەڵەکانیشیان لێیان خواردەوە.
ئەوسا یەزدانیش بە موسا و هارونی فەرموو: (لەبەرئەوەی باوەڕتان بە من نەکرد، تا پیرۆزم بکەن لەبەر چاوی نەوەی ئیسرائیلدا ، بۆیە ئێوە ئەم کۆمەڵە نابەنە ناو ئەو خاکەی پەیمانم پێداون. ژمارە ٢٠: ٧ - ١٢

لێرەدا دەبینین یەزدان حسابێکی تایبەتی بۆ موسا و هارون نەکرد بەوەی سزای سەرپێچییەکەیان لەسەر لابەرێت، هەرچەندە موسا پێغەمبەریش بوو. بەڵام موحەمەد بە پێچەوانەی فەرمانی یەزدان هەڵسوکەوتی کرد، بەوەی دوای مردنی خەدیجەی یەکەم ژنی، یانزە ژنی تری هێناوە. ئەمەش ناوی ژنەکانی موحەمەد بووە:

١- سودە کچی زەمعە، ٢- عائیشە کچی ئەبوبەکر، کاتێکك موحەمەد ئەوی هێنا تەمەنی ٥٣ ساڵ بوو عائیشەش تەمەنی ٧ ساڵ بوو بەڵام لە تەمەنی ٩ ساڵیدا لەگەڵیدا جووت بووە. جا ئێمە گەر ئەم ژن هێنان و شووکردنە بە پێوانەی سەردەمی ئێستا بپێوین، ئەمە بە دەست درێژی کردن و سووککردن دادەنێین بۆسەر منداڵێکی بێتاوان. جیاوازی تەمەن لە نێوان عائیشە و موحەمەددا ٤٤ ساڵ بووە. ٣- حەپسە کچی عومەر، ٤- زەینەب کچی خەزیمە، ٥- دایکی سەلمە، ٦- زەینەب کچی جەحش ژنی زەید بوو ئەوەی موحەمەد تەبەنی(بەکوڕی خۆ کردن) کرد بوو، وە لەبەردەم چەندین لە قورەیشییەکاندا ووتی ئیتر لەمەولا زەید کوڕی منە و بانگ دەکرێت بە زەیدی کوڕی موحەمەد بەڵام موحەمەد لە دوایدا نکۆڵی لەو تەبەنییە کرد ، تاوەکو ژنەکەی بهێنێت. چونکە ژنێکی جوان بوو، جا پاش ئەوەی داوای لە زەید کرد تەڵاقی بدات خۆی هێنایەوە.

بەڵام مەسیح ووتویەتی: هەر کەسێك تەڵاق دراوێك بهێنێت داوێن پیسی دەکات. مەتتا ٥: ٣٢

٧- جویریە کچی حارس، ٨- سەفیە کچی حی، ٩- دایکی حەبیبە ١٠- ماریا ئەلقبتیە، هەر چەندە شووی بە موحەمەد کردووە بە مەسیحی ژیاوە و مردووە، ئەمەش بۆمان دەردەخات ماریا باوەڕ و فێرکردنەکانی موحەمەد کاری

تێنەکردووە. موحەمەد ئەوی هێنا هەرچەندە موشریك بوو، چونکە قورئان دەڵێت: نەسرانیەکان موشریکن، ئەمەش لە قورئاندا بەم شێوەیە باسکراوە (وَلا تَنكِحُوا ٱلمُشركات حَتَّى يؤْمِنَّ. سُوْرَةُ البَقَرَة ٢٢١) واتە: *ئافرەتانی موشریك و خودانەناس مارە مەکەن هەتا ئیمان و باوەڕ دەهێنن.* ئایا ئەمە ئەوەمان بۆ دەرناخات کەوا موحەمەد لە سەرووی شەریعەتەوەیە گەر ئەو شەریعەتە لە یەزدانەوە بێت؟. ١١- مەیموونەی کچی حارس، جگە لەو دەستوپێوەندانەی کە موحەمەد لە دەستکەوتەکانی شەڕدا هەڵیبژاردوون. بەڵام موحەمەد رازی نەبووە لەگەڵ هەموو ئەم ژنانەدا، چونکە لە سورەتی ئەحزاب دا ئەم ووشانە دەخوێنرێتەوە: یا أیها ٱلنَّبِی انا احللنا لكَ ازْوَأجَكَ ٱلتِیٓ اتيت اجُورَهُنَّ وَمَا مَلَكَتْ يمينكَ مِمَّآ افَآءَ ٱلله عَليك وَبَنَاتِ عَمِّكَ وَبَنَاتِ عَمَّٰتِكَ وَبَنَاتِ خَالكَ وَبَنَاتِ خَالاتِكَ ٱلتى هَاجَرْنَ مَعَكَ وَٱمراة مُّؤْمِنَه ان اوَهَبَتْ نَفْسهَا للنَّبى ان ارادهن يستنكحها خالية مِن دُون المومنين (٥٠) سورة الاحزاب (٥٠)

واتە: *(٥٠) ئەی پێغەمبەر ئێمە ئەو هاوسەرانەتمان بۆ حەڵاڵ کردویت کە کرێکەیانت داوە، ئەو ئافرەتانەش کە کەنیزەکی تۆن و لە جەنگدا بەدیل گیراون، هەروەها کچە مامەکانت، کچە پوورەکانت، کچە خاڵەکانت، کچی ئەو پوورانەت کە کۆچیان کرد لە تەک تۆدا، وە هەر ئافرەتێکی باوەڕدار کە ئەگەر ویستی خۆی پێشکەشی پێغەمبەر بکات، وە پێغەمبەریش ویستی مارەی بکات، کە ئەمەیان تایبەتی تۆیە نەك ئیمانداران.*

لێرەدا وا دەردەکەوێت کە یەزدان دوو پێوانەی هەبێت، یەکێك بۆ موسڵمانەکان، یەکێك بۆ موحەمەد، وە دوو شەریعەتی هەبێت، شەریعەتێك بۆ موسڵمانان وە شەریعەتێك بۆ موحەمەد. موسڵمانێك بۆی هەیە لە هەمان کاتدا چوار ژنی هەبێت. فَٱنكِحُوا مَا طَابَ لكُم مِّنَ ٱلنِّسَآءِ مَثْنَىٰ وَثلٰث وَرُبَٰعَ سورة النساء (٣)

هەروەها ئەم ئایەتە دووپاتی ئەوە دەکاتەوە، موحەمەد لە سەروو ئەو شەریعەتەوەیە کە لە قورئاندا باسکراوە: ولا لوم عليه ولا تشريب، ولا حساب ولا عقاب. واتە: *نە لۆمەی*

*لەسەرە و نە تەشریب، نە لێپرسینەوە و سزا.* بەڵام مەسیح کاتی ژیانی لەسەر زەوی ملکەچی تەواوی ڕاسپاردەکانی یەزدان بووە، سەرپێچی هیچ ڕاسپاردەیەکی نەکردووە، وە هیچ گوناهێکی نەکردووە.
عیسای خوداوەند فەرموویەتی: ئەوەی ناردوومی لەگەڵمدایە، باوك بە تەنیا بەجێی نەهێشتووم، چونکە هەمیشە بەپێی ڕەزامەندی ئەو کار دەکەم.
یۆحەننا ٨: ٢٩، مەسیح ژنانی زۆری بینیوە. لە گوناهیان خۆشبووە، وە ڕزگاری کردوون لە کۆیلەیەتی گوناە، زۆریان باوەڕیان پێهێناوە و بە پارەکانیان خزمەتیان کردووە، بەڵام کەس نەیتوانیوە تاوانباری بکات بەوەی پەیوەندییەکی خراپی لە گەڵ ژنێکدا هەبووبێت، یان حەزی لە ژنێك کردبێت، وەك موحەمەد حەزی لە زەینەبی کچی جەحش کرد کە ژنی زەید بوو ئەوەی تەبەنی کرد بوو. بۆیە کاتێك جارێکیان بینی ووتی: ئەی یەزدانی گەورە چۆن تۆ دڵ دەگۆڕیت؟ ئەو جیاوازییەی لە نێوان موحەمەد و مەسیحدایە زۆر گەورەیە: مەسیح ویستوویەتی ژن بەرز کاتەوە و ئازادی بکات لە کۆت و بەندەیی گوناە، وەك چۆن جاران لە سەر زەوی بووە زۆربەیانی چاککردۆتەوە، ئێستاش بەهەمان شێوە ئەو ژنانەی باوەڕیان پێی هەیە کردوویانە بە ڕزگارکەری خۆیان لە هەموو لایەکی ئەم جیهانەدا ڕزگاریان دەکات. بەڵام ژن لەبەر چاوی موحەمەد ا تەنیا هۆیەك بووە بۆ تێرکردنی ئارەزووەکانی لەبەر ئەوە شتێکی سەرسوڕهێنەر نیە کە عایشەی ژنی دوای ئەوەی زەینەبی کچی جەحشی هێناوە گوایە فەرمانی لە ئاسمانەوە بۆ هاتووە، بۆیە ئەویش پێی ووتوە: ( تۆ خودا بۆ ئارەزووەکانی خۆت بەکاردەهێنیت ) .

# بەشی شەشەم

## قورئان دووپاتی ئەوە دەکاتەوە کە موحەمەد نەیتوانیوە کاری سەرسوڕهێنەر بکات

موحەمەد لە قورئاندا بە تەواوی دانی بەوەدا ناوە کە نەیتوانیوە کاری سەرسوڕهێنەر بکات، بەڵام مەسیح کاری سەرسوڕهێنەری زۆری کردووە.

چەندین لە هاوچەرخەکانی موحەمەد داوایان لێکردووە کارێکی سەرسوڕهێنەر بکات تاوەك ڕاستی پێغەمبەرایەتیەکەی دەربخات، بەڵام نەیتوانیوە ئەنجامی بدات لەم بارەیەوە قورئان دەڵێت: وَقَالُواْ لَوۡلَآ أُنزِلَ عَلَيۡهِ ءَايَٰتٞ مِّن رَّبِّهِۦۖ قُلۡ إِنَّمَا ٱلۡأٓيَٰتُ عِندَ ٱللَّهِ وَإِنَّمَآ أَنَا۠ نَذِيرٞ مُّبِينٌ. (سورة العنكبوت ٥٠)

واتە: *(٥٠) ووتیان: بۆچی نیشانە و بەڵگەی لەلایەن پەروەردگاریەوە بۆ ڕەوانە نەکراوە؟، تۆش لە وەڵامیاندا بڵێ: موعجیزە و نیشانە به دەست خودا خۆیەتی و من تەنها ئاگادارکەرەوەیەکی ئاشکرام بۆتان.*

جا چونکە موحەمەد نەیتوانیبوو کاری سەرسوڕهێنەر بکات، دڵی هاوچەرخەکانی پڕ بوو لە گومان بەرامبەر بەڕاستی پێغەمبەرایەتیەکەی، قورئانیش گومانی هاوچەرخەکانی موحەمەد بەم شێوەیە تۆمار دەکات: بَلۡ قَالُوٓاْ أَضۡغَٰثُ أَحۡلَٰمِۭ بَلِ ٱفۡتَرَىٰهُ بَلۡ هُوَ شَاعِرٞ فَلۡيَأۡتِنَا بِـَٔايَةٖ كَمَآ أُرۡسِلَ ٱلۡأَوَّلُونَ. (سورة الانبياء ٥ )

واتە: *(٥) بەڵکو ووتیان خەوێکی بزرکاوە، یاخود خۆی هەڵی بەستووە، بەڵکو ئەو کەسێکی شاعیرە، دەبا بەڵگە و موعجیزەیەک بهێنێت وەک پێغەمبەرانی پێشوو !!*

هاوچەرخەکانی موحەمەد دەربارەی ووشەکانی قورئان ووتویانە: وەك خەوێکی بزرکاو وایە ناتوانرێت لێك بدرێتەوە چونکە تێکەڵ و پێکەڵە، وە درۆیە بە دەم خوداوە دروستکراوە. موحەمەد شاعیر بووە، چونکە شاعیرەکان بە

ناوبانگ بوون لە سەردەمی موحەمەد و پێش سەردەمی ئەو بە نووسینی هۆنراوە بە شێوەیەك کە وەکو زمانی قورئان وابووە. بۆیە هۆنراوە باشەکانیان بە دیوارەکانی کەعبەدا هەڵدەواسرا. هەر ئەوانە بوون داوایان لە موحەمەد دەکرد کارێکی سەرسوڕهێنەریان بۆ بکات وەك پێغەمبەرانی پێشوو تا باوەڕ بە بانگەوازەکەی بکەن. بەڵام موحەمەد نەیتوانی کاری سەرسوڕهێنەریان بۆ بکات بۆیە دژایەتی هاوچەرخەکانی گەورەتر بووە لە توانای موحەمەد.

جارێکی تر قورەیشییەکان داوایان لە موحەمەد کرد کارێکی سەرسوڕهێنەر بکات تا ڕاستی پێغەمبەرایەتیەکەی بسەلمێنێت.

وَقَالُواْ لَن نُّؤۡمِنَ لَكَ حَتَّىٰ تَفۡجُرَ لَنَا مِنَ ٱلۡأَرۡضِ يَنۢبُوعًا (٩٠) أَوۡ تَكُونَ لَكَ جَنَّةٌ مِّن نَّخِيلٍ وَعِنَبٍ فَتُفَجِّرَ ٱلۡأَنۡهَٰرَ خِلَٰلَهَا تَفۡجِيرًا (٩١) أَوۡ تُسۡقِطَ ٱلسَّمَآءَ كَمَا زَعَمۡتَ عَلَيۡنَا كِسَفًا أَوۡ تَأۡتِيَ بِٱللَّهِ وَٱلۡمَلَٰٓئِكَةِ قَبِيلاً (٩٢) أَوۡ يَكُونَ لَكَ بَيۡتٌ مِّن زُخۡرُفٍ أَوۡ تَرۡقَىٰ فِي ٱلسَّمَآءِ وَلَن نُّؤۡمِنَ لِرُقِيِّكَ حَتَّىٰ تُنَزِّلَ عَلَيۡنَا كِتَٰبًا نَّقۡرَؤُهُ. (سورة الاسراء ٩٠ تا ٩٣).

واتە: *(٩٠) وتیان: هەرگیز ئێمە باوەڕ بە تۆ ناکەین تا کانیەکمان لە زەویەوە بۆ هەڵنەقوڵێنیت.( ٩١ ) یاخود دەبێت خاوەنی باخێك بیت کە پڕ بێت لە دارخورماو ڕەزو چەندەها ڕووبار لەناویدا هەڵبقوڵێنیت و بەخوڕو ڕەوان بەژێریاندا بڕوات.*

*( ٩٢ ) یاخود ئاسمان بەسەرماندا بهێنە خوارەوە، هەر وەکو خۆت پڕوپاگەندە دەکەی، یاخود الله و فریشتەکانی بهێنەو ڕوو بەڕوومانی بکەرەوە.( ٩٣ ) یان کۆشك و تەلارو ماڵێکی بە زەخرەفە نەخشێنراوت هەبێت، یان بەرەو ئاسمان بڵندو بەرز ببیتەوە، ئێمە هەرگیز بەوەش باوەڕ ناکەین هەتا کتێبێك دانەبەزێنیت و بیخوێنینەوە،*

وەڵامی موحەمەد بۆ ئەمە ئەمە بوو: قُلۡ سُبۡحَانَ رَبِّي هَلۡ كُنتُ إِلَّا بَشَرًا رَّسُولاً.(سورة الاسراء ٩٣) واتە: *بڵێ: پاکی بۆ پەروەردگارم، من تەنها مرۆڤێکی نێردراوم.*

موحەمەد ئەوەی لە یاد کردبوو گەر یەکێك بەڕاستی پێغەمبەر یاخود نێردراوی یەزدان بێت نێردراوە بۆ دانانی

بناغەی ئاینێکی تازە، جا ئەو کەسە دەبێت پێغەمبەرایەتی خۆی بسەلمێنێت بەکاری سەرسوڕهێنەر، وەك چۆن موسا پێغەمبەر کە بناغەی ئاینی جولەکەی دانا، بانگەوازەکەی بە کاری سەرسوڕهێنەر سەلماند. بەڵام موحەمەد ئاشکرای کردووە بەوەی کاری سەرسوڕهێنەری نەکردووە، چونکە ئەوانەی پێشوو دانیان نەناوە بە کاری سەرسوڕهێنەردا. وە لە سورەتی الاسراء ٥٩ دا نووسراوە : (وَمَا مَنَعَنَآ أَن نُّرۡسِلَ بِٱلۡأٓيَٰتِ (المعجزات) إِلَّآ أَن كَذَّبَ بِهَا ٱلۡأَوَّلُونَۚ ).

واتە: *(٥٩) هیچ شتێك نەبووە، بەهۆی ئەوەی کە ئێمە موعجیزە بەرپا بکەین و نیشانی بدەین لەوەی کە ئەوان داوایان کردووە، تەنها ئەوە نەبێت کە جۆرەها موعجیزەمان نیشانی پێشینەکان دا.*

جا ئەمە بەهانەیەکی پەسەند نەکراوە، چونکە کاری سەرسوڕهێنەر دەکرێت لەسەر دەستی پێغەمبەرە ڕاستەقینەکان، تاوەکو ئەوانەی قبوڵی ناکەن هیچ بەهانەیەکیان نەبێت لە ڕۆژی دواییدا.

مەسیح بە جولەکەکانی فەرمووە: ( بەڵام من شایەتییەکی مەزنترم هەیە لەوەی یەحیا، ئەویش شایەتی ئەو کارانەیە کە باوکم داوای لێکردووم تەواوی بکەم. جا ئەوەی دەیکەم بە ئاشکرا شایەتی بۆ من دەدات کە باوك منی ناردووە. یۆحەننا ٥: ٣٦

جارێکی تر پێی ووتن: (گەر بێتو من کردارەکانی باوکم نەکەم، باوەڕم پێ مەکەن بەڵام گەر ئەوەمکرد، ئەگەر باوەڕیش بە من ناکەن، باوەڕ بەو کارانە بکەن، تا بزانن و تێبگەن باوك لە مندایە و منیش لە ئەودام) . (یۆحەننا ١٠: ٣٧ و ٣٨ ) کەواتە موعجیزە، گرنگە بۆ دەرخستنی ڕاستی پەیامی پێغەمبەرێك. بەڵام شتێکی سەیر بوو موحەمەد بێ توانایی خۆی ئاشکرا کرد لە کردنی کاری سەرسوڕهێنەر، ئینجا ووتی ئەو تەنیا مرۆڤە و ئاگادارکەرەوەیە، پاش

ئەوەی خەڵکەکە سوور بوون لەسەر ئەوەی پێویستە کارێکی سەرسوڕهێنەریان بۆ بکات ئەویش لە وەڵامدا ووتی قورئان موعجیزەی ئەوە، بۆیە لەو بارەیەوە لە سورەتی الاسراء ٨٨ هاتووە:

قُل لَّئِنِ ٱجۡتَمَعَتِ ٱلۡإِنسُ وَٱلۡجِنُّ عَلَىٰٓ أَن يَأۡتُواْ بِمِثۡلِ هَٰذَا ٱلۡقُرۡءَانِ لَا يَأۡتُونَ بِمِثۡلِهِۦ وَلَوۡ كَانَ بَعۡضُهُمۡ لِبَعۡضٖ ظَهِيرٗا (٨٨).

واتە: *(٨٨) پێیان بڵێ: ئەگەر هەموو ئادەمیزاد و فریشتەکان کۆ ببنەوە و قورئانێکی وەکو ئەمە بیهێنن، لە وێنەی ئەمە ناهێنن، ئەگەر چی هەموو لایەکیان ببنە پشتگیرو یارمەتیدەری یەکتر.*

یان لە سورەتی بەقەرە ٢٣ نووسراوە: وَإِن كُنتُمۡ فِي رَيۡبٖ مِّمَّا نَزَّلۡنَا عَلَىٰ عَبۡدِنَا فَأۡتُواْ بِسُورَةٖ مِّن مِّثۡلِهِۦ وَٱدۡعُواْ شُهَدَآءَكُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ إِن كُنتُمۡ صَٰدِقِينَ.

واتە: *(٢٣) ئەگەر ئێوە بە گومانن لەوەی کە دامانبەزاندووە بۆ بەندەی خۆمان، ئێوەش سورەتێکی وەك ئەو بهێنن، بەبێ پشتیوانی الله هاوپەیمانەکانتان بانگ بکەن ئەگەر ئێوە ڕاست دەکەن.*

جنۆکەکان بەرامبەر ئەو قسەیەی موحەمەد وەستان و سورەتێکیان هێنا وەك تەواوی سورەتەکانی قورئان، لە زمان و شێوەدا جیاوازیان نەبوو. بۆ جنۆکەکان سورەتێکی تایبەتی لە قورئاندا دانراوە بە ناوی ( سورەتی الجن) ووشەکانی سورەتی ئەلجن ووشەی جنۆکەکانە بەڵام شێوەکەی و زمانەکەی شێوەی قورئانە. بەم شێوەیە جنۆکەکان وەڵامی پێغەمبەری ئیسلامیان دایەوە بەوەی توانیویانە سورەتێکی تەواو لە قورئاندا دابنێن ئیتر بەم شێوەیە موعجیزەی قورئان نەما. جا ئێستا وەرە لەگەڵمدا با سورەتی ئەلجن بخوێنینەوە:

**سُوۡرَةُ الجنّ**

قُلۡ أُوحِيَ إِلَيَّ أَنَّهُ ٱسۡتَمَعَ نَفَرٞ مِّنَ ٱلۡجِنِّ فَقَالُوٓاْ إِنَّا سَمِعۡنَا قُرۡءَانًا عَجَبٗا (١) يَهۡدِيٓ
إِلَى ٱلرُّشۡدِ فَـَٔامَنَّا بِهِۦۖ وَلَن نُّشۡرِكَ بِرَبِّنَآ أَحَدٗا (٢) وَأَنَّهُۥ تَعَٰلَىٰ جَدُّ رَبِّنَا مَا ٱتَّخَذَ
صَٰحِبَةٗ وَلَا وَلَدٗا (٣) وَأَنَّهُۥ كَانَ يَقُولُ سَفِيهُنَا عَلَى ٱللَّهِ شَطَطٗا (٤) وَأَنَّا ظَنَنَّآ أَن
لَّن تَقُولَ ٱلۡإِنسُ وَٱلۡجِنُّ عَلَى ٱللَّهِ كَذِبٗا (٥) وَأَنَّهُۥ كَانَ رِجَالٞ مِّنَ ٱلۡإِنسِ يَعُوذُونَ
بِرِجَالٖ مِّنَ ٱلۡجِنِّ فَزَادُوهُمۡ رَهَقٗا (٦) وَأَنَّهُمۡ ظَنُّواْ كَمَا ظَنَنتُمۡ أَن لَّن يَبۡعَثَ ٱللَّهُ

أَحَدًا (٧) وَأَنَّا لَمَسْنَا ٱلسَّمَآءَ فَوَجَدْنَٰهَا مُلِئَتْ حَرَسًا شَدِيدًا وَشُهُبًا (٨) وَأَنَّا كُنَّا
نَقْعُدُ مِنْهَا مَقَٰعِدَ لِلسَّمْعِ ۖ فَمَن يَسْتَمِعِ ٱلْأَنَ يَجِدْ لَهُۥ شِهَابًا رَّصَدًا (٩) وَأَنَّا لَا
نَدْرِىٓ أَشَرٌّ أُرِيدَ بِمَن فِى ٱلْأَرْضِ أَمْ أَرَادَ بِهِمْ رَبُّهُمْ رَشَدًا (١٠) وَأَنَّا مِنَّا
ٱلصَّٰلِحُونَ وَمِنَّا دُونَ ذَٰلِكَ ۖ كُنَّا طَرَآئِقَ قِدَدًا (١١) وَأَنَّا ظَنَنَّآ أَن لَّن نُّعْجِزَ ٱللَّهَ
فِى ٱلْأَرْضِ وَلَن نُّعْجِزَهُۥ هَرَبًا (١٢) وَأَنَّا لَمَّا سَمِعْنَا ٱلْهُدَىٰٓ ءَامَنَّا بِهِۦ ۖ فَمَن
يُؤْمِنۢ بِرَبِّهِۦ فَلَا يَخَافُ بَخْسًا وَلَا رَهَقًا (١٣) وَأَنَّا مِنَّا ٱلْمُسْلِمُونَ وَمِنَّا
ٱلْقَٰسِطُونَ ۖ فَمَنْ أَسْلَمَ فَأُو۟لَٰٓئِكَ تَحَرَّوْا۟ رَشَدًا (١٤) وَأَمَّا ٱلْقَٰسِطُونَ فَكَانُوا۟ لِجَهَنَّمَ
حَطَبًا (١٥) وَأَلَّوِ ٱسْتَقَٰمُوا۟ عَلَى ٱلطَّرِيقَةِ لَأَسْقَيْنَٰهُم مَّآءً غَدَقًا (١٦) لِّنَفْتِنَهُمْ فِيهِ ۚ
وَمَن يُعْرِضْ عَن ذِكْرِ رَبِّهِۦ يَسْلُكْهُ عَذَابًا صَعَدًا (١٧) سورة الجن ١ ــ ١٧ .

واته: *( ١ ) پێیان بڵێ: وەحیم پێڕاگەیەنراوە کە دەستەیەك لە جنۆکەکان گوێیان لە قورئان بووە پاشان وتویانە ئێمە گوێمان لە خوێندنەوەیەکی سەرسوڕهێنەرمان بوو.( ٢ ) هیدایەت دەدات بۆ ژیری، ئێمەش باوەڕمان پێ کردو هەرگیز کەس ناکەینە شەریك و هاوەڵ بۆ پەروەردگارمان.*
*( ٣ ) پەروەردگاری پایە بڵندمان مەزن و گەورەیە، بێگومان ئەو زاتە نە هاوسەری هەیە و کوڕ.( ٤ ) یاخیەکەمان شتی زۆر نابەجێی لەبارەی الله وە دەووت.( ٥ ) ئێمە گومانمان وابوو کە دەستەی ئادەمیزادو فریشتە هەرگیز درۆ بەناوی خوداوە ناکەن. ( ٦ ) پیاوانێك لە ئادەمیزاد پەنایان دەبردە لای فریشتەکان، کەچی ئەوەندەی تر مانوویان کردن. ( ٧ ) ئەوانیش وەکو ئێوە گومانیان وابوو کە: ئیتر الله کەس نانێرێت.( ٨ ) ئێمەش بەرەو ئاسمان کشاین و سەرنجماندا کە پڕە لە پاسەوانی بەتوانا و نەیزەکیش بە هەموو لایەکدا دەکشا.( ٩ ) ئێمە لە هەندێك شوێنی ئاسماندا خۆمان حەشار دەدا بۆ گوێگرتن، بەڵام ئێستا ئەوەی بیەوێت گوێ بگرێت یەکسەر نەیزەکێکی بۆ دەهاوێژرێت و لەناوی دەبات.( ١٠ ) ئێمە نازانین ئایا وێرانکاری داناوە بۆ دانیشتوانی سەر زەوی، یاخود پەروەردگاریان دەیەوێت هزر و هۆشیان بداتێ.( ١١ ) ئێمە کەسانی چاك و ژیرمان هەیە، هەروەها کەسانی تریش کەبەو شێوەیە نین، ئێمە ڕێگامان گرتبووەبەر. ( ١٢ ) ئێمە دڵنیا بووین کە لەژێر دەسەڵاتی خودا دەرناچن لە زەویدا، هەروەها بەهەڵاتن و خۆ دزینەوەش هەرگیز لە ژێر دەسەڵاتی خودا دەرناچین. ( ١٣ ) ئێمە کاتێك گوێمان لە بانگەوازی هیدایەت بوو، یەکسەر باوەڕمان پێکرد، جا ئەوەی ئیمان بهێنێت بە پەروەردگاری، ئیتر ناترسێت لەوەی، بێ نرخ تەماشا بکرێت، لە گوناهەکانیشی چاوپۆشی نەکرێت. ( ١٤ ) لەناو ئێمەدا کەسانی موسوڵمان هەیە، کەسانی خودانەناسیش، جا ئەوەی موسوڵمان دەبێت سەر فرازی دۆزیوەتەوە.*

*( ١٥ ) بەڵام خودانەناسەکان دەبنە سوتەمەنی دۆزەخ. ( ١٦ ) ئەگەر ڕێگەی ڕاستی بگرنە بەر ئێمە بە ئاوی سازگار تینوێتیانمان دەشکاند.( ١٧ فیتنە دەخەینە ناویان جا ئەوەی لە یادو بەرنامەی پەروەردگاری لابدات، دەیخاتە ناو سزاو ئازارێکی بەردەوام.*

جا ئێمە ناتوانین قورئان بە موعجیزە دابنێین پاش ئەوەی جنۆکە سورەتێکی تەواوی هەیە تیایدا. ئیتر بەم سورەتە بەربەرەکانی موحەمەد نەما و چیرۆکی موعجیزەی قورئانیش تەواو بوو.

بەڵام مەسیح دروستکاری موعجیزات بوو، بە شایەتی ئینجیل و قورئان. لە بەشی تازەی پەڕتووکی پیرۆزدا دەیان کاری سەرسوڕهێنەر دەخوێنینەوە کە عیسای مەسیح کردوویەتی: بۆ نموونە عیسا کوڕی خزمەتکاری پادشای چاککردەوە کە لە سەرە مەرگدا بوو. یۆحەننا ٤: ٤٦ – ٥٣. وە کابرایەکی ئیفلیج کە ٣٨ ساڵ بوو شەلەل لێیدابوو، کاتێك عیسا لەسەر حەوزی بەیتی حەسدا بینی چاکیکردەوە. یۆحەننا ٥: ١ – ٩ ، هەروەها پێنج هەزار کەسی بە پێنج نان و دوو ماسی تێرکرد. یۆحەننا ٦: ١ تا ١٤ ڕەشەبایەکی بە هێزی بە فەرمانی خۆی بێدەنگ کرد. یۆحەننا ٦: ١ – ٢٠ دیسان چاوی پیاوێکی بە کوێری لە دایك بووی چاککردەوە. یۆحەننا ٩: ١ – ٧ ، وە لەعازر پاش ئەوەی چوار ڕۆژ بوو لە گۆڕدا بوو زیندووی کردەوە وە چوار مزگێنی دەرەکەی سەردەمی تازەی پەڕتووکی پیرۆز، کۆکاری کارە سەرسوڕهێنەرەکانی مەسیحە خۆت دەتوانیت بیخوێنیتەوە. یۆحەننای نێردراوی یەزدان ووتویەتی: عیسا لەبەردەم قوتابییەکانیدا زۆر نیشانەی سەرسوڕهێنەری تری کرد کە لەم پەرتووکەدا نەنووسراوە. بەڵام چەند کارێکی سەرسوڕهێنەر تۆمارکراون بۆ ئەوەی باوەڕ بکەن کە عیسای مەسیح ڕۆڵەی یەزدانە، وە هەتا ئێوە بە هۆی باوەڕهێنانەوە ژیان بە دەست بهێنن بە ناوی

ئەوەوە. گەورەترین کاری سەرسوڕهێنەری عیسا، زیندوبوونەوەی بوو لە نێو مردواندا. یۆحەننا ٢: ١٨ - ٢٢، هەروەها یەکێك لە موعجیزە گەورەکانی عیسا ئەو بەڵگەیە بوو کە پێشکەشی کرد بە فلیپۆسی قوتابی و باقی قوتابییەکانی تر تاوەك دڵنیا بن لە ڕاستی ووشەکانی و پەیامەکەی ئەمەش ووشەکانی مەسیحە بۆ قوتابییەکانی: (ئەوا ماوەیەکی درێژە من لەگەڵتاندام هێشتا هەر نەتان ناسیوم ئەی فلیپۆس؟ ئەوەی منی بینیوە باوکی بینیوە، ئیتر چۆن دەڵێیت باوکمان نیشان بدە؟ ئایا باوەڕ ناکەیت من لە باوکدام، باوکیش لە مندایە؟ ئەو قسانەی کە دەیڵێم لە خۆمەوە نایڵێم، بەڵکو ئەو باوکەی لە مندا نیشتەجێ بووە ئەو کارەکانی خۆی دەکات. باوەڕم پێبکەن من لە باوکدام و باوکیش لە مندایە، گەر وا نییە بە هۆی کارەکان خۆیانەوە باوەڕم پێبکەن. یۆحەننا ١٤: ٩ – ١١، هەروەها ئەم ووشانەشی بە جولەکەکان ووتوە: (هەموو ئەو کارانەی بە ناوی باوکمەوە دەیکەم، شایەتی بۆ من دەدەن) .

قورئانیش شایەتە بۆ موعجیزەکانی مەسیح، لەو بارەیەوە ووتویەتی: سورەتی ئال عومران: ٤٥ ـ ٤٩

إِذۡ قَالَتِ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ يَٰمَرۡيَمُ إِنَّ ٱللَّهَ يُبَشِّرُكِ بِكَلِمَةٖ مِّنۡهُ ٱسۡمُهُ ٱلۡمَسِيحُ عِيسَى ٱبۡنُ مَرۡيَمَ وَجِيهٗا فِي ٱلدُّنۡيَا وَٱلۡأٓخِرَةِ وَمِنَ ٱلۡمُقَرَّبِينَ (٤٥) وَيُكَلِّمُ ٱلنَّاسَ فِي ٱلۡمَهۡدِ وَكَهۡلٗا وَمِنَ ٱلصَّٰلِحِينَ (٤٦) قَالَتۡ رَبِّ أَنَّىٰ يَكُونُ لِي وَلَدٞ وَلَمۡ يَمۡسَسۡنِي بَشَرٞۖ قَالَ كَذَٰلِكِ ٱللَّهُ يَخۡلُقُ مَا يَشَآءُۚ إِذَا قَضَىٰٓ أَمۡرٗا فَإِنَّمَا يَقُولُ لَهُۥ كُن فَيَكُونُ (٤٧) وَيُعَلِّمُهُ ٱلۡكِتَٰبَ وَٱلۡحِكۡمَةَ وَٱلتَّوۡرَىٰةَ وَٱلۡإِنجِيلَ (٤٨) وَرَسُولًا إِلَىٰ بَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ أَنِّي قَدۡ جِئۡتُكُم بِـَٔايَةٖ مِّن رَّبِّكُمۡ أَنِّيٓ أَخۡلُقُ لَكُم مِّنَ ٱلطِّينِ كَهَيۡـَٔةِ ٱلطَّيۡرِ فَأَنفُخُ فِيهِ فَيَكُونُ طَيۡرَۢا بِإِذۡنِ ٱللَّهِۖ وَأُبۡرِئُ ٱلۡأَكۡمَهَ وَٱلۡأَبۡرَصَ وَأُحۡيِ ٱلۡمَوۡتَىٰ بِإِذۡنِ ٱللَّهِۖ وَأُنَبِّئُكُم بِمَا تَأۡكُلُونَ وَمَا تَدَّخِرُونَ فِي بُيُوتِكُمۡۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَةٗ لَّكُمۡ إِن كُنتُم مُّؤۡمِنِينَ (٤٩).

واته: *(٤٥) فریشەکە بە مەریەمی وت: ئەی مەریەم خودا مژدەت دەداتێ بە وشەیەکی خۆی کە ناوی (المسیح)ە، عیسای کوڕی مەریەمە، کە پایە بەرزە لەم دنیادا، لە قیامەتیشدا لە دەستەی نزیکانە. ( ٤٦ ) لە بێشکەدا*

*قسه دەكات بۆ خەڵكی، لە پیاو چاكانیشە.( ٤٧ )   مەریەم وتی: پەروەردگار، من منداڵم دەبێت، خۆ كەس توخنم نەكەوتووە، فریشتەی خودا ووتی: ویست وفەرمانی خودا هەروایە و چی بوێت دروستی دەكات، هەر كاتێک شتێكی بوێت تەنها پێی بڵێ ببە، دەستبەجێ دەبێت.( ٤٨ )   هەروەها فێری كتێب و دانایی و تەورات و ئینجیلی دەكات. ( ٤٩ )   پێغەمبەرێك بۆ نەوەی ئیسرائیل، بۆ لای ئێوە رەوانەكراوم، بەڵگە و نیشانەیەكیشم پێ یە لە لایەن پەروەردگارتانەوە، من لە قوڕ شێوەی باڵندەتان بۆ دروست دەكەم، ئینجا فووی پێدا دەكەم، بەفرمانی خودا یەكسەر دەبێتە باڵندەیەكی زیندوو و كوێری زكماك و نەخۆشی بەڵەكیی چاک دەكەمەوە و مردووانیش زیندوو دەكەمەوە بەفرمانی خودا و هەواڵی ئەو شتانەی كە دەیخۆن و هەڵی دەگرن لە ماڵەكانتاندا پێتان ڕادەگەیەنم، لەو شتانەدا بەڵگەو نیشانە هەیە بۆتان ئەگەر ئیماندارن.*

جا ئەم دەقە قورئانیە ئەم ڕاستیانەمان بۆ دەردەخات:

١ – مەسیح دروستكەرە. (انِّیٓ اخۡلقُ لكُم مِّنَ ٱلطین كَهَیَٔہ ٱلطیۡرِ فَانفُخُ فِیهِ فَیكونُ طیۡرًۢا بِاذنِ ٱللهِۖ).

جا دروستكردن لە قوڕ و فووكردن پیایدا واتە رۆح لەبەركردن ئەوە كاری یەزدانە وەك قورئان خۆی دەڵێت: إِذۡ قَالَ رَبُّكَ لِلۡمَلَٰٓئِكَةِ إِنِّی خَٰلِقُۢ بَشَرٗا مِّن طِینٖ (٧١) فَإِذَا سَوَّیۡتُهُۥ وَنَفَخۡتُ فِیهِ مِن رُّوحِی فَقَعُواْ لَهُۥ سَٰجِدِینَ (٧٢)

٢ – مەسیح ڕووناكی گەڕانەوە بۆ چاوی یەكێك كە بە كوێری لە دایك بوو بوو (وَاۡبۡرِئُ ٱلۡاكۡمَهَ)

٣ – مەسیح مردووی زیندوكردۆتەوە. (وَاحۡیِی ٱلۡمَوۡتَیٰ)

جا قورئان خۆی دان بەوەدا دەنێت تەنیا یەزدان دەتوانێت مردو زیندوو بكاتەوە فَٱنظُرۡ إِلَىٰٓ ءَاثَٰرِ رَحۡمَتِ ٱللَّهِ كَيۡفَ يُحۡيِ ٱلۡأَرۡضَ بَعۡدَ مَوۡتِهَآۚ إِنَّ ذَٰلِكَ لَمُحۡيِ ٱلۡمَوۡتَىٰۖ وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٞ (٥٠). (سورة الروم ٥٠ )

٤ – مەسیح شتی نەزانراوی زانیوە. بە قوتابیەكانی فەرمووە: پێشبینیتان بۆ دەكەم چی بخۆن و چی كۆبكەنەوە لە ماڵەكانتان. جا بە شایەتی قورئان عیلمی غەیب تەنیا هی یەزدانە، لەو بارەیەوە لە سورەتی الحجرات ١٨

نووسراوه: إِنَّ ٱللَّهَ يَعۡلَمُ غَيۡبَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۚ وَٱللَّهُ بَصِيرُۢ بِمَا تَعۡمَلُونَ (١٨).
واته: *(١٨) بێگومان خودا نهێنی و شاراوەکانی ئاسمان و زەوی دەزانێت، هەروەها خودای گەورە بینایە بەهەموو ئەو کردەوانەی کە ئەنجامی دەدەن.*
قُلۡ إِنَّ ٱلۡمَوۡتَ ٱلَّذِي تَفِرُّونَ مِنۡهُ فَإِنَّهُۥ مُلَٰقِيكُمۡۖ ثُمَّ تُرَدُّونَ إِلَىٰ عَٰلِمِ ٱلۡغَيۡبِ وَٱلشَّهَٰدَةِ فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمۡ تَعۡمَلُونَ (٨). سُوْرَه الجُمُعَة (٨)
واته: *(٨) بڵێ، ئەو مردنەی کە ڕادەکەن لێی هەر یەخەتان پێ دەگرێت، پاشان دەگەڕێنرێنەوە بۆ لای کەسێك کە زانایە بەنهێنی و ئاشکرا، ئەوسا ئاگادارتان دەکات بەوەی کە دەتانکرد.*

بەڵام موحەمەد دانی بەوەدا ناوە کە عیلمی غەیبی نەزانیوە، لەم دوو سورەتەی خوداڕەوەدا باسکراوە: قُل لَّآ أَمۡلِكُ لِنَفۡسِي نَفۡعٗا وَلَا ضَرًّا إِلَّا مَا شَآءَ ٱللَّهُۚ وَلَوۡ كُنتُ أَعۡلَمُ ٱلۡغَيۡبَ لَٱسۡتَكۡثَرۡتُ مِنَ ٱلۡخَيۡرِ وَمَا مَسَّنِيَ ٱلسُّوٓءُۚ إِنۡ أَنَا۠ إِلَّا نَذِيرٞ وَبَشِيرٞ لِّقَوۡمٖ يُؤۡمِنُونَ (١٨٨). سورة الاعراف ١٨٨.
واته: (١٨٨) پێیان بڵێ: من هیچ قازانج یان زەرەرێك بۆ خۆم نییە مەگەر ویستی الله‌ی لەسەربێت، خۆ ئەگەر غەیب و شاراوەکانم بزانیایە ئەوە چاکەی زۆرم کۆدەکردەوە بۆخۆم و هیچ ناخۆشیەکیشم تووش نەدەبوو، من هیچ شتێک نیم تەنیا ڕێ نیشاندەرێك و مژدەدەریشم بۆ کەسانێک کە باوەڕ دەهێنن.
هەروەها لەم سورەتەدا: سورة الانعام (قُل لَّآ أَقُولُ لَكُمۡ عِندِي خَزَآئِنُ ٱللَّهِ وَلَآ أَعۡلَمُ ٱلۡغَيۡبَ وَلَآ أَقُولُ لَكُمۡ إِنِّي مَلَكٌۖ إِنۡ أَتَّبِعُ إِلَّا مَا يُوحَىٰٓ إِلَيَّۚ قُلۡ هَلۡ يَسۡتَوِي ٱلۡأَعۡمَىٰ وَٱلۡبَصِيرُۚ أَفَلَا تَتَفَكَّرُونَ (٥٠)).
واته: *(٥٠) پێیان بڵێ: من پێتان ناڵێم گەنجینەکانی الله لای منە، هەروەها لەنهێنی و شاراوەکانیش هیچ نازانم و ئاگادارنیم و پێتان ناڵێم من پاشام، تەنها شوێنی ئەوە دەکەوم کە بەوەحی و نیگا پێم دەگات، بڵێ: ئایا کوێرو چاوساغ وەک یەکن؟ ئایا بۆ تێنافکرن .*

جا دەبوایە ئەوەی دوای مەسیح هات، ئەوەی داوا لە مەسیحییەکان دەکات باوەڕ بهێنن بە قورئانەکەی و واز لە ئایینەکەیان بهێنن، ئەو ئاینەی لایەنی گیراوە بە کاری سەرسوڕهێنەری ئاسمانی، ئەویش بە چەندین کاری سەرسوڕهێنەر لایەنی بگیرایە کە زیاتر بوایە لەوانەی

مەسیح کردی، تاوەکو بتوانێت مەسیحییەکان ڕازی بکات ببن بە موسڵمان و واز لە مەسیح بهێنن کە خۆشی ویستوون و خۆی بەختکرد لە پێناویاندا و لەسەر خاچ گیانی خۆی بەخشی. بە تایبەتی چونکە قورئان دەربارەی موحەمەد دەڵێت: دوا پێغەمبەرە وە ئیسلامیش تاقە ئایینە کە پەسەند کراوە لای یەزدان. لە هەمان کاتدا موحەمەد خۆی بێتوانایی تەواوی دەربڕیوە لە کردنی کاری سەرسوڕهێنەر جا لەو بارەیەوە قورئان دەڵێت: قُلْ إِنَّمَا ٱلْءَايَٰتُ عِندَ ٱللَّهِ وَإِنَّمَآ أَنَا۠ نَذِيرٌ مُّبِينٌ سورة العنكبوت (٥٠).

واتە: *(٥٠) بڵێ: موعجیزە لەلای الله خۆیەتی و من تەنها ئاگادارکەرەوە و بێدارکەرەوەیەکی ئاشکرام بۆتان.*

بێتوانایی موحەمەد لە کاری سەرسوڕهێنەر بەڵگەیەکی تەواوە کەوا ئەو پێغەمبەر و نێردراو نەبووە. جا بەمانەدا بۆمان دەردەکەوێت ئەو جیاوازییانەی لە نێوان موحەمەد و مەسیحدا هەیە جیاوازییەکە کە بە دەم باس ناکرێت.

# بەشی حەوتەم

## موحەمەد دەموچاوی گرژ کردووە کاتێك کوێرێك هاتووە بۆ لای

قورئان باس دەکات کەوا موحەمەد کاتێکك کوێرێکی بینیوە دەموچاوی گرژ کردووە و ئەو شوێنەی بەجێهێشتووە، بەڵام سەردەمی تازەی پەڕتووکی پیرۆز پێمان دەڵێت کە مەسیح وەستاوە بۆ کوێر و بانگی کردووە و ڕووناکی گەڕاندۆتەوە بۆ چاوەکانی.

لە قورئاندا لەو بارەیەوە دەربارەی موحەمەد دەخوێنینەوە:

عَبَسَ وَتَوَلَّىٰٓ (١) أَن جَآءَهُ ٱلۡأَعۡمَىٰ (٢) وَمَا يُدۡرِيكَ لَعَلَّهُۥ يَزَّكَّىٰٓ (٣) أَوۡ يَذَّكَّرُ فَتَنفَعَهُ ٱلذِّكۡرَىٰٓ (٤) (سورة عبس ١ تا ٤ )

واتە: *( 1 ) ڕووی گرژکردو ڕووی وەرگێڕا. ( 2 ) کاتێك نابینایەك هاتە لای. ( 3 ) جا تۆ چوزانیت بەڵکو هاتووە خۆی خاوێن بکاتەوە.( 4 ) یاخود ئامۆژگاری وەربگرێت، تا ئامۆژگاریەکە سوودی پێبگەیەنێت.*

ڕوونکردنەوەی ئەم دەقە بەم شێوەیەیە: کوڕی (ئوم کەلثووم) یەکێکە لە شوێنکەوتووەکانی موحەمەد، کوێر دەبێت، ڕۆژێك دێت بۆلای موحەمەد لە کاتێکدا ئەو سەرقاڵ بوو بە گەورە پیاوانی قوریشەوە تا بانگەوازیان بکات بۆ ئاینی ئیسلام، لەو کاتەدا ئەسحابەکە قسەکەی پێ بڕی و ووتی: فێرم کە ئەوەی یەزدان فێری کردوویت ، جا ئەمەی دووبارە کردەوە، چونکە نەیزانی موحەمەد چەند سەرقاڵی خەڵکەکەیە، لەوێدا بینرراوە چۆن موحەمەد ڕووگرژ دەکات و دەنەڕێنێت بەسەر ئەسحابە کوێرکەدا

بەڵام لە ئینجیلدا لەو بارەیەوە دەربارەی عیسا دەخوێنینەوە کە وەستاوە بۆ بارتیماوسی کوڕی تیماوس کە کوێر بووە، مەسیح ڕووناکی دەگەڕێنێتەوە بۆ چاوەکانی، لەو

بارەیەوە لە پەڕتووکی پیرۆزدا نووسراوە: ئینجا عیسا گەیشتە ئەریحا، کاتێك ئەریحایان بەجێهێشت قوتابییەکان و خەڵکێکی زۆری لەگەڵ بوو، کوڕی تیماوس کە بارتیماوسی پێدەوترا کوێر بوو، لەسەرە ڕێگادا دانیشتبوو سواڵی دەکرد. کاتێکك بیستی عیسای ناسرییە لەوێوە دەڕوات، دەستیکرد بە هاوارکردن و وتی: ئەی عیسای کوڕی داود بەزەیت پێمدابێتەوە، لەوێدا زۆر کەس سەرزەنشتیان کرد تا بێدەنگ بێت، بەڵام ئەو زیاتر هاواری کرد: (ڕۆڵەی داود، بەزەیت پێمدابێتەوە ) عیسا ڕاوەستا و فەرمووی: بانگی بکەن. ئەوانیش کابرای کوێریان بانگکرد و وتیان: بە وورەبە، هەستە، بانگت دەکات. ئەویش کەواکەی بەری فڕێداو رۆیشت بەرەو لای عیسا. لەوێدا عیسا لێی پرسی: دەتەوێت چیت بۆ بکەم؟ کابرای کوێر وەڵامی دایەوە: گەورەم، دەمەوێت چاوم چاکبکەیتەوە. ئینجا عیسا فەرمووی: بڕۆ، باوەڕت چاکیکردیتەوە. ئیتر دەستبەجێ کابرا چاوی ڕوناکی تێکەوت و بە دوای عیسادا ڕۆیشت بەرێدا. مەرقۆس ١٠: ٤٦ ــ ٥٢

جا بەمەدا بۆمان دەردەکەوێت جیاوازی چەند زۆرە لە نێوان عیسادا کە وەستا بۆ کوێرێك و ڕووناکی خستە چاوەکانیەوە، وە لەگەڵ موحەمەددا کاتێك کوێرەکە هات بۆ لای دەموچاوی گرژ کردو ڕووی لێ وەرگێڕا.

## بەشی هەشتەم

## ئیسلام ئاین و دەوڵەتە

موحەمەد وای لە ئیسلام کرد ببێت بە ئاین و بە دەوڵەت، وە قورئانیشی کرد بە شەریعەتی دەوڵەتی ئیسلام. شەریعەتی ئیسلام بەزەیی تێدا نییە بۆ ئەوانەی تاوانبارن، ڕێزی نییە بۆ ئەوانەی موسڵمان نین، هەروەها شوێنی بۆ ژن دانەناوە، بەڵام مەسیح کڵێساکەی لەسەر بناغەی خۆشەویستی و لێخۆشبوون دامەزراندووە وە دەرگای تۆبە کردن و باوەڕی بۆ تاوانباران کردۆتەوە، هەروەها ئاین و دەوڵەتی لە یەکتر جیا کردۆتەوە بەوەی ووتویەتی: (ئەوەی هی قەیسەرە بیدەن بە قەیسەر، ئەوەش کە هی خودایە بیدەن بە خودا).

موحەمەد وای لە ئیسلام کرد ببێت بە ئاین و دەوڵەت، چونکە بە بێ حکومەتی ئیسلام ناتوانرێت شەریعەتی قورئان پیادە بکرێت، وە قورئان ببێت بە شەریعەتی دەوڵەتی موسڵمانەکان.

موسڵمانەکان لە ئەوروپا، ئوسترالیا، ئامریکا، کەنەدا، وە هەموو ئەو دەوڵەتانەی کە حکومەتی ئیسلام حوکم ناکات تیایاندا پیادەکردنی شەریعەتی قورئان دەکەن ، بەڵام بە ڕەسمی ناتوانێت لەسەری بڕوات. بۆ نموونە ناتوانێت زیاتر لە ژنێکی هەبێت. ناتوانێت دەستی دز ببڕێت ، ناتوانێت واز لە کار بهێنێت بۆ پێنج جار نوێژ کردن ، وە ناتوانێت یاسای میراتی قورئان بەکار بهێنێت مەگەر ئەو کەسە وەسیەتنامەی نووسی بێت. جا یەکێك ناتوانێت لەسەر شەریعەتی ئیسلام بڕوات تەنیا بە دەسەلاتی حکومەتی ئیسلام نەبێت. لەبەرئەمە هەندێك لە موسڵمانە

سەرکێشەکان، لەو وولاتانەی کە بە شەریعەتی ئیسلام حوکم ناکرێت ، دەیانەوێت بە هۆی کوشتن و ڕفاندن و کاول کردنەوە دەسەلاات بە دەست بهێنن، جا ئەوان بە بەکارهێنانی ئەو شێوە بەربەرییە ڕاسپاردەکانی قورئان دەهێننە دی و جێبە جێی دەکەن.

وَقَٰتِلُوهُمۡ حَتَّىٰ لَا تَكُونَ فِتۡنَةٞ وَيَكُونَ ٱلدِّينُ لِلَّهِۖ فَإِنِ ٱنتَهَوۡاْ فَلَا عُدۡوَٰنَ إِلَّا عَلَى ٱلظَّٰلِمِينَ (١٩٣). (سورة البقرة ١٩٣ )

واتە: (١٩٣) *بیانکوژن تا وەکو نەبن بەفیتنە، تا دین و فەرمانڕەوایی هەر بۆ الله بێت، ئەگەر کۆتاییان پێهات ئەوا هیچ جۆرە دژایەتیەکیان نامێنێت تەنها دژ بە ستەمکارەکان نەبێت.*

قُل لِّلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ إِن يَنتَهُواْ يُغۡفَرۡ لَهُم مَّا قَدۡ سَلَفَ وَإِن يَعُودُواْ فَقَدۡ مَضَتۡ سُنَّتُ ٱلۡأَوَّلِينَ (٣٨) وَقَٰتِلُوهُمۡ حَتَّىٰ لَا تَكُونَ فِتۡنَةٞ وَيَكُونَ ٱلدِّينُ كُلُّهُۥ لِلَّهِۚ فَإِنِ ٱنتَهَوۡاْ فَإِنَّ ٱللَّهَ بِمَا يَعۡمَلُونَ بَصِيرٞ (٣٩). (سورة الانفال ٣٨ – ٣٩).

واتە: ( 38 ) *بەکافران بڵێ: ئەگەر کۆڵ بدەن ئەوە چاوپۆشی لە گوناهی ڕابردوویان دەکرێت، خۆ ئەگەر بگەڕێنەوەو جا ئەوە یاسای پێشینەکانیان بەسەردا دەسەپێنرێت. ( 39 ) (ئەی ئیمانداران) بیانکوژن تا نەبن بە فیتنە تا دین هەر هەمووی بۆ اللە بێت، ئەگەر کۆتاییان پێهات، ئەوە الله بەهەموو ئەوەی دەیکەن بینایە.*

موسڵمانەکان خەو دەبینن بەو ڕۆژەی کە ئاینی ئیسلام لەناو هەموو جیهاندا بلاودەبێتەوە و دەبێت بە ئاینی هەموو جیهان، ئیتر ئەوسا دەتوانن شەریعەتی قورئان پیادە بکەن. جا شەریعەتی قورئان هیچ بەزەیی و دڵنەرمی تێدا نیە بەرامبەر بە تاوانباران وە هیچ دان نانێت بە دیموکراتی و سەربەستی تاك لەناو کۆمەڵدا. بۆ نموونە شەریعەتی قورئان فەرمان دەدات بە بڕینی دەستی دز. ئەمەش لە سورەتی المائدة ٣٨ بەم شێوەیە باسی لێوەکراوە: وَٱلسَّارِقُ وَٱلسَّارِقَةُ فَٱقۡطَعُوٓاْ أَيۡدِيَهُمَا جَزَآءَۢ بِمَا كَسَبَا نَكَٰلٗا مِّنَ ٱللَّهِۗ وَٱللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٞ (٣٨). (سورة المائدة )

واتە: *(٣٨) دەستی پیاوی دزو ئافرەتی دز ببڕن لە پاداشتی کاری ناڕەوایاندا ئەمەش تۆڵەیەکە لە لایەن الله وە، الله باڵادەست و دانایە.*

جا ئەم سزا سەختە دەرگا دادەخات لەبەردەم ئەو دزەی کە دەستی بڕاوە، چونکە ئەو کەسە پاش دەست بڕینی ئیتر ناتوانێت کار بکات، ئەو دەستە بڕاوەی دەبێت بە شورەییەك بە درێژایی ژیانی. بەمەدا بۆمان دەردەکەوێت هیچ بەزەییەك نییە بەرامبەر بە تاوانباران.

شەریعەتی قورئان فەرمان دەدات کە داوێن پیس سەد قامچی لێ بدرێت، ئەمەش لە سورەتی النور ٢ بەم شێوەیە باسی لێوەکراوە: ٱلزَّانِيَةُ وَٱلزَّانِى فَٱجْلِدُواْ كُلَّ وَٰحِدٍ مِّنْهُمَا مِاْئَةَ جَلْدَةٍۖ وَلَا تَأْخُذْكُم بِهِمَا رَأْفَةٌ فِى دِينِ ٱللَّهِ إِن كُنتُمْ تُؤْمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِۖ وَلْيَشْهَدْ عَذَابَهُمَا طَآئِفَةٌ مِّنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ (٢) (سُوْرَة النُّور)

واتە: *(٢) سەد قامچی لەهەریەك لە ئافرەت و پیاوی زیناکەر بدەن، بەزەیتان پێیاندا نەیەتەوە لە بەجێهێنانی فەرمانی الله بۆیان، ئەگەر ئێوە باوەڕتان بە الله و بە ڕۆژی دوایی هەیە، با دەستەیەکیش لە موسوڵمانان سزاکەیان ببینن.*

شەریعەتی قورئان موسڵمانەکان دەگەڕێنێتەوە بۆ سەردەمی ڕۆژانی فەرمانڕەوایی ڕۆمەکان، کاتێك لە ڕۆما مەسیحییەکانیان کۆدەکردەوە لە گۆڕەپانی (کۆلەسیم) وەك خواردن دەیان خستنە بەردەم ئاژەڵە کێویە برسییەکان، لەبەردەم هەزاران تەمەشاکەردا کە بەخۆشی و گەرمییەوە چەپڵەیان لێدەدا، کاتێك دەیان بینی شێرە برسییەکان گۆشتی مەسیحیەکانیان دەخوارد. جا ئەمە بە ڕوانگای ئێمە لوتکەی دڕندەیی مرۆڤە، کە ئازارەکەی کۆمەڵێك لە باوەڕداران چەشتیان.

شەریعەتی قورئان فەرمان دەدات بە کوشتنی ئەو موسڵمانەی لە ئاینی ئیسلام هەڵگەڕاوەتەوە، ئەمەش لە سورەتی النساء ٨٨ و ٨٩ دا باسکراوە:

فَمَا لَكُمْ فِى ٱلْمُنَٰفِقِينَ فِئَتَيْنِ وَٱللَّهُ أَرْكَسَهُم بِمَا كَسَبُوٓاْۚ أَتُرِيدُونَ أَن تَهْدُواْ مَنْ أَضَلَّ ٱللَّهُۖ وَمَن يُضْلِلِ ٱللَّهُ فَلَن تَجِدَ لَهُۥ سَبِيلاً (٨٨) وَدُّواْ لَوْ تَكْفُرُونَ كَمَا كَفَرُواْ

فَتَكُونُونَ سَوَآءٗۖ فَلَا تَتَّخِذُواْ مِنۡهُمۡ أَوۡلِيَآءَ حَتَّىٰ يُهَاجِرُواْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِۚ فَإِن تَوَلَّوۡاْ فَخُذُوهُمۡ وَٱقۡتُلُوهُمۡ حَيۡثُ وَجَدتُّمُوهُمۡۖ وَلَا تَتَّخِذُواْ مِنۡهُمۡ وَلِيّٗا وَلَا نَصِيرًا ﴿٨٩﴾.

واتە: *(٨٨) جا ئەوە چیتانە دەربارەی مونافیقەکان بوون بە دوو دەستەوە؟! الله دەریکردن لەسەر ئەو کردەوانەی کە کردیان، ئایا دەتانەوێت کەسێک ڕێنمایی بکەن کە اللەی وون کردووە؟! بێگومان ئەوەی الله وون بکات، ئەوە تۆ ڕێگەی بۆ نادۆزیتەوە. ( ٨٩ ) ئاواتە خوازن کە ئێوەش بێ باوەڕ بن وەک خۆیان بێ باوەڕ بوون، ئەو کاتە یەکسان دەبن لە بێ باوەڕیدا، کەواتە لەوانە هاوڕێ مەگرن هەتا کۆچ دەکەن لەپێناوی الله دا، خۆ ئەگەر یاخی بوون و پشتیان تێکردن، ئێوە بیانگرن و بیانکوژن لە هەر کوێدا ئەوانەتان دەستکەوت، هەرگیز نەکەن ئەوانە بکەنە یاوەرو هاوکار.*

ئەم ئایەتە قورئانیە بۆ ئەو موسڵمانانە هاتۆتە خوارەوە کە لە مەدینە دەرچوون و چوونەتە پاڵ ئەو کافرانەی کە لە مەککەدا بوون بۆیە پێیان ووتراوە: يحب و هؤلاء المرتدون ان تكفروا كما كفروا فاحذروا ان تتاخذوا منهم اصدقاء حتى يعودوا فيهاجروا اليكم فى سبيل الله. فان يروا على ما هم فيه فاقتلوهم حيث وجدتمهم. (المصحف المفسر صفحة ١١٦)

وَإِن نَّكَثُوٓاْ أَيۡمَٰنَهُم مِّنۢ بَعۡدِ عَهۡدِهِمۡ وَطَعَنُواْ فِي دِينِكُمۡ فَقَٰتِلُوٓاْ أَئِمَّةَ ٱلۡكُفۡرِ إِنَّهُمۡ لَآ أَيۡمَٰنَ لَهُمۡ لَعَلَّهُمۡ يَنتَهُونَ ﴿١٢﴾ أَلَا تُقَٰتِلُونَ قَوۡمٗا نَّكَثُوٓاْ أَيۡمَٰنَهُمۡ وَهَمُّواْ بِإِخۡرَاجِ ٱلرَّسُولِ وَهُم بَدَءُوكُمۡ أَوَّلَ مَرَّةٍۚ أَتَخۡشَوۡنَهُمۡۚ فَٱللَّهُ أَحَقُّ أَن تَخۡشَوۡهُ إِن كُنتُم مُّؤۡمِنِينَ ﴿١٣﴾ قَٰتِلُوهُمۡ يُعَذِّبۡهُمُ ٱللَّهُ بِأَيۡدِيكُمۡ وَيُخۡزِهِمۡ وَيَنصُرۡكُمۡ عَلَيۡهِمۡ وَيَشۡفِ صُدُورَ قَوۡمٖ مُّؤۡمِنِينَ ﴿١٤﴾ وَيُذۡهِبۡ غَيۡظَ قُلُوبِهِمۡۗ وَيَتُوبُ ٱللَّهُ عَلَىٰ مَن يَشَآءُۗ وَٱللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ ﴿١٥﴾. سورة التوبة ١٢ - ١٥

واتە: *( ١٢ ) ئەگەر لەدوای بەڵێنەکانیان پەیمانەکانیان بشکێنن و تانە لە ئاینەکەتان بدەن، ئەوە گەلی کافر بکوژن، ئەوان هیچ باوەڕێکیان نیە، لێیان بدەن تا کۆتاییان پێ بهێنن. ( ١٣ ) ئایا ئێوە ناجەنگن دژی کۆمەڵێك کە باوەڕیان شکاندووە و هەوڵیشیاندا کە پێغەمبەر دەرکەن، هەر ئەوانیش یەکەمجار دەستیان پێکرد، ئایا لەوان دەترسن؟ جا خۆ هەر الله شایستەیە کە لێی بترسن ئەگەر ئێوە ئیماندارن. ( ١٤ ) بیانکوژن، الله بە بەدەستی ئێوە عەزابیان دەدات و سەرشۆڕیان دەکات، سەرتان دەخات بە سەریاندا و سینەی گەلی ئیمانداریش ئاسوودە دەکات. ( ١٥ ) هەرچی ئازارو کینەش هەیە لەدڵی ئیمانداراندا لای دەبات، الله تەوبەو پەشیمانی لەو کەسە وەردەگرێت کە خۆی دەیەوێت ، اللەی گەورە زاناو دانایە.*

موسڵمان دڵی پڕ لە ڕقە بەرامبەر بەوانەی لە ئاینی ئیسلام هەڵگەڕاونەتەوە، وە لەو باوەڕەدایە هەڵگەڕاوە لە ئاینی ئیسلام نابێت بژی، خۆی وا دادەنێت گەر ئەو کەسەی کوشت، یەزدان خودی خۆی بەکاری هێناوە وەك ئامێرێکی ئازارو لەناوبردن وە ئەوەی کردوویەتی جێگەی ڕەزامەندی ئەوە . جا هیچ درۆیەك و دڕندەییەك نییە وەك ئەم بیرکردنەوەیە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ئەوەی موسڵمان بێت دەچێتە بەندینخانەیەکەوە، کە ناتوانێت لێی بێتە دەرەوە، مێشکی وەك بەردی لێدێت و هیچ سەربەستییەکی نابێت یان ئەوەتا بە موسڵمانی دەمێنێتەوە یان بە دەستی موسڵمانان دەکوژرێت. وەك موحەمەد فەرمانی پێداون: (قاتلوهم يعذبهم اللة بايديكم..... ويشف صدور قوم مومينين ).

جا بەمەدا بۆمان دەردەکەوێت دوکتۆر ( روشدی فەکار) درۆی کردووە کاتێك وتویەتی ئیسلام بە پێوانەیەکی نەمر دەمێنێتەوە دەربارەی مافی مرۆڤ. لێرەدا تەنیا ئێمە ئەوەمان بەسە کە دەست نیشانی ئەو فەرمانە بکەین کە ڕێگەی داوە بە خومەینی بووترێت (ايه الله روح الله الخميني). خومەینی بۆ کوشتنی نووسەری ئینگلیزی (سەلمان روشدی) ، چونکە پەرتووکێکی دەرکردووە بە ناونیشانی (الايات الشيطانية) ، پاداشتی ملیۆنێك دۆلاری دانا بوو، وە ئێستا گەیشتۆتە ٣ ملیۆن دۆلار بۆ ئەو کەسەی کە سەلمان روشدی بکوژێت.

ئێمە هەرچەندە ڕازی نین بەو شێوە ناشیرینەی کە (سەلمان روشدی) بەکاری هێناوە دەربارەی موحەمەد و ژنەکانی لە پەرتووکەکەیدا، بەڵام ئێمە بە توندی ئەو فەرمانە ڕەت دەکەینەوە کە خومەینی دەریکردووە. چونکە نە خومەینی و نە کەسانی تر ناتوانن ڕێگە لە بیرکردنەوەی مرۆڤ بگرن

یان فەرمانی لە سێدارەدانی یەکێك بدەن کە وازی لە ئاینی ئیسلام هێناوە. تەنیا یەزدان مافی ئەوەی هەیە لێپرسینەوە لەگەڵ مرۆڤدا بکات و سزای بدات چونکە ئەو (مالك یوم الدین) ە. بەلاَم ئەوەتا شەریعەتی قورئان ڕێگە دەدات بە خوێن ڕشتنی هەموو موسوڵمانێك کە وازی لە ئاینەکەی خۆی هێنا بێت.

ئەم شەریعەتە ناتوانرێت جێبەجێ بکرێت تەنیا لە دەوڵەتە ئیسلامییەکاندا نەبێت کە فەرمان دەردەکەن بەپێی شەریعەتی قورئان، یان لە ڕێگەی کوشتنی رۆشنبیران بۆ نموونە: موسڵمانەکان ئەو نووسەرەیان کوشت کە پەڕتووکی (الایات الشیطانیة) ی وەرگێڕاوە بۆ زمانی یۆنانی، هەروەها دوکتۆر ( فەرج فودە) یان کوشت، کە نووسەرێکی موسڵمان بوو چونکە لایەنە تاریکەکانی ئیسلامی دەرخستبوو لە پەرتووکەکەیدا بە ناونیشانی (ڕاستییەکی وون بوو) وە ( زواج المتعة) و هەندێ پەرتووك و چەندین ووتاردا. وە هەوڵی کوشتنی زۆر ڕۆشنبیری تریان داوە چونکە ڕۆشنبیرانی ئەم سەردەمە نکوولی ئەو دەقە قورئانییانە دەکەنەوە کە موسڵمانان هان دەدات بۆ کوشتنی ئەوانەی وازیان لە ئاینی ئیسلام هێناوە، ئەمە وا لە موسڵمانان دەکات ببن بە دادگەر بەسەر دەرون و بیرکردنەوەی مرۆڤەوە، وە خۆیان بە بەرزتر دابنێن بەسەر خەڵکانی تردا. جا بۆیە جیهانی پێشکەوتووی ئەم سەردەمە بە بەربەری و دڕندە ناویان دەبات.

هەروەها شەریعەتی قورئان فەرمان دەدات بە لێدانی ژن و قەدەغە کردنی سێکس لەگەڵیدا گەر بەرهەڵستی کرد ملکەچی مێردەکەی بێت. لەو بارەیەوە لە سورەتی النساء ٣٤ نووسراوە: ٱلرِّجَالُ قَوَّٰمُونَ عَلَى ٱلنِّسَآءِ بِمَا فَضَّلَ ٱللَّهُ بَعۡضَهُمۡ عَلَىٰ

بَعۡضٖ وَبِمَآ أَنفَقُواْ مِنۡ أَمۡوَٰلِهِمۡۚ فَٱلصَّٰلِحَٰتُ قَٰنِتَٰتٌ حَٰفِظَٰتٞ لِّلۡغَيۡبِ بِمَا حَفِظَ ٱللَّهُۚ وَٱلَّٰتِي تَخَافُونَ نُشُوزَهُنَّ فَعِظُوهُنَّ وَٱهۡجُرُوهُنَّ فِي ٱلۡمَضَاجِعِ وَٱضۡرِبُوهُنَّۖ فَإِنۡ أَطَعۡنَكُمۡ فَلَا تَبۡغُواْ عَلَيۡهِنَّ سَبِيلًاۗ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلِيّٗا كَبِيرٗا

واته: *(٣٤) پیاوان سەرپەرشتیارن بەسەر ژنەکانەوە، چونکە الله فەزڵی هەندێکی داوە بەسەر هەندێکی تردا، کە پیاوان لەماڵ و سامانیان خەرج دەکەن، ئافرەتانی ژیرو گونجاو نهێنی دەپارێزن، ئەوەی کە الله پاراستووەیەتی، ئەو ئافرەتانی ئێوە لە سەرکەشیان دەترسن سەرەتا ئامۆژگاریان بکەن، پاشان مەچنە سەرجێگا لەگەڵیاندا پشت گویان بخەن، هەروەها لێیان بدەن، ئەگەر بەم هۆیانەوە گوێڕایەڵتان بوون ، ئەوە ئیتر ڕێگەی تر مەگرنەبەر، الله بەرزو بڵندو گەورەیە.*

لێرەدا دەبینین بە تەواوی بە پێچەوانەی ئەوەیە کە یەزدان فەرمانی پێداوە لە سەردەمی تازەی پەڕتووکی پیرۆزدا. لەو بارەیەوە نووسراوە: ئەی پیاوان، ژنەکانتان خۆش بوێت، لەگەڵیاندا ڕەق مەبن. (کۆلۆسی ٣: ١٩).

ئێوەش ئەی مێردەکان بە شێوەیەك بژین هەستی ژنەکانتان لەبەرچاو بگرن، ڕێزیان بگرن، وەك ڕەگەزێکی لاوازتر کە بەشداریتان دەکەن لە میراتی بەرەکەتی ژیاندا، تاوەکو نوێژەکانتان کۆسپی تێنەکەوێت. (١ پەترۆس ٣: ٧ )

هەروەها شەریعەتی قورئان بۆ نێرینە لە کاتی میراتیدا دوو بەشی بۆ دادەنێت وەکو لە سورەتی النساء ١١ نووسراوە:

يُوصِيكُمُ ٱللَّهُ فِيٓ أَوۡلَٰدِكُمۡۖ لِلذَّكَرِ مِثۡلُ حَظِّ ٱلۡأُنثَيَيۡنِۚ

واته: *(١١) الله فەرمانتان پێ دەدات کە بەشی نێرینەیەکیان ئەندازەی بەشی دوو مێینە دەبێت.*

وە لە لایەکی ترەوە لە قورئاندا نووسراوە:

يَسۡتَفۡتُونَكَ قُلِ ٱللَّهُ يُفۡتِيكُمۡ فِي ٱلۡكَلَٰلَةِۚ إِنِ ٱمۡرُؤٌاْ هَلَكَ لَيۡسَ لَهُۥ وَلَدٞ وَلَهُۥٓ أُخۡتٞ فَلَهَا نِصۡفُ مَا تَرَكَۚ وَهُوَ يَرِثُهَآ إِن لَّمۡ يَكُن لَّهَا وَلَدٞۚ فَإِن كَانَتَا ٱثۡنَتَيۡنِ فَلَهُمَا ٱلثُّلُثَانِ مِمَّا تَرَكَۚ وَإِن كَانُوٓاْ إِخۡوَةٗ رِّجَالٗا وَنِسَآءٗ فَلِلذَّكَرِ مِثۡلُ حَظِّ ٱلۡأُنثَيَيۡنِۗ يُبَيِّنُ ٱللَّهُ لَكُمۡ أَن تَضِلُّواْۗ وَٱللَّهُ بِكُلِّ شَيۡءٍ عَلِيمُۢ (١٧٦). (سورة النساء ١٧٦ )

واته: *(١٧٦) داوای فتوات لێدەکەن، تۆش بڵێ دەربارەی (کلالە) ئەگەر کەسێک مرد و منداڵی نەبوو، هەر تەنها خوشکێکی هەبوو، ئەوە نیوەی سامانەکەی بۆ ئەوە، ئەگەر کوڕی نەبوو وە دوو کچی لە دوا بەجێ مابوو*

*ئەوە دووبەش لە سێ بەشی ئەوەی بەجێی هێشتووە بۆ ئەوان دەبێت، خۆ ئەگەر میراتگران نێر و مێ بوون هەموویشیان لە خوشک و برا پێکهاتبوون ئەوە بۆ نێرینەکەیان ئەندازەی بەشی دوو مێینە هەیە، اللەی گەورە ئەم شتانەتان بۆ ڕوون دەکاتەوە نەوەکو سەرگەردان ببن، اللەی گەورە بە هەموو شتێک زانایە.*

ژن لە ئیسلامدا هیچ نرخێکی نییە، بۆیە نابینین لە قورئاندا باسی هیچ ژنێك کرابێت جگە لە مریەمی داوێن پاك نەبێت. تەنانەت ناوی ژنەکانی موحەمەد کە دایکی باوەڕدارانن لە سورەتێك لە سورەتەکانی قورئاندا باسنەکراون.

شەریعەتی قورئان ڕێگە بە موحەمەد دەدات کە ژنەکانی تەڵاق بدات لەبەر هەر هۆیەك بێت، تەنانەت موحەمەد بە تەڵاقدان هەڕەشەی لە ژنەکانی کردووە، چونکە دژی ئەو پیلانیان داناوە. ئەو دەقە قورئانییانەی ڕێگە بە تەڵاقدان دەدەن زۆرن، تەنانەت سورەتێکی تەواو هەیە بە ناوی تەڵاقەوە بەم ووشانە دەست پێدەکات: سُوْرَةُ الطّلاَق

يَـٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ إِذَا طَلَّقۡتُمُ ٱلنِّسَآءَ فَطَلِّقُوهُنَّ لِعِدَّتِهِنَّ وَأَحۡصُواْ ٱلۡعِدَّةَۖ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ رَبَّكُمۡۖ لَا تُخۡرِجُوهُنَّ مِنۢ بُيُوتِهِنَّ وَلَا يَخۡرُجۡنَ إِلَّآ أَن يَأۡتِينَ بِفَٰحِشَةٖ مُّبَيِّنَةٖۚ وَتِلۡكَ حُدُودُ ٱللَّهِۚ وَمَن يَتَعَدَّ حُدُودَ ٱللَّهِ فَقَدۡ ظَلَمَ نَفۡسَهُۥۚ لَا تَدۡرِي لَعَلَّ ٱللَّهَ يُحۡدِثُ بَعۡدَ ذَٰلِكَ أَمۡرٗا (١) فَإِذَا بَلَغۡنَ أَجَلَهُنَّ فَأَمۡسِكُوهُنَّ بِمَعۡرُوفٍ أَوۡ فَارِقُوهُنَّ.

واتە: *( ١ ) ئەی پێغەمبەر ئەگەر ژنانتان تەڵاقدا ئەوا لەکاتی دیاری کراویاندا تەڵاقیان بدەن، حسابی ئەوکاتەش بە وردی ڕابگرن، لە الله بترسن و لەماڵەکانی خۆیاندا دەریان مەکەنە دەرەوە، ئافرەتەکانیش با لە ماڵ دەرنەچن، مەگەر کارێکی ناشیرین و ناڕەوای ئاشکرا ئەنجام بدەن، ئا ئەوەیە سنووری الله، ئەوەی لە سنووری الله بترازێت ئەوە ستەم لە خۆی دەکات، تۆ نازانیت لەوانەیە دوای ئەو الله بارودۆخێك پێش بهێنێت.( 2 ) کاتێك کە ئەنجەلیان هات ( ملی خۆیان لە چەقۆ ساوی) ، دەست بەرداریان مەبن لەگەڵ ڕەفتارو هەڵسوکەوتی چاکدا، یاخود وازیان لێبهێنن و لێیان جیاببنەوە.*

جا کاتێك ژنەکانی موحەمەد پیلانیان بۆی دانا، دوای ئەوەی موحەمەد زەینەبی کچی جەحشی هێنا کە ژنی ئەو زەیدەی کە تەبەنی کردبوو، ئایەتێك هاتە خوارەوە بۆیان

تێدا هەڕەشە لە ژنەکانی دەکات بە تەڵاقدان، ئەمەش دەقە قورئانیەکەیە: (عَسَىٰ رَبُّهُۥٓ إِن طَلَّقَكُنَّ أَن يُبْدِلَهُۥٓ أَزْوَٰجًا خَيْرًا مِّنكُنَّ مُسْلِمَٰتٍ مُّؤْمِنَٰتٍ قَٰنِتَٰتٍ تَٰٓئِبَٰتٍ عَٰبِدَٰتٍ سَٰٓئِحَٰتٍ ثَيِّبَٰتٍ وَأَبْكَارًا (٥). (سورة التحريم ٥)

واتە: (٥) *ئەگەر تەڵاقتان بدات، لەوانەیە الله هاوسەرانی چاکتر لە ئێوەی پی ببەخشێت، موسڵمان و باوەڕدار، ملکەچ، زوو لە هەڵە پەشیمان، الله پەرست و دیندار، هەروەها ئەو ئافرەتانە هەیانە بێوەژن و هەیانە کچن.*

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت تەڵاق بە هەر هۆیەك بێت ڕێگەی پێدراوە بەپێی شەریعەتی قورئان، بۆیە ژنی موسڵمان داماوە، چونکە دڵنیا نییە لە ئێستا و داهاتووی، وە شمشێری تەڵاق هەمیشە لەسەر ملیەتی هەڕەشە لە خۆی و ئارامی ماڵەکەی دەکات. هەروەها شەریعەتی قورئان فەرمان دەدات بە ژنی موسڵمان کە دەموچاویان داپۆشن بە ڕووپۆشەکانیان، جا بەو ڕووپۆشە ئەستوورانە قورئان نکوڵی لە بوونی ژن دەکات، چونکە ئەو لە ژێر ئەو ڕووپۆشە ئەستوورانەوە تەنیا وەکو تارماییەك دەجوڵێتەوە، هیچ کەسایەتیەك و بوونێکی نیە. لەو بارەیەوە لە سورەتی ئەحزاب ٥٩ دا نووسراوە: يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِىُّ قُل لِّأَزْوَٰجِكَ وَبَنَاتِكَ وَنِسَآءِ ٱلْمُؤْمِنِينَ يُدْنِينَ عَلَيْهِنَّ مِن جَلَٰبِيبِهِنَّ ۚ ذَٰلِكَ أَدْنَىٰٓ أَن يُعْرَفْنَ فَلَا يُؤْذَيْنَ ۗ وَكَانَ ٱللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا (٥٩)

واتە: (٥٩) *ئەی پێغەمبەر بە هاوسەرانت و کچەکانت و ئافرەتانی ئیماندار بڵێ: کە بە پۆشاکی باڵا پۆش خۆیان داپۆشن ئەوە لەبارترین شتە کە پێی بناسرێن، تا ئازار نەدرێن، الله لێخۆشبوو میهرەبانە.*

بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم دەقە قورئانیە لە المصحف المفسر لاپەرە ٥٦٠ بەم شێوەیە نووسراوە (یا ایها النبی اؤمر نساءك ونساء المؤمینین یغطین وجوهن بجلابیبهن ذلك اقرب ان یمیزن عن الفواجر فلا یتعرج احد لهن بسوء. (المصحف المفسر صفحة ٥٦٠)، جا هەر لە ژێر ئەم ڕووپۆشین و خۆ داپۆشینەدایە، خراپەی پیاوانی موسڵمانان شاردراوەتەوە، ئەوانەی هەڵدەستن بە خراپترین کار لە گەڵ ژناندا

بێئەوەی کەس ئەم ڕاستییە بزانێت، وە شەریعەتی قورئان ڕێگە بە پیاوێکی موسڵمان دەدات ژنێکی مەسیحی یان جولەکە بهێنێت، بەڵام ڕێگا نادرێت بە ئافرەتێکی موسڵمان شوو بکات بە مەسیحییەك یان جولەکەیەك، وە ژنێکی موسڵمان دەبێت تەڵاق بدرێت گەر مێردەکەی وازی لە ئیسلام هێنا.

ٱلۡيَوۡمَ أُحِلَّ لَكُمُ ٱلطَّيِّبَٰتُۖ وَطَعَامُ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَٰبَ حِلّٞ لَّكُمۡ وَطَعَامُكُمۡ حِلّٞ لَّهُمۡۖ وَٱلۡمُحۡصَنَٰتُ مِنَ ٱلۡمُؤۡمِنَٰتِ وَٱلۡمُحۡصَنَٰتُ مِنَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَٰبَ مِن قَبۡلِكُمۡ إِذَآ ءَاتَيۡتُمُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ مُحۡصِنِينَ غَيۡرَ مُسَٰفِحِينَ وَلَا مُتَّخِذِيٓ أَخۡدَانٖۗ وَمَن يَكۡفُرۡ بِٱلۡإِيمَٰنِ فَقَدۡ حَبِطَ عَمَلُهُۥ وَهُوَ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ مِنَ ٱلۡخَٰسِرِينَ (٥).(سورة المائدة ٥)

واتە: (٥) *لەمڕۆوە هەرچی چاکە و پاکە بۆتان حەڵاڵ کراوە و خواردنی ئەوانەی کە پەڕتووکی ئاسمانیان پێدراوە بۆتان حەڵاڵە، خواردەمەنی ئێوەش حەڵاڵە بۆ ئەوان، هەروەها ئافرەتانی داوێن پاک لە ئیمانداران و ئافرەتانی داوێن پاک لەوانەی پێش ئێوە پەڕتووکیان پێدراوە، ئەگەر هەقی خۆیان پێبدەن، بەمەرجێک ئێوە پاک بن و داوێن پیس نەبن و دووره پەرێز بن لە دۆست گرتنی نهێنی، جا ئەوەی بێ باوەڕ بێت، کارو کردەوە چاکەکانی پووچ دەبێتەوە و ئەو جۆرە کەسانە لە قیامەتدا لە ڕیزی خەسارەتمەندو زەرەرمەندو دۆڕاوەکاندان.*

جا لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت ئەوەی بۆ پیاوێکی موسڵمان حەڵالە بۆ ژنێکی موسڵمان حەرامە، کەواتە قورئان دوو پێوانە و دووفاقی هەیە یەکێك بۆ پیاوان و یەکێك بۆ ژنان.

شەریعەتی قورئان دەست لێوەدانی ژن بە پیس دادەنێت، بۆیە کاتێك پیاو دەستی بەر ژنێك بکەوێت نابێت نوێژ بکات و دەبێت دەست نوێژ بگرێتەوە یاخود تەیەموم بکات. جا لەو بارەیەوە لە سورەتی النساء دا نووسراوە:

يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَقۡرَبُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَأَنتُمۡ سُكَٰرَىٰ حَتَّىٰ تَعۡلَمُواْ مَا تَقُولُونَ وَلَا جُنُبًا إِلَّا عَابِرِي سَبِيلٍ حَتَّىٰ تَغۡتَسِلُواْۚ وَإِن كُنتُم مَّرۡضَىٰٓ أَوۡ عَلَىٰ سَفَرٍ أَوۡ جَآءَ أَحَدٞ مِّنكُم مِّنَ ٱلۡغَآئِطِ أَوۡ لَٰمَسۡتُمُ ٱلنِّسَآءَ فَلَمۡ تَجِدُواْ مَآءٗ فَتَيَمَّمُواْ صَعِيدٗا طَيِّبٗا فَٱمۡسَحُواْ بِوُجُوهِكُمۡ وَأَيۡدِيكُمۡۗ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَفُوًّا غَفُورًا (٤٣).
( سورة النساء ٤٣).

واتە: *( 43 ) ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە نزیکی نوێژ مەکەون لەکاتێکدا ئێوە سەرخۆشن هەتا بزانن چی دەڵێن، مەگەر ڕێبوار بن و لە سەر ڕێگە بن، هەتا خۆتان دەشۆن، خۆ ئەگەر نەخۆش بوون یان لە سەفەردا بوون یان لەسەرئاو گەڕانەوە، یان دەستان بەر ئافرەت کەوت و ئاوتان دەست نەدەکەوت، ئەوا تەیەموم بکەن بەخاکێکی پاك و دەست بهێنن بەسەر دەم و چاوو دەستاندا، الله لێ خۆشبووە و چاوپۆشی هەیە.*

بە داخەوە لێرەدا بۆمان ئاشکرا دەبێت کە ژنی موسڵمان لە قورئاندا چەند بە نزمی سەیر دەکرێت، تەنیا بۆ سڵاویش دەست بدەیتە دەستی بەوە پیاو پیس دەبیت و دەست نوێژەکەی دەشکێت و دەبێت جارێکی تر دەست نوێژ بگرێتەوە.

هەروەها شەریعەتی قورئان دان نانێت بە شایەتی یەك ژندا لەگەڵ پیاوێکدا لەسەر هەر بەڵگە نامەیەکی یاسایی بێت، تەنیا بە شایەتی دوو ژن لەگەڵ پیاوێکدا پەسەند دەکرێت، چونکە شایەتی ژنێك لەگەڵ پیاوێکدا بەپێی شەریعەتی قورئان پەسەند نەکراوە. جا لەو بارەیەوە لە سورەتی البقرة دا نووسراوە

يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا تَدَايَنتُم بِدَيۡنٍ إِلَىٰٓ أَجَلٖ مُّسَمّٗى فَٱكۡتُبُوهُۚ وَلۡيَكۡتُب بَّيۡنَكُمۡ كَاتِبُۢ بِٱلۡعَدۡلِۚ وَلَا يَأۡبَ كَاتِبٌ أَن يَكۡتُبَ كَمَا عَلَّمَهُ ٱللَّهُۚ فَلۡيَكۡتُبۡ وَلۡيُمۡلِلِ ٱلَّذِي عَلَيۡهِ ٱلۡحَقُّ وَلۡيَتَّقِ ٱللَّهَ رَبَّهُۥ وَلَا يَبۡخَسۡ مِنۡهُ شَيۡـٔٗاۚ فَإِن كَانَ ٱلَّذِي عَلَيۡهِ ٱلۡحَقُّ سَفِيهًا أَوۡ ضَعِيفًا أَوۡ لَا يَسۡتَطِيعُ أَن يُمِلَّ هُوَ فَلۡيُمۡلِلۡ وَلِيُّهُۥ بِٱلۡعَدۡلِۚ وَٱسۡتَشۡهِدُواْ شَهِيدَيۡنِ مِن رِّجَالِكُمۡۖ فَإِن لَّمۡ يَكُونَا رَجُلَيۡنِ فَرَجُلٞ وَٱمۡرَأَتَانِ مِمَّن تَرۡضَوۡنَ مِنَ ٱلشُّهَدَآءِ أَن تَضِلَّ إِحۡدَىٰهُمَا فَتُذَكِّرَ إِحۡدَىٰهُمَا ٱلۡأُخۡرَىٰۚ،،(٢٨٢).(سُوْرَةُ البَقَرَة)

واتە: *(٢٨٢) ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە ئەگەر قەرزێکتان کرد لە یەکتر تا ماوەیەکی دیاری کراو، ئەوە بینوسن و با نووسەرێک بە دادپەروەری لە نێوانتاندا بینوسێت، با هیچ نوسەرێک سەرپێچی نەکات لە نوسین، هەر وەک چۆن الله فێری کردووە با بنووسێت، ئەوەی کە حەقەکەی بەسەرەوەیە و قەرزەکەی لایە با بەدەمی خۆی بیڵێت و لە الله بترسێت و چاوپۆشی لە هیچی نەکات و لێی کەم نەکاتەوە، خۆ ئەگەر ئەوەی قەرزەکەی لەسەرە هەڵەشە بوو، یا لاواز بوو، یا نەیدەتوانی دان بە حەقەکەدا بنێت، با دوو پیاو لە خۆتان شایەتی لەسەر بگرن، ئەگەر دووپیاو دەستنەکەوتن بۆ*

*شایەتی، با پیاوێک و دوو ئافرەت شایەتییەکە بگرن لەو کەسانەی کە ڕازین بە شایەتیدانیان، نەوەکو یەکێکیان بیری بچێت، با ئەوی تریان بیری بهێنێتەوە.*

جا ئا ئەمەیە شوێنی ژن لە ئیسلامدا؟ ئەو هەمیشە نیوەی پیاوە لە میرات و شایەتیدا ئەو دروستکراوێکی پیسە گەر پیاو دەستی بەریکەوێت، وە دەبێت خۆی بە تەواوی داپۆشێت، کەواتە ئافرەت هیچ بوون و کەسایەتیەکی نییە بەپێی شەریعەتی ئیسلام، هەروەها شەریعەتی ئیسلام فەرمان دەدات بە موسڵمانەکان کەوا هاوڕێیەتی لەگەڵ مەسیحی و جولەکەکاندا نەکەن یان هیچ ئیشێکیان پێنەدرێت کە کاروباری موسڵمانەکان بەرن بەرێوە. لەو بارەیەوە لە سورەتی المائدة دا نووسراوە: يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَتَّخِذُواْ ٱلۡيَهُودَ وَٱلنَّصَٰرَىٰٓ أَوۡلِيَآءَۘ بَعۡضُهُمۡ أَوۡلِيَآءُ بَعۡضٖۚ وَمَن يَتَوَلَّهُم مِّنكُمۡ فَإِنَّهُۥ مِنۡهُمۡۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلظَّٰلِمِينَ (٥١). (سورة المائدة ٥١)

واتە: *(٥١) ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە جولەکەو گاور(مەسیحی) مەکەنە یارو یاوەری خۆتان ئەوانە پشتیوان و پشتگیری یەکترن، ئەو کەسەی پشت بەوان ببەستێت، ئەوە هەر لەوانە و (حسابی ئەوانی بۆ دەکرێت) بەڕاستی الله هیدایەتی قەومی ستەمکار نادات.*

جا بەهۆی ئەم دەقە قورئانیەوە، حوکومەتە ئیسلامیەکان لەو وولاتانەی کە شەریعەتیان قورئانە، هیچ دەسەلاتێکی میری نادەن بە جولەکە یان مەسیحی جا پلەی زانست و زانیاری و شارەزاییان هەرچەندێك بێت.

ئەوەی شتێکی سەرسوڕهێنەرە ئەم دەقە قورئانیەی خوارەوە کە لە سورەتی مائدة دا بە تەواوی پێچەوانەی ئەو دەقە قورئانیەیە کە لە سەرەوە لە هەمان سورەتدا باسمانکرد، بەلام هەر ئەمە نا بەڵکو زۆرن ئەو دەقە قورئانیانەی کە پێچەوانە و جیاوازی یەکن، ئەمەش ئەو دەقەیە (لَتَجِدَنَّ أَشَدَّ ٱلنَّاسِ عَدَٰوَةٗ لِّلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱلۡيَهُودَ وَٱلَّذِينَ أَشۡرَكُواْۖ وَلَتَجِدَنَّ أَقۡرَبَهُم مَّوَدَّةٗ لِّلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱلَّذِينَ قَالُوٓاْ إِنَّا نَصَٰرَىٰۚ ذَٰلِكَ بِأَنَّ مِنۡهُمۡ قِسِّيسِينَ وَرُهۡبَانٗا وَأَنَّهُمۡ لَا يَسۡتَكۡبِرُونَ (٨٢). (سورة المائدة ٨٢ )

واته: *(٨٢) دەبینن سەر سەخترین خەڵک لە دوژمنایەتیدا بەرامبەر بەوانەی کە باوەڕیان هێناوە، جولەکەن و ئەوانەی کە هاوەڵیان بۆ الله داناوە، دەبینن نزیکترینیان لە سۆز و خۆشەویستی بۆ ئەوانەی کە باوەڕیان هێناوە ئەوانەن کە دەیانوت ئێمە نەسرانین، لەبەرئەوە هەندێک لەوان قەشە و کاهینن ئەوان خۆیان بەگەورە دانانێن.*

یەکەم: ئەم دەقە قورئانیە نەسرانیەکان (مەسیحیەکان) بە موشریك دانانێت.

دووەم: دان بەوەدا دەنێت کەوا نەسرانیەکان لە هەموو کەسێك زیاتر دڵنەرم ترن بۆ موسڵمانەکان، لەگەڵ ئەمانەشدا هەموو قورئان موسڵمانەکان ڕادەسپێرێت کەوا جولەکە و مەسیحییەکان نەکەن بە هاورێی خۆیان. سورەتی المائدە (٥١)

يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَتَّخِذُواْ ٱلْيَهُودَ وَٱلنَّصَـٰرَىٰٓ أَوْلِيَآءَ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَآءُ بَعْضٍۚ وَمَن يَتَوَلَّهُم مِّنكُمْ فَإِنَّهُۥ مِنْهُمْۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلظَّـٰلِمِينَ (٥١).

واته: (٥١) *ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە جولەکەو گاور(مەسیحی) مەکەنە یارو یاوەری خۆتان ئەوانە پشتیوان و پشتگیری یەکترن، ئەو کەسەی پشت بەوان ببەستێت، ئەوە هەر لەوانە و (حسابی ئەوانی بۆ دەکرێت) بەڕاستی الله هیدایەتی قەومی ستەمکار نادات.*

وەکو لەخۆبوردووی و دڵپاکی مەسیحیەکان بەرامبەر موسڵمانەکان هیچ نرخێکی نەبێت، لێرەدا بە ئاشکرا دەردەکەوێت قورئان تۆوی دوژمنایەتی و ڕق و کینە لە دڵی موسڵمانەکاندا دەچێنێت.

هەموو ئەم شتانە کە بە ئاشکرا لە شەریعەتی قورئان و دەقە قورئانیەکاندا دەبینین جیاوازییەکی زۆرمان بۆ دەردەخات لە نێوان ئەو کۆمەڵەی کە مەسیح دایمەزراندووە وە ئەو کۆمەڵەی کە موحەمەد دایمەزراندووە. چونکە ئەو کۆمەڵەی کە مەسیح دایمەزراندووە لەسەر بنچینەی خۆشەویستی و بەزەیی دامەزراوە، ڕێگا دەکاتەوە لەبەردەم گوناهباراندا تا باوەڕبهێنن و تۆبە بکەن واز لە

گوناهەکانیان بهێنن هەروەها داوا لە مەسیحییەکان دەکات کەوا دوژمنەکانیان و ئەوانەی خراپە بەرامبەریان دەکەن خۆشیان بوێن.
ڕۆژێکیان نووسەرانی شەریعەت و فەریسییەکان ژنێکیان هێنا بۆلای عیسا کە بە داوێن پیسیەوە گیرا بوو پێیان ووت: (مامۆستا ئەم ژنە لە کاتی داوێن پیسیدا گیراوە. موسا لە شەریعەتدا ڕای سپاردووین ئەوانەی وەك ئەم ژنە وان دەبێت بەرد باران بکرێن، تۆ چی دەڵێیت؟) جا ئەوان ئەمەیان لێپرسی تا تاقیبکەنەوە و هۆیەك بدۆزنەوە بۆ تاوانبار کردن و دادگایی کردنی. بەڵام عیسا سەری دانەواند و بە پەنجە دەستیکرد بە نووسین لەسەر زەوی. کاتێك ئەوان هەر سوور بوون لەسەر پرسیارەکەیان، عیسا سەری هەڵبڕی و فەرمووی: (کامتان بێ گوناهە با یەکەم بەردی لێبدات!) دیسان عیسا سەری دانەواندەوە و دەستیکرد بە نووسین لەسەر زەوی. ئیتر کاتێك گوێیان لەم قسەیە بوو، لە پیرەکانیانەوە هەموو یەك لە دوای یەك خۆیان کێشایەوە. لەوێدا عیسا بە تەنیا مایەوە، ژنەکەش لە شوێنی خۆی وەستابوو. ئینجا عیسا سەری بەرز کردەوە، لە ژنەکە زیاتر کەسی تری نەبینی، پێی فەرموو: (ئەی ئافرەت ئەوان لە کوێن؟ کەسیان تاوانباریان نەکردیت؟ ئەویش وەڵامی دایەوە: (نەخێر گەورەم) عیساش فەرمووی: (منیش تاوانبارت ناکەم، بڕۆ جارێکی تر گوناه مەکە!) یۆحەننا ٨: ٣ – ١١
ئا ئەمەیە مەسیح ڕێگە بە مرۆڤی گوناهبار نادات، حوکم بەسەر مرۆڤێکی تردا بدات چونکە تەنیا یەزدان مافی ئەوەی هەیە حوکم بەسەر مرۆڤی گوناهباردا بدات، ئا ئەمەیە مەسیح کە بە تەنیا لەگەڵ ژنەکەدا مایەوە، بەڵام ئەوانەی شکاتیان لێکردبوو هەموو هەڵاتن. چونکە بە

ووشەکانی مەسیح دەروونی نووستویان خەبەری بووەوە، ئەو بە تەنیا مایەوە چونکە تاقە بێگوناهو بێ هەڵە بوو. ئا ئەمەیە مەسیح کە گوناهی ژنەکەی بەخشی، ڕایسپارد نەگەرێتەوە بۆ گوناهەکانی وە ژیانێکی پاکی پێبەخشی

بەڵام موحەمەد لە قورئانەکەیدا فەرمان دەدات بەوەی کە ژن و پیاوی داوێن پیس دەبێت سەد قامچییان لێ بدرێت لەبەر چاوی کۆمەڵێك موسڵماندا.

جا خوێنەری بەڕێز: وەرە لەگەڵمدا با ووشەکانی مەسیح دەربارەی ژن هێنان و تەڵاقدان بخوێنینەوە: عیسا دەفەرمووێت: ووتراوە (ئەوەی ژنەکەی تەڵاق دەدات، با تەڵاقنامەی بداتە دەست) ، بەڵام من پێتان دەڵێم: (ئەوەی ژنەکەی تەڵاق دەدات بێ هۆی داوێن پیسی وای لێدەکات داوێن پیسی بکات. ئەوەش تەڵاق دراوێك بهێنێت، ئەوا داوێن پیسی دەکات. مەتتا ٥: ٣١ و ٣٢، هەروەها لە ئینجیلی مەتتا ١٩: ٣ – ٩ نووسراوە: هەندێ لە فەریسییەکان هاتنە لای عیسا بۆ ئەوەی تاقیبکەنەوە، لێیان پرسی (دروستە پیاو ژنەکەی لەسەر هەر هۆیەك بێت تەڵاق بدات؟) عیسا وەڵامی دانەوە و فەرمووی: (ئەی نەتان خوێندۆتەوە، کە دروستکەر لە سەرەتاوە مرۆڤی بە نێرومێ دروستکردووە؟) ئەوسا پێی ووتن: (لەبەرئەوە پیاو دایك و باوکی خۆی بەجێدەهێڵێت، لەگەڵ ژنەکەی جووت دەبێت و هەردووکیان دەبنە یەك لەش، ئیتر دوو نین بەڵکو یەك لەشن، ئەوەی خودا بە یەکی گەیاندووە، مرۆڤ جیای ناکاتەوە.) دیسان لێیان پرسی: (ئەی بۆچی موسا رایسپاردووە کە تەڵاقنامە بە ژن بدرێت و تەڵاقی بکەوێت؟) لە وەڵامدا ووتی: (لەبەر دڵ رەقیتان، موسا ڕێگەی پێدان ژنەکانتان تەڵاق بدەن، ئەگینا لە سەرەتاوە وانەبوو. بەڵام من پێتان دەڵێم ئەوەی ژنەکەی بێ هۆی

داوێن پیسی تەڵاق دەدات و یەکێکی کە دەهێنێت، ئەوا داوێن پیسی دەکات. مەتتا ١٩: ٣ - ٩، جا لێرەدا مەسیح بە ووشەکانی پیرۆزی ژن و مێردایەتیمان بۆ دەردەخات، وە بۆمان دەست نیشان دەکات تاقە هۆ کە ڕێگەی دەدات بۆ تەڵاقدان هۆی داوێن پیسییە.

هەروەها پێمان دەڵێت فرە ژنی نییە. چونکە دروستکەر لە سەرەتاوە بە نێر و مێ مرۆڤی دروستکردووە، وە یەزدان بۆ ئادەم لە حەوا زیاتری دروست نەکرد، وە ئاشکرای کردووە بۆمان ئەوەی تەڵاق دراوێك بهێنێت داوێن پیسی دەکات.

مەسیح بەم ووشانە پەرژینێکی چاکی بە دەوروبەری خێزاندا داناوە، وە ژن دەپارێزێت لە ترس و ڕێگە لە پیاو دەگرێت یاری بە هەستی ژنی خاوەن مێرد بکات، بەوەی تەڵاقی بدات و یەکێکی تر بهێنێت.

جا گوێ بگرە لە ووشەکانی مەسیح کە بە قوتابیەکانی دەڵێت دەربارەی هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ کەسانی تردا. ئەمەش لە ئینجیلی مەتتا ٥: ٣٨ – ٤٢ بەم شێوەیە نووسراوە (بیستووتانە ووتراوە: چاو بە چاو، دان بە دان. بەڵام من پێتان دەڵێم: بەربەرەکانی خراپە مەکەن بە خراپە، ئەوەی کێشای بە ڕوومەتی ڕاستتدا، ئەوی کەشی بۆ ڕاگرە. ئەوەی ویستی کراسەکەت ببات، چاکەتەکەشتی بدەرێ. ئەوەی ناچاری کردیت یەك میل لەگەڵی بڕۆیت، دوو میل لەگەڵی بڕۆ. ئەوەی داوای شتێکی لێکردیت، بیدەرێ. ئەوەی داوای قەرزێکت لێدەکات دەست مەنێ بە روویەوە). جا ئەمە یەکێکە لەو بناغە گرنگانەی کە مەسیح دەست نیشانی کردووە بۆ دامەزراندنی کۆمەڵێکی بەختەوەر و پارێزراو.

ئیتر ئەمانە بەراووردێك بوو بە ووشەکانی قورئان کە موحەمەد پێی دواوە، ئەوەی بە شەش سەد ساڵ دوای مەسیح

هات. خۆی لە بنچینەدا گەر موحەمەد پێغەمبەر بوایە، ئەو شەریعەتەی کە ئەو هێناویەتی دەبوایە زۆر بە بەزەیی و لێبووردەتر بوایە لە شەریعەتی مەسیح ئەوەی پێش ئەو هاتووە. بەڵام موحەمەد مرۆڤایەتی پێش نەخست بەڵکو گەڕانییەوە بۆ سەردەمی شەریعەتی کۆن، یان باشترە بڵێین بۆ سەردەمی دڕندەیی و خوێن ڕشتنی بێتاوانەکان.

جا گوێ لە هەندێك لە ووشەکانی قورئان بگرە کە تۆڵە و کینەی لێدەڕژێت: ٱلشَّهۡرُ ٱلۡحَرَامُ بِٱلشَّهۡرِ ٱلۡحَرَامِ وَٱلۡحُرُمَٰتُ قِصَاصٞۚ فَمَنِ ٱعۡتَدَىٰ عَلَيۡكُمۡ فَٱعۡتَدُواْ عَلَيۡهِ بِمِثۡلِ مَا ٱعۡتَدَىٰ عَلَيۡكُمۡۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلۡمُتَّقِينَ (١٩٤). (سورة البقرة ١٩٤ )

واتە: *(١٩٤) مانگی حەرام بە مانگی حەرام و دەستدرێژی بۆ سەر هەر شتێکی حورمەتدار دەبێت تۆڵەی بسەنرێت، ئەوەی دەستدرێژی دەکاتە سەرتان، ئێوەش دەستدرێژی بکەنەوە سەری، بەقەدەر دەست درێژییەکەی خۆی، لە الله بترسن و چاك بزانن کە الله لەگەڵ پارێزکارانە.*

جا چ پیاوێکی ئەم سەردەمە کە تۆزێك رۆشنبیری هەبێت رازی دەبێت بە ژیان لە دەوڵەتێکی بەوجۆرە دواکەوتوو، کە بە پێی شەریعەتی قورئان حوکم دەکرێت تیایدا؟

یان چ ژنێکی پێشکەوتوو تۆزێك زانست و زانیاری هەبێت، کە ڕێز لە خۆی بگرێت ومافی خۆی بزانێت ڕازی دەبێت بە ژیان لە دەوڵەتێکدا کە لەسەر شەریعەتی قورئان دەڕوات، کە هیچ سەربەستیەکی نابێت، وە دەبێت بە یەکێك لەو چوار ژنانەی کە مێردەکەی پێیان ڕادەبوێرێت، وە واز لە نرخی کەسایەتی خۆی دەهێنێت، بەڵکو بوونی تەنیا لەژێر سەرپۆشی ئیسلامیدایە، وەکو عەموودێکی جووڵاوە کە نە دەموچاو وە نە بوونی هەیە؟

ئەوەی ئاشکرایە ژمارەیەکی زۆر لە ئێرانییەکان، لە دەوڵەتی ئیسلامی ئەوەی لەسەر شەریعەتی قورئان حوکم دەکات، وە هەزاران بەڵکو مەلایین لە رۆشنبیران و کەم

ڕۆشنبیر هەڵدێن و وڵاتەکانیان بەجێدەهێڵن واتە لەو هەموو وڵاتانەی کە شەریعەتی قورئان حوکم دەکات تیایاندا، وە ڕوو دەکەنە وڵاتە ڕۆژئاوایەکان تا هەناسەی ئازادی و ڕێزی مرۆڤایەتی وەرگرن، ئەو سەربەستییەی کە باوەڕی مەسیحیەت بنچینەکەی داناوە وە بەشێکی زۆریان باوەڕیان بە عیسای مەسیحی خوداوەند هەیە، باوەڕیان بە خوێنە پاکەکەی هەیە کە لەسەر خاچ لە پێناوی گوناهی تاوانباراندا ڕشتی، تا بە هۆیەوە تاوانەکانیان بسڕێتەوە و گوناهەکانیان ببەخشرێت، تاوەك هەست بە خۆشی ڕزگاری و لێخۆشبوون بکەن.

# بەشی نۆهەم

## قورئان فەرمان بە موسڵمانەکان دەدات کە جولەکە و مەسیحییەکان بکوژن

موحەمەد بە موسڵمانەکانی ووتوە: کە جولەکە و مەسیحییەکان و موشریکەکان پیسن، وە هانیداون تا بە شمشێر بیانکوژن تاوەکو ناچاریان بکەن ببن بە ئیسلام، وە فەرمانی پێداون بەردەوام بن لە کوشتنیان تا سەردەکەون بە سەریاندا و ریسوایان دەکەن و ناچاریان دەکەن باجێکی زۆر بدەن. بەڵام مەسیح بە ئاشکرا فەرموویەتی (هەموو ئەوەی بە زەبری شیر وەری دەگرن بە زەبری شیر لێتان دەسەنرێتەوە)

جا ئێستا وەرە لەگەڵمدا با ئەم دەقە قورئانیە بخوێنینەوە، کە یەکەم دەقە موسڵمانەکان بە ڕەگەزێکی تەواوی ئاری دادەنێت، هەروەك هیتلەر ئەڵمانییەکانی بە ئاری دانا.

كُنتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ تَأْمُرُونَ بِٱلْمَعْرُوفِ وَتَنْهَوْنَ عَنِ ٱلْمُنكَرِ وَتُؤْمِنُونَ بِٱللَّهِ ۗ وَلَوْ ءَامَنَ أَهْلُ ٱلْكِتَٰبِ لَكَانَ خَيْرًا لَّهُم ۚ مِّنْهُمُ ٱلْمُؤْمِنُونَ وَأَكْثَرُهُمُ ٱلْفَٰسِقُونَ (١١٠). (سورة ال عمران ١١٠)

واتە: *(١١٠) ئێوە چاکترین ئوممەتن کە هاتوونەتە مەیدانەوە، چونکە فەرمان بەچاکە دەکەن و قەدەغەی خراپە دەکەن و باوەڕتان بە الله هەیە، خۆ ئەگەر خاوەنی پەڕتووك باوەڕیان بهێنایە، ئەوە چاکتر بوو بۆیان هەیانە ئیماندارن، بەڵام زۆربەیان فاسیقن.*

ئینجا ئەم دەقەی خوارەوە بخوێنەرەوە کەوا ئەو مرۆڤانەی موسڵمان نین بەشێوەیەکی گشتی پیسن، وە فەرمان دەدات بۆیان نییە کە لە (المسجد الحرام) واتە کەعبە کە لە مەککەیە نزیك بکەونەوە، هەتا ئێستاش ئەوانەی موسڵمان نیین بۆیان نییە لە کەعبە نزیك ببنەوە، ئەمەش لەم دەقە

قورئانیەدا باسکراوە: يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِنَّمَا ٱلۡمُشۡرِكُونَ نَجَسٞ فَلَا يَقۡرَبُواْ ٱلۡمَسۡجِدَ ٱلۡحَرَامَ بَعۡدَ عَامِهِمۡ هَٰذَاۚ وَإِنۡ خِفۡتُمۡ عَيۡلَةٗ فَسَوۡفَ يُغۡنِيكُمُ ٱللَّهُ مِن فَضۡلِهِۦٓ إِن شَآءَۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمٌ حَكِيمٞ (٢٨). (سورة التوبة ٢٨)

واتە: *(٢٨) ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە ئەوە بزانن کە موشریکەکان گڵاو و پیسن، ئیتر لەم ساڵەیان بەدواوە نابێت نزیکی مزگەوتی حەرام بکەونەوە، ئەگەر دەترسن لە نەداری، ئەوا الله بە فەزڵی خۆی دەوڵەمەندتان دەکات ئەگەر بیەوێت بەڕاستی الله زاناو دانایە .*

جا بەڕاستی ئەوەی قورئان دەخوێنێتەوە دەترسێت، چونکە کاتێك بەردەوام دەبێت لە خوێندنەوەدا هەست دەکات ئایەتەکانی خوێنی لێ دەڕژێت ئەوانەی پاڵ بە موسڵمانەکانەوە دەنێت تا نا موسڵمانەکان بکوژن، ئەوەی بە توند و تیژی پێشێلی مافی مرۆڤ دەکات.

ئێستا وەرە لەگەڵمدا با ئەم دەقە قورئانیە بخوێنینەوە:

كُتِبَ عَلَيۡكُمُ ٱلۡقِتَالُ وَهُوَ كُرۡهٞ لَّكُمۡۖ وَعَسَىٰٓ أَن تَكۡرَهُواْ شَيۡـٔٗا وَهُوَ خَيۡرٞ لَّكُمۡۖ وَعَسَىٰٓ أَن تُحِبُّواْ شَيۡـٔٗا وَهُوَ شَرّٞ لَّكُمۡۚ وَٱللَّهُ يَعۡلَمُ وَأَنتُمۡ لَا تَعۡلَمُونَ (٢١٦). (سورة البقرة ٢١٦ )

واتە: *(٢١٦) لەسەرتان نوسراوە کە جەنگ بکەن کە شتێکی گرانە لاتان، لەوانەیە شتێکتان لا ناخۆش بێت کەچی خێر لەوەدا بێت، هەروەها لەوانەیە شتێکتان پێخۆش بێت کەچی شەڕ لەوەدا بێت، الله دەزانێت ئێوە نایزانن.*

وَقَٰتِلُواْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ وَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٞ (٢٤٤). (سورة البقرة ٢٤٤ )

واتە: (٢٤٤) لە ڕێگەی الله دا بکوژن، ئەوەش بزانن کە الله بیستەرو زانایە.

إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلَّذِينَ يُقَٰتِلُونَ فِي سَبِيلِهِۦ صَفّٗا كَأَنَّهُم بُنۡيَٰنٞ مَّرۡصُوصٞ.

(سورة الصف ٤)

واتە: (٤) الله ئەو کەسانەی خۆشدەوێت کە لەپێناویدا دەکوژن ، یەك ڕیز هەروەك کۆشکێکی داڕێژراون بە قوڕقوشم.

هەروەها: سورەتی ئەنفال ١٢ تا ١٧: إِذۡ يُوحِي رَبُّكَ إِلَى ٱلۡمَلَٰٓئِكَةِ أَنِّي مَعَكُمۡ فَثَبِّتُواْ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْۚ سَأُلۡقِي فِي قُلُوبِ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ ٱلرُّعۡبَ فَٱضۡرِبُواْ فَوۡقَ ٱلۡأَعۡنَاقِ وَٱضۡرِبُواْ مِنۡهُمۡ كُلَّ بَنَانٖ (١٢) ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمۡ شَآقُّواْ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥۚ وَمَن يُشَاقِقِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَإِنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلۡعِقَابِ (١٣) ذَٰلِكُمۡ فَذُوقُوهُ وَأَنَّ لِلۡكَٰفِرِينَ عَذَابَ ٱلنَّارِ (١٤) يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا لَقِيتُمُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ زَحۡفٗا فَلَا تُوَلُّوهُمُ ٱلۡأَدۡبَارَ (١٥) وَمَن يُوَلِّهِمۡ يَوۡمَئِذٖ دُبُرَهُۥٓ إِلَّا مُتَحَرِّفٗا لِّقِتَالٍ أَوۡ مُتَحَيِّزًا إِلَىٰ فِئَةٖ فَقَدۡ

بَآءَ بِغَضَبٖ مِّنَ ٱللَّهِ وَمَأۡوَىٰهُ جَهَنَّمُۖ وَبِئۡسَ ٱلۡمَصِيرُ (١٦) فَلَمۡ تَقۡتُلُوهُمۡ وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ قَتَلَهُمۡۚ وَمَا رَمَيۡتَ إِذۡ رَمَيۡتَ وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ رَمَىٰ وَلِيُبۡلِيَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ مِنۡهُ بَلَآءً حَسَنًاۚ إِنَّ ٱللَّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٌ (١٧). (سورة الانفال ١٢ – ١٧ )

واته: *( ١٢ ) كاتێک پەروەردگارت وەحی و نیگای دەکرد بۆ فریشتەکان کە من یاوەرتانم، ئێوە ئیمانداران دامەزراو بکەن، منیش ترس دەخەمە دڵی ئەوانەی کە بێ باوەڕ بوون، ئێوەش لە سەرووی گەردنیان بدەن و لە هەموو سەرپەنجەکانیان . ( ١٣ ) چونکە ئەوان سەرپێچی الله و پێغەمبەرەکەیان کرد، هەر کەسیش دژایەتی و سەرپێچی الله و پێغەمبەرەکەی بکات، ئەوە الله تۆڵەی بەزەبرە.( ١٤ ) ئەوەتا بیچێژن، سزای کافرەکان سزای ئاگرە.*

*( ١٥ ) ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە کاتێك بە کافرەکان دەگەن لەکاتی لەشکرکێشیدا ئەوە پشتیان تێمەکەن .( ١٦ ) هەرکەس لەو ڕۆژەدا پشتیان تێبکات ئەوە لەگەڵ قینی الله گەڕاوەتەوە و سەرئەنجام جێگەی دۆزەخە کە ناخۆشترین جێگە . (١٧) ئێوە نەتانکوشتن، بەڵکو الله کوشتنی، تۆ نەتهاویشت وە ئەگەر هاویشتت ئەوا الله هاویشتی، تا ئیمانداران تاقی بکاتەوە بە تاقی کردنەوەیەکی چاک، چونکە الله بیستەری زانایە.*

فَلۡيُقَٰتِلۡ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ ٱلَّذِينَ يَشۡرُونَ ٱلۡحَيَوٰةَ ٱلدُّنۡيَا بِٱلۡأٓخِرَةِۚ وَمَن يُقَٰتِلۡ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ فَيُقۡتَلۡ أَوۡ يَغۡلِبۡ فَسَوۡفَ نُؤۡتِيهِ أَجۡرًا عَظِيمًا (٧٤). (سورة النساء ٧٤ )

واته: *(٧٤) دەبا بجەنگێن لە پێناوی الله دا، ئەوانەی ژیانی دنیا دەفرۆشن بەرۆژی دوایی، هەر کەس بجەنگێت لەپێناوی الله دا ئەگەر بکوژرێت ، یان سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، ئەوا پاداشتێکی گەورەی پێدەبەخشین.*

وَلَا تَقُولُواْ لِمَن يُقۡتَلُ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ أَمۡوَٰتُۢۚ بَلۡ أَحۡيَآءٞ وَلَٰكِن لَّا تَشۡعُرُونَ (١٥٤). (سورة البقرة ١٥٤ )

واته: *(١٥٤) بەو کەسانەی لە ڕێگەی الله دا دەکوژرێن و شەهید دەبن، مەڵێن: مردوون، نەخێر ئەوانە زیندوون و بەڵام ئێوە هەستی پێناکەن.*

لێرەدا موحەمەد فەرمان بە موسڵمانەکان دەدات لە پێناوی الله دا خەڵکی بکوژن وە پێیان دەڵێت: کوشتن لەسەریان نوسراوە و الله ئەوانەی خۆشدەوێت کە لە پێناوی ئەودا خەڵکی دەکوژن، هەروەها دەڵێت: ئەوەی لەپێناوی الله دا خەڵکی بکوژێت دوایی لەئەنجامدا خۆی بکوژرێت یاخود

بگیرێت، پاداشتی زۆر گەورەیە بەوەی شوێنی بەهەشت دەبێت لە ژیانی ئەو دنیادا.

جا بەردەوام بە لەگەڵمدا لە خوێندنەوەی ئەم دەقە قورئانیە:

يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ حَرِّضِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ عَلَى ٱلۡقِتَالِۚ إِن يَكُن مِّنكُمۡ عِشۡرُونَ صَٰبِرُونَ يَغۡلِبُواْ مِاْئَتَيۡنِۚ وَإِن يَكُن مِّنكُم مِّاْئَةٞ يَغۡلِبُوٓاْ أَلۡفٗا مِّنَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ بِأَنَّهُمۡ قَوۡمٞ لَّا يَفۡقَهُونَ (٦٥). (سورة الانفال ٦٥ )

واتە: *(٦٥) ئەی پێغەمبەر هانی ئیمانداران بدە لەسەر، ئەگەر بیست کەسی خۆڕاگر هەبێت لە ئێوە، ئەوا زاڵ دەبن بەسەر دووسەد کەسدا، خۆ ئەگەر سەد کەس لە ئێوە هەبن، ئەوە بەسەر هەزار کەس لەوانەی کە کافرن زاڵ دەبن، چونکە بەڕاستی ئەوانە کەسانێکن کە تێناگەن.*

پاش ئەوەی موحەمەد ئەم دەقە قورئانیەی ووتوە هەستی کردووە کە زۆری داوا کردووە بۆیە دەستی کردووە بە ڕاستکردنەوەی و ووتویەتی:

ٱلۡـَٰٔنَ خَفَّفَ ٱللَّهُ عَنكُمۡ وَعَلِمَ أَنَّ فِيكُمۡ ضَعۡفٗاۚ فَإِن يَكُن مِّنكُم مِّاْئَةٞ صَابِرَةٞ يَغۡلِبُواْ مِاْئَتَيۡنِۚ وَإِن يَكُن مِّنكُمۡ أَلۡفٞ يَغۡلِبُوٓاْ أَلۡفَيۡنِ بِإِذۡنِ ٱللَّهِۗ وَٱللَّهُ مَعَ ٱلصَّٰبِرِينَ (٦٦) مَا كَانَ لِنَبِيٍّ أَن يَكُونَ لَهُۥٓ أَسۡرَىٰ حَتَّىٰ يُثۡخِنَ فِي ٱلۡأَرۡضِۚ تُرِيدُونَ عَرَضَ ٱلدُّنۡيَا وَٱللَّهُ يُرِيدُ ٱلۡأٓخِرَةَۗ وَٱللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٞ (٦٧) لَّوۡلَا كِتَٰبٞ مِّنَ ٱللَّهِ سَبَقَ لَمَسَّكُمۡ فِيمَآ أَخَذۡتُمۡ عَذَابٌ عَظِيمٞ (٦٨). (سورة الانفال ٦٦ ــ ٦٨ )

واتە: *( ٦٦ ) ئێستە الله ئەرکی لەسەر کەمکردنەوە، چونکە زانی کە لاوازیتان تێدایە، جا ئەگەر سەد کەسی خۆڕاگر هەبێت لە ئێوە، ئەوە زاڵ دەبن بەسەر دووسەد کەسداو ئەگەر هەزار کەستان هەبێت، ئەوە زاڵ دەبن بەسەر دوو هەزاردا، ئەویش ئەگەر ویستی اللهی لاسەر بێت، الله یاوەری خۆڕاگرانە.( ٦٧ ) بۆ پێغەمبەر نەبووە کە دیلی هەبێت، هەتا پایەدارو جێگیر دەبێت لە زەویدا، ئێوە دنیاتان دەوێت؟! لەکاتێکدا الله قیامەتی دەوێت الله باڵادەست و دانایە. ( ٦٨ ) خۆ ئەگەر پەڕتووکێك لەلایەن الله وە پێش نەکەوتایە لەسەر ئەو شتانەی کە وەرتان گرت ئەوا سزایەکی زۆر گەورەتان تووش دەبوو.*

موحەمەد موسڵمانەکان بۆ کوشتن هان دەدات وە پێیان دەڵێت: گەر بیست کەس بن سەردەکەون بەسەر دووسەد کەسدا یان گەر سەد کەس بن سەردەکەون بەسەر دوو

هەزاردا، دوایش دەست دەکات بە ڕاستکردنەوەی ئەوەی ووتویەتی و دەڵێت گەر سەد کەس بوون سەردەکەون بەسەر دووسەد کەسدا، یان هەزار بوون سەردەکەون بەسەر دوو هەزاردا، لێرەدا ئەو بۆ ئەم گۆڕانە خێرایە بیانووی ئەوە دەهێنێتەوە کە یەزدان دەزانێت لاوازتان تێدایە، وەکو یەزدان کە دەقی یەکەمی بۆ موحەمەد ناردووە لە پێشدا لاوازی موسڵمانەکانی نەزانیبێت، دوایی لەو کاتەدا هەستی پێکردبێت. جا ئەمە چ بیانوویەکە کە موحەمەد ناوی خودای پێ خراپ دەکات، ئەوەی زانیاری فراوانترە لە زەوی و ئاسمان وە بە هەموو شتێك دەزانێت. بەڵام ئەو دەقە قورئانیە کە دەڵێت: (ما کان لنبي ان یکون لة اسرئ حتی یثخن في الارض)، ڕوونکردنەوەکەی وایە: کاتێك لەشکری موحەمەد و لەشکری قورەیشیەکان لە شەری بەدردا شەڕیان کرد، موسڵمانەکان چل کەسیان لێکوشتن و چلیان لێ بەدیل گرتن ، موحەمەد ڕاوێژی بە عومەر کرد، ئەویش پێی ووت بیانکوژە، کە ڕاوێژی بە ئەبوبەکر کرد پێی ووت باجیان لێوەربگرە، ئەویش ئەم بیروڕایەی بە دڵ بوو بۆیە ئەم ئایەتەی هێنایە خوارەوە: وموءداها انة لا ینبغي لنبي ان یکون لة اسرئ حتئ یکثر القتل في الارض خذلا للکافرین و تاییدا للدین. (المصحف المفسر صفحة 237)

کەواتە ئێمە زیادەڕەوی ناکەین ئەگەر بڵێین ئیسلام بە زەبری شمشێر بڵاوبۆتەوە، بەتایبەتی کاتێك ئێمە موسڵمانەکان دەبینین چۆن ئەوپەڕی دڕندەیی بەکاردەهێنن لە کوشتنی باوەڕداره مەسیحییەکاندا، هەروەها ئەوان گرتووی جەنگیان کوشت و ئەمەش لەسەر فەرمانی عومەری کوڕی خەتاب بوو، بۆیە ئایەتێك هاتە خوارەوە بۆ لایەنگیری بیروڕاکەی عومەر، هەتا موحەمەد کوشتار زیاد بکات لەسەر

زەوی و ترس بخاتە ناو دڵی خەڵکەوە تا خەڵکی باوەڕ بە ئیسلام بهێنن هەروەك ئەوەی عومەر ووتویەتی ئیلهام بوو بێت لە یەزدانەوە. لێرەدا ئێمە بەردەوام دەبین لەسەر ئەو دەقە قورئانیانەی کە موسڵمانان بۆ کوشتن هان دەدات.

لەم دەقەی خوداوەدا موحەمەد فەرمان دەدات بە موسڵمانەکان کە جولەکە و مەسیحییەکان بکوژن ئەوانەی خاوەن پەرتووکن هەتا ببێت بە دوا سەرکەوتنی موسڵمانەکان بەسەریاندا و سەرشۆڕیان بکەن.

قَٰتِلُواْ ٱلَّذِينَ لَا يُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَلَا بِٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِ وَلَا يُحَرِّمُونَ مَا حَرَّمَ ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥ وَلَا يَدِينُونَ دِينَ ٱلۡحَقِّ مِنَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَٰبَ حَتَّىٰ يُعۡطُواْ ٱلۡجِزۡيَةَ عَن يَدٖ وَهُمۡ صَٰغِرُونَ (٢٩). (سورة التوبة ٢٩).

واتە: *(٢٩) بیانکوژن ئەوانەی باوەڕیان بە الله و بەرۆژی قیامەت نیە و ئەو شتانەی الله و پێغەمبەرەکەی بەحەرامیان داناوە بەحەرامی نازانن و پەیڕەوی دینی حەق نابن، لەوانەی کە پەڕتووکیان پێدراوە ، هەتا باج دەدەن، (لەجیاتی ئەوەی کە گیان پارێزراوە .*

ڕوونکردنەوەی ئەم دەقە قورئانیە بەم شێوەیەیە: ئەی باوەڕداران ئەوانە بکوژن کە باوەڕی تەواویان بە یەزدان و بە ڕۆژی دوایی نییە، ئەوەی یەزدان و نێردراوەکانی حەرامیان کردووە، باوەڕیان پێی نییە و بە حەرامی نازانن و گومڕان و باوەڕ بە ئاینی حەق ناکەن، ئەوەی هەموو ئاینەکانی پێشووی لابرد، واتە ئەوانەی پەڕتووکیان هەیە لە جولەکە و مەسیحییەکان، تا ئەو باجە بدەن کە بۆیان دانراوە بۆ سەرشۆڕکردنیان. المصحف المفسر صفحة ٢٤٥

لێرەدا دەبینین ئەم دەقە قورئانیە سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشێت، بەوەی بایەخی موسڵمانەکان دەردەخات، بە سەپاندنی باجێکی زۆر و سەرشۆڕکرنی جولەکە و مەسیحییەکان کاتێك سەردەکەون بەسەریاندا، ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات دەبێت جولەکە و مەسیحییەکان باجێکی زۆر بدەن بە موسڵمانەکان چونکە هەمان ئاینیان

نییە. هەروەها نیشانمان دەدات ئەوانەی موسڵمان نین و لە دەوڵەتە ئیسلامییەکاندا کە لەسەر شەریعەتی قورئان دەڕۆن بە داماوی و زوڵم لێکراوی دەژین. دانیان پێدانانرێت و هیچ ڕێزو مافێکیان نییە لای موسڵمانەکان. جا مانەوەی یەکێك لە خاوەن پەرتووك لەسەر ئاینەکەی خۆی سەرچاوەی داراییە بۆ موسڵمانەکان، چونکە پارە شتێکی زۆر گرنگە لە ئیسلامدا.

ئەوەی ناچێت بە عەقڵی مرۆڤی پێشکەوتوودا ئەوەیە: باوەڕ بەو قسەیە بکات کە یەزدانی مەزن گەلی عەرەبی هەڵبژاردبێت ئەو کۆچەریانەی لە سەدەی حەوتەمی زایینییدا کە لەدوورگەی عەرەبیدا ژیاون یان موحەمەدی دەست خوێناوی هەڵبژاردبێت بۆ ڕێنیشاندانی مرۆڤایەتی بەو شێوە ترسناکە، لە ڕاستیدا ئەگەر یەزدانی بە توانا، بیویستایە دانیشتوانی ئەفریقا، ئاسیا، ئەورپا، میسر، سوریا، ئێران، ئیسپانیا وعێراق ببن بە موسڵمان جگە لە موحەمەد و شمشێری ئیسلام هۆیەکی تری هەڵنەبژارد.

چەندین دەقی قورئانی هەیە، ناگونجێت لەگەڵ بانگەوازی کوشتنی خاوەن پەرتووك (لێرەدا مەبەست لە جولەکە و مەسیحییەکانە) وەکو لەم سورەتەدا نووسراوە:

وَلَا تُجَٰدِلُوٓاْ أَهۡلَ ٱلۡكِتَٰبِ إِلَّا بِٱلَّتِي هِيَ أَحۡسَنُ إِلَّا ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ مِنۡهُمۡۖ وَقُولُوٓاْ ءَامَنَّا بِٱلَّذِيٓ أُنزِلَ إِلَيۡنَا وَأُنزِلَ إِلَيۡكُمۡ وَإِلَٰهُنَا وَإِلَٰهُكُمۡ وَٰحِدٞ وَنَحۡنُ لَهُۥ مُسۡلِمُونَ (٤٦). (سورة عنكبوت ٤٦)

واتە: *(٤٦) كێشمەكێش مەكەن لەگەڵ خاوەنی پەڕتووكە ئاسمانیەكاندا ئەگەر بە باشتر نەبێت، جگە لەوانەیان كە ستەمیان كردووە، پێشیان بڵێن: ئێمە باوەڕمان هێناوە بەوەی بۆ ئێمە و ئێوە دابەزێنراوە، اللهی ئێمە و خوای ئێوە یەكێكە، ئێمە بەو باوەڕدارین.*

ئێمە تێناگەین چۆن قورئان بڕیار دەدات کە یەزدانی خاوەن پەرتووك و یەزدانی موسڵمانەکان یەکن، دوایش

موسڵمانەکان هان دەدات بۆ کوشتنی خاوەن پەرتووك هەروەها تاوانباریان دەکات بە کافر و بەدرەوشت ؟
لَآ إِكۡرَاهَ فِي ٱلدِّينِۖ قَد تَّبَيَّنَ ٱلرُّشۡدُ مِنَ ٱلۡغَيِّۚ فَمَن يَكۡفُرۡ بِٱلطَّٰغُوتِ وَيُؤۡمِنۢ بِٱللَّهِ فَقَدِ ٱسۡتَمۡسَكَ بِٱلۡعُرۡوَةِ ٱلۡوُثۡقَىٰ لَا ٱنفِصَامَ لَهَاۗ وَٱللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ (٢٥٦) (سورة البقرة ٢٥٦)

واته: (٢٥٦) *ڕق و کینه نیه له دیندا، چونکه چاک و دروست ڕوون و ئاشکرا بووه، جا ئەوەی باوەڕی نەبێت به ـ تاغوت ـ باوەڕی دامەزراو بهێنێت به الله، ئەوکەسه دەستی گرتووه به بەهێزترین هۆکاری ڕزگارییەوه، هیچ پسانی بۆ نی یه، الله ش بیستەرو زانایه.*

وَلَوۡ شَآءَ ٱللَّهُ لَجَعَلَكُمۡ أُمَّةٗ وَٰحِدَةٗ وَلَٰكِن يُضِلُّ مَن يَشَآءُ وَيَهۡدِي مَن يَشَآءُۚ وَلَتُسۡـَٔلُنَّ عَمَّا كُنتُمۡ تَعۡمَلُونَ (٩٣). (سورة النحل ٩٣ )

واته: *(٩٣) ئەگەر خوا بیویستایه دەیکردن بەیەك ئوممەت، بەڵام ئەوەی الله بیەوێت گومڕای دەکات و ئەوەی بیەوێت ڕێنمایی دەکات، بێگومان پرسیارتان لێدەکرێت لەبارەی ئەو کردەوانەی که ئەنجامتان دەدا .*

قُلۡ يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡكَٰفِرُونَ (١) لَآ أَعۡبُدُ مَا تَعۡبُدُونَ (٢) وَلَآ أَنتُمۡ عَٰبِدُونَ مَآ أَعۡبُدُ (٣) وَلَآ أَنَا۠ عَابِدٞ مَّا عَبَدتُّمۡ (٤) وَلَآ أَنتُمۡ عَٰبِدُونَ مَآ أَعۡبُدُ (٥) لَكُمۡ دِينُكُمۡ وَلِيَ دِينِ (٦). (سورة الكافرون ١ ــ ٦ )

*( ١ ) بڵێ ئەی کافرەکان.( ٢ ) من هەرگیز ئەو شتانەی که ئێوه دەیپەرستن نایپەرستم.( ٣ ) ئێوەش دیاره ئەوەی من دەیپەرستم نای پەرستن.( ٤ ) ئەوەی ئێوه پەرستوتانه من هیچ کات نایپەرستم.( ٥ ) ئێوەش، ئەوەی من دەیپەرستم نای پەرستن.( ٦ ) دینی خۆتان بۆ خۆتان و دینی خۆم بۆ خۆم.*

ئەم ووشانه جیاوازییەکی گەوره له دەقه قورئانیەکاندا دەردەخات بۆ نموونه:

١ - گفتوگۆ مەکەن لەگەڵ خاوەن پەرتووکدا تەنیا به باشتر نەبێت.

٢ - یەزدانی خاوەن پەرتووك واللەی موسڵمانەکان یەکن.

٣ - ڕق و کینه له ئایندا نییه.

٤ - ئاینی خۆتان بۆ خۆتان، ئاینی خۆم بۆ خۆم .

ئینجا بانگەواز دەکات بۆ کوشتنی ئەوانەی خاوەن پەرتووکن، تاوەك باج بدەن به موسڵمانەکان !

ئەم دەقە جیاوازانەی قورئان خوێنەر تووشی سەرە گێژە دەکات، هەروەها قورئان دیمەنێك دەدات بە یەزدان کە ناگونجێت لەگەڵ زانست و دانایی بێ پایانیدا، ئەمڕۆ فەرمانی شتێك دەدات و سبەینێ بە شتێکی پێچەوانە دەیگۆڕێت!
موحەمەد لەسەر ڕێگایەك بووە کە بەتەواوی بە پێچەوانەی فێرکردنەکانی مەسیح بووە، چونکە موحەمەد موسڵمانەکانی بۆ کوشتن هانداوە و داوای لێکردوون کە لەپێناوی یەزداندا بجەنگێن هەروەك یەزدان بەو هەموو توانایەوە نەتوانێت بەرگری لە خۆی و لە ئاینەکەی بکات.
ئەوەی گونجاوە و دەچێت بە مێشکدا دەڵێت: بەهێز دەجەنگێت لەپێناوی لاوازدا، بەڵام ئێمە ڕادەوەستین لەبەردەم ڕاستییەکی هەڵگەڕاوەدا کاتێك لە قورئاندا دەیخوێنینەوە بانگەوازی کوشتن دەکات، بەوەی مرۆڤی بێ توانا و لاواز داوای لێدەکرێت بکوژێت و بجەنگێت لەپێناوی یەزدانی بەهێز و بە تواناداا. ئەمەش پێچەوانەی ئەوەیە کە ئێمە لە پەڕتووکی پیرۆزدا دەیخوێنینەوە.
کاتێك گەلی ئیسرائیل لەبەردەم دەریای سووردا وەستا بوون دوای هاتنە دەرەوەیان لە میسر، دەریا لەبەر دەمیاندا و فیرعەونی میسریش بە لەشکرێکی مەزن و بە تواناوە هات بە دوایاندا تا بیان گەڕێنێتەوە بۆ ژێر دەسەڵاتی خۆی ئیتر ئیسرائیلییەکان ترسان و بە موسایان ووت: ئایا لەبەرئەوەی لە میسردا گۆڕ نەبوو بۆیە ئێمەت هێنا بۆ ئەم چۆڵەوانییە تا لێرە بمرین، ئەمە چی بوو پێت کردین تا وامان لێ بکەیت لە میسر دەربچین؟ ئەمە ئەو قسەیە نییە کە لە میسر پێمان ووتیت، لێمان گەڕێ با خزمەتی میسرییەکان بکەین، چونکە

بۆ ئێمە باشترە خزمەتی ئەوان بکەین لەوەی لە چۆڵەوانی بمرین؟ ئەوسا موسا بە گەلەکەی فەرموو:
(مەترسن، بوەستن و بڕواننە ڕزگاری خوداوەندی ڕزگارکەر کە ئەمڕۆ بۆتانی ئەنجام دەدات، چۆن ئەمڕۆ میسرییەکانتان بینی، ئیتر جارێکی تر هەتاهەتایە نایان بیننەوە. خوداوەند بۆتان دەجنگێت و ئێوەش بێدەنگ دەبن.
خوداوەند بە موسای فەرموو: (چییە هاوارم بۆ دەکەیت؟ بە نەوەی ئیسرائیل بڵێ با کۆچ بکەن. تۆش گۆچانەکەت بەرزبکەرەوە و دەستت بۆسەر دەریاکە درێژ بکە ودەریاکە لەیەک جیا بکەرەوە. ئیتر نەوەی ئیسرائیل لەناوەڕاستی دەریاکەوە دێنە سەر ووشکایی. ئینجا منیش دڵی میسرییەکان ڕەق دەکەم، هەتا بەدوایاندا بێن، ئەوسا منیش شکۆمەند دەبم بە سەرکەوتن بەسەر فیرعەون و هەموو سوپاکەی و گالیسکە و سوارەکانیدا.
ئیتر میسرییەکان دەزانن من یەزدانم کاتێك شکۆمەند دەبم بە سەرکەوتن بەسەر فیرعەون و گالیسکە و سوارەکانیدا.
پاشان فریشتەی یەزدان هات بەلای لەشکری ئیسرائیلییەکاندا و بە دوایاندا ڕۆیشت. ئینجا ستونێکی هەور کە بە ڕۆژ ڕێنیشان دەریان بوو، وە بە شەو ستونێکی ئاگر تا ڕێگایان بۆ ڕووناك بکاتەوە، بە بەردەمیاندا ڕۆیشت و لە دوایانەوە وەستا دوایی چووە نێوان لەشکری میسرییەکان و ئیسرائیلییەکان، بۆیە کەسیان نەیانتوانی لە یەکتر نزیك بکەونەوە.
موسا دەستی ڕاکێشا بەسەر دەریاکەدا، یەزدان ڕەشەبایەکی توندی هێنا بەسەر دەریاکەدا و هەمووی کرد بە ووشکانی و ئاوەکە لێك جیابووەوە. ئیتر نەوەی ئیسرائیل هاتنە ناوەڕاستی دەریاکە بۆ سەر ووشکایی و ئاوەکەش لە ڕاست و

لە چەپیانەوە بوو بە دیوارێك بۆیان. میسرییەکانیش دووایان کەوتن، هەموو ئەسپەکانی فیرعەون و گالیسکە و سوارەکانی بە دوایانەوە هاتنە ناوەڕاستی دەریاکەوە. ئەوە بوو لە چاوەڕوانی بەرەبەیاندا، خوداوەند لە ستوونی ئاگر و هەورەوە بەرەو خوارەوە تەماشای لەشکری میسرییەکانی کرد و سەری لێ تێکدان و بێزاری کردن. چەرخەی گالیسکەکانیانی لێکترازاند ، بە جۆرێك بەوپەڕی هەوڵدانەوە لێیان دەخوڕی. جا میسرییەکان ووتیان : با لەبەردەم ئیسرائیلییەکاندا هەڵبێین، چونکە یەزدان بۆیان دەجەنگێت. خوداوەند بە موسای فەرمووو: (دەستت بۆ سەر دەریاکە درێژ بکە، ئینجا ئاوەکە دەگەڕێتەوە دواوە، میسرییەکان و گالیسکە و سوارەکانیان نقوم دەکات.) موسایش دەستی بۆ سەر دەریاکە درێژ کرد، ئیتر دەمەو بەیان دەریاکە گەڕایەوە شوێنی جارانی خۆی، بۆسەر میسرییە هەڵاتووەکان کە ڕایان دەکرد بەرەو ڕووی، لەوێدا یەزدان ڕایماڵین بۆ ناوەڕاستی دەریاکە. ئیتر ئاوەکە گەڕایەوە بەسەر هەموو گالیسکە و سوارەکاندا و لەگەڵ سوپاکەی فیرعەوندا دایپۆشین، وە ئەوانەی بە دوایاندا هاتبوونە ناو دەریاکە، کەسیان لێدەرنەچوو.

خوداوەند لەو ڕۆژەدا ئیسرائیلییەکانی لە دەستی میسرییەکان ڕزگار کرد، هەروەها ئەوان میسرییەکانیان بینی لە کەناری دەریاکە مردوون. نەوەی ئیسرائیل ئەو دەستە مەزنەی بینی کە خوداوەند دژ بە میسرییەکان بەکاری هێنا، ئیتر گەلەکە لە خوداوەند ترسان و باوەڕیان بە خودا و موسای خزمەتکاری هێنا.

(دووەم پەڕتووکی موسا (دەرچوون) ١٤: ١١ – ٣١ ).

جا ئەمە یەزدانی زیندووی ڕاستەقینەیە کە شایستەی پەرستنە، ئەو یەزدانەی کە توانای بەسەر هەموو شتێکدا هەیە و دەتوانێت بەرگری لە گەلەکەی خۆی بکات، پێویستی بەوە نییە لە پێناویدا کوشتار بکرێت، هەر ئەو شەوێك فریشتەیەکی نارد، لە سوپای پاشای ئاشووریەکانی داو ١٨٥٠٠٠ کەسی لێ کوشتن. کاتێك ڕۆژ بووەوە بینرا هەموویان لاشەی مردوون. ئیشەعیا ٣٧: ٣٦

موحەمەد موسڵمانەکان هان دەدات بۆ کوشتار، بەڵام مەسیح چونکە دەزانێت یەزدان توانای بەسەر هەموو شتێکدا هەیە، وە چەندین سوپای فریشتە لە ژێر دەسەڵاتیدایە، کاتێك پەترۆسی قوتابی شمشێرەکەی دەرهێنا و گوێی کۆیلەی سەرۆك کاهینەکانی بڕی، چونکە بینی سەربازەکان هاتوون بۆ گرتنی عیسا، عیسا پێی فەرموو: (شمشێرەکەت بگەڕێنەرەوە ناو کێلانەکەی، چونکە ئەوانەی شمشێر هەڵدەگرن بە شمشێریش لەناو دەچن. ئایا وا دەزانیت ناتوانم داوا لە باوکم بکەم زیاتر لە دوانزە لەشکر فریشتەم بۆ بنێرێت؟ بەڵام ئیتر چۆن ئەوەی لە پەڕتووکی پیرۆزدا نووسراوە بێتە دی، کە دەڵێت دەبێت بەو شێوەیە ڕوو بدات.) مەتتا ٢٦: ٥٢ – ٥٤ عیسا فەرمانی بە پەترۆسدا و فەرمووی: (شمشێرەکەت بگەڕێنەرەوە بۆ شوێنی خۆی. جگە لەمەش پێی ووت: ئەو کابرایەم بۆ بانگ بکە ئینجا دەستی هێنا بە گوێیدا و چاکی کردەوە).

لێرەدا دەبینین بۆشاییەکی گەورە هەیە لە نێوان موحەمەد کە پیاوی شمشێر و کوشتن و خوێن رشتن بوو، لەگەڵ مەسیح کە سەرۆکی ئاشتی بوو ئەوەی لە ڕۆژی لە دایك بوونیدا فریشتەکانی ئاسمان ستایشیان دەکردو دەیان ووت: (ئاشتی بۆ سەر زەوی ) لۆقا ٢: ١٣

کەواتە مەسیح ئاشتییە، هات بۆسەر زەوی شێوەی جەستەی وەرگرت بوو.

ئاشتیش ناوێکە لە ناوە پیرۆزەکانی یەزدان لە قورئاندا، ئەمەش لە سورەتی حەشردا نووسراوە: هُوَ ٱللَّهُ ٱلَّذِی لَآ إِلَـٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلۡمَلِكُ ٱلۡقُدُّوسُ ٱلسَّلَـٰمُ ٱلۡمُؤۡمِنُ ٱلۡمُهَیۡمِنُ ٱلۡعَزِیزُ ٱلۡجَبَّارُ ٱلۡمُتَكَبِّرُۚ سُبۡحَـٰنَ ٱللَّهِ عَمَّا یُشۡرِكُونَ (٢٣). (سورة الحشر ٢٣).

واتە: *(٢٣) ئەو الله یە، جگە لەو الله یەکی تر نیە پاشای پیرۆزە، سڵاوی باوەڕداری بە دین و خۆشەویست و بە توانا، گەورەیە و خۆی بەگەورە دەزانێت، پاکی و بێگەردی بۆ ئەو الله یەیە لەوەی تینەگەیشتوان شەریك و هاوەڵی بۆ بڕیار دەدەن.*

مەسیح تەنیا ئاشتی بە جەستە بوو نەبوو، بەڵکو ئاشتی دەدات بەوانەی باوەڕی پێدەهێنن. ئەمەش پەیمانی ئەوە بۆ باوەڕداران (ئاشتیتان بۆ بەجێدەهێڵم، ئاشتی خۆمتان دەدەمێ، بەڵام بەو شێوەیەنا کە جیهان دەتانداتێ. دڵتەنگ مەبن و مەترسن. یۆحەننا ١٤: ٢٧).

## بەشی دەهەم

## قورئان دووپاتی ئەوە دەکاتەوە کە دۆزەخ چارەنووسی هەموو موسڵمانێکە

موحەمەد بە موسڵمانەکان کە باوەڕیان بە خۆی و بە قورئانەکەی هەیە دەڵێت: چاکە خراپە لا دەبات، وە لەهەمان کاتیشدا دووپاتی ئەوە دەکاتەوە کە هەموو موسڵمانێك دەبێت بگاتە جەهەنەم و بچێتە ناوی، بەڵام باوەڕداران بە مەسیح، ئەوانەی ئەو لەسەر خاچ لە پێناویاندا مرد، مەسیح دڵنیایان دەکات بە ژیان لەگەڵیاندا لە ڕۆژی دواییدا. هەروەها بە ڕزگار بوونی تەواو لە لێپرسینەوە و سزای یەزدان. بەوەی ئەو پاداشتی کردارەکانیان دەداتەوە کە بە باوەڕەوە کردوویانە.

قورئان دووپاتی ئەوە دەکاتەوە و دەیڵێتەوە کە چاکە خراپە لادەبات، وەکو ئەوەی کە یەزدان خراپەی خەڵکی ببەخشێت گەر چاکەیان لە خراپەیان زیاتر بوو. ئەمەش فێرکردنێکە لە میسرییە بت پەرستەکانی جاران وەرگیراوە، میسرییە کۆنەکان ووتویانە مرۆڤ کاتێك دەمرێت لەبەردەم دادگای ئۆزوریس ڕادەگیرێت و دڵی دەخرێتە تەرازوویەکەوە، ئەگەر چاکەی لە خراپەکانی زیاتر بوو ئەوکاتە دەبەخشرێت،، جا فێرکردنێکی بەو جۆرە، لووت بەرزی مرۆڤ تێر دەکات چونکە هیوای ئەوەی دەداتێ ڕزگار بوونی لە سزا لەسەر کردارە چاکەکانی وەستاوە، هەرچەندە مرۆڤ بە سروشتی خۆی ئارەزووی خراپە دەکات وە هەرگیز ناتوانێت بە کردارەکانی ڕەزامەندی یەزدان بەدەست بهێنێت.

ئێمە هەرچی توند و تیژیەك دەبینین لە کوشتن، دزی، زۆرداری و داگیرکردن لە هەموو کۆمەڵەکانی جیهاندا هەرچییەك بێت باوەڕ و ئاینیان، دووپاتی ئەوە دەکاتەوە کە سروشتی مرۆڤ خراپە.

قورئان دان بە دۆڕاندن و لاوازی مرۆڤدا دەنێت و دەڵێت:

إِنَّ ٱلۡإِنسَٰنَ لَفِى خُسۡرٍ (٢) إِلَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ وَتَوَاصَوۡاْ بِٱلۡحَقِّ وَتَوَاصَوۡاْ بِٱلصَّبۡرِ (٣). (سورة العصر ٢- ٣ )

ئەم سورەتەی قورئان دەڵێت: هەموو مرۆڤێك کە لە دایك دەبێت بە سروشت دۆڕاوە و لەناوچووە. ئەو بە سروشت لەناوچووە چونکە کەوتۆتە گوناهەوە، جگە لەوانەی باوەڕیان هێناوە و بەردەوامن لەسەر ڕاستی و دان بەخۆداگرتندا.

وە لە سورەتی یوسف ئەم دەقە قورئانیە نووسراوە:

وَمَآ أُبَرِّئُ نَفۡسِىٓۚ إِنَّ ٱلنَّفۡسَ لَأَمَّارَةُۢ بِٱلسُّوٓءِ إِلَّا مَا رَحِمَ رَبِّىٓۚ إِنَّ رَبِّى غَفُورٞ رَّحِيمٞ (٥٣). مەبەست لەم ئایەتە قورئانیە ئەوەیە: دەرون شوێنی خراپەیە، ئەمەش سروشتی مرۆڤی دۆڕاوە، ئەگینا ئارەزووی خراپەی لە کوێوە بۆ هات؟، وە ڕزگار بوون لەم ئارەزووی خراپەیە تەنیا بە بەزەیی یەزدانە نەك بە هەوڵدانی مرۆڤ.

لە سورەتی النساء قورئان دان بەوەدا دەنێت و دەڵێت:

يُرِيدُ ٱللَّهُ أَن يُخَفِّفَ عَنكُمۡۚ وَخُلِقَ ٱلۡإِنسَٰنُ ضَعِيفٗا (٢٨). سورة النساء ٢٨

ڕوونکردنەوەی ئەم دەقە قورئانیە یەزدان دەیەوێت باری سەرشانتان سووك بکات بەوەی شەریعەتی لێبوردنتان دەداتێ کە هیچ قورسایییەکی تێدا نییە بەهۆی سروشتی لاوازی مرۆڤەوە چونکە ناتوانێت دان بە خۆیدا بگرێت بەرامبەر بە ئارەزووەکانی و قورسایی ملکەچی یەزدان.

المصحف المفسر صفحة ١٠٤

قورئان دانی بەوەدا ناوە کەوا مرۆڤ دۆڕاوە و دەرونی پڕە لە خراپە. هەروەها بە لاوازی دروست بووە، ئەمەش واتای ئەوەیە بە سروشتێکی لاواز دروست بووە کە ناتوانێت بەرهەڵستی ئارەزووەکانی ببێت و ملکەچی یەزدان بکات، لەگەڵ ئەمانەشدا هەموو قورئان بە موسڵمانەکان دەڵێت چاکە خراپە لادەبات.

جا وەرە لەگەڵمدا با ئەم دەقە قورئانیە بخوێنینەوە:

وَأَقِمِ ٱلصَّلَوٰةَ طَرَفَیِ ٱلنَّهَارِ وَزُلَفٗا مِّنَ ٱلَّیۡلِۚ إِنَّ ٱلۡحَسَنَٰتِ یُذۡهِبۡنَ ٱلسَّیِّـَٔاتِۚ ذَٰلِكَ ذِكۡرَىٰ لِلذَّٰكِرِینَ (١١٤). سورة هود ١١٤

واتە: *(١١٤) نوێژ ئەنجام بدە لەهەردوو سەری ڕۆژەوە و لە سێ کاتەکەی شەویشدا، چونکە چاکەکان خراپەکان لادەبات، ئەمە بیرخەرەوەیە بۆ ئەوانەی یاد دەکەن.*

وَٱلَّذِینَ صَبَرُواْ ٱبۡتِغَآءَ وَجۡهِ رَبِّهِمۡ وَأَقَامُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَأَنفَقُواْ مِمَّا رَزَقۡنَٰهُمۡ سِرّٗا وَعَلَانِیَةٗ وَیَدۡرَءُونَ بِٱلۡحَسَنَةِ ٱلسَّیِّئَةَ أُوْلَٰٓئِكَ لَهُمۡ عُقۡبَى ٱلدَّارِ(٢٢). (سورة الرعد

واتە: *(٢٢) ئەوانەی سەبریان کرد و بە ئارام بوون بۆ ڕەزامەندیی پەروەردگاریان و نوێژەکانیان ئەنجام داوە و لەو ڕزق و ڕۆزیەش کە پێمان بەخشیوون بەخشیویانە، بەنهێنی و بە ئاشکرا، بەچاکەکاری پاڵ بە خراپکارایەوە دەنێن، ئا ئەوانە جێگەیان ماڵی ئاسمانە.*

مَن جَآءَ بِٱلۡحَسَنَةِ فَلَهُۥ عَشۡرُ أَمۡثَالِهَاۖ وَمَن جَآءَ بِٱلسَّیِّئَةِ فَلَا یُجۡزَىٰٓ إِلَّا مِثۡلَهَا وَهُمۡ لَا یُظۡلَمُونَ (١٦٠). (سورة الانعام ١٦٠ )

واتە: (١٦٠) ئەوەی چاکەو هێنابێت ئەوە دە ئەوەندەی چاکەکە پاداشتی هەیە، ئەوەش گوناهەی هێنابێت، ئەوە پاداشت دەدرێتەوە بەئەندازەی ئەوتاوانەی کە هێناوێتی، ئەوانە ستەمیان لێناکرێت.

نوێژ شتێکی باشە. دان بەخۆدا گرتن و بەخشین بەسەر هەژاران و لێ قەوماواندا شتێکی چاکە. ئەوەی چاکەیەك بکات دە ئەوەندە پاداشتی دەدرێتەوە. بە واتایەکی تر چاکە خراپە لادەبات. ئەمەش قایین لە کۆنەوە هێنایەکایەوە، بیرکردنەوەی ڕزگار بوون لە سزای گوناهەکان بە کرداری چاك، بیری هەوڵدان بۆ نزیك بوونەوە لە یەزدان بە هەوڵدانی مرۆڤ. ئەم بیرکردنەوەیە لە سەرەتای مێژووی

مرۆڤایەتیەوە یەزدان ڕەتی کردۆتەوە، ئەمەش چیرۆکی قابینە: دوای ماوەیەك قابین لە بەروبوومی زەوی پێشکەش بە خوداوەند کرد. هەروەها هابیلیش لە نۆبەرەی مەڕەکانی و لە چەورایەتیەکەیانی پێشکەش کرد. جا خوداوەند هابیل و پێشکەش کراوەکەی پەسەند کرد. بەڵام قابین و پێشکەش کراوەکەی پەسەند نەکرد، لەبەرئەمە قابین زۆر تورە بوو ڕووی خۆی گرژ کرد. ئیتر خوداوەند بە قابینی ووت: ( بۆ تورە بوویت و بۆ ڕووی خۆت گرژ کردووە؟ ئایا ئەگەر چاکە بکەیت، بەرز ناکرێیتەوە؟ خۆ ئەگەر چاکە نەکەیت، ئەوا گوناە لەبەر دەرگاکەت خۆی ماتکردووە و ئارەزووت دەکات، بەڵام تۆ دەبێت بەسەریدا زاڵ بیت). پاشان قابین لەگەڵ هابیلی برای قسەی کرد. وا ڕوویدا کاتێك هەردووکیان لە کێڵگەکەدا بوون، قابین پەلاماری هابیلی برای دا و کوشتی. (پەیدابوون ٣ – ٨ )، قابین لە بەروبوومی زەویەکەی قوربانی بۆ یەزدان پێشکەش کرد، بەروبوومی هەوڵدانی خۆی پێشکەش کرد، کە بە ئارەقی ناوچەوان پەیدای کردبوو. بەڵام یەزدان قوربانییەکەی قابینی ڕەتکردەوە. لە هەمانکاتدا هابیل لە نۆبەرەی بەرووبوومی مەڕەکانی قوربانی پێشکەش کرد، یەزدانیش ئەو قوربانییەی هابیلی قبوڵ کرد. بۆچی؟ وەڵامی ئەمە لە نامەکەی پۆڵس بۆ باوەڕدارانی رۆما ١٠: ١٧ دەدرێتەوە، لەوێدا لەو بارەیەوە نووسراوە: یەزدان قوربانییەکەی هابیلی قبوڵ کرد چونکە لەسەر بناغەی باوەڕ دامەزرا بوو، کەواتە باوەڕ بە هۆی بیستنەوە پەیدا دەبێت، بیستنیش بە هۆی ڕاگەیاندنی ووشەکانی مەسیحەوە دەبێت.

ئادەم بە هابیل و قابینی ووت (کە هەردووکیان کوڕی ئەو بوون) کاتێك سەرپێچی ڕاسپاردەی یەزدانی کرد، ئەو و

حەوای ژنی زانییان کەوا ڕووتن، ئەوسا یەزدان ئاژەڵێکی بێتاوانی سەربڕی لە پێستەکەی کراسێکی بۆ دروست کردن تا شوورەیی خۆیانی پێ بشارنەوە. هەروەها ئادەم بە هەردوو کوڕەکەی ووت: یەزدان ڕووتی من و ژنەکەمی شاردەوە بە پێستی حەیوانێکی سەربڕاو، ئەمەش ڕێگەی نزیك بوونەوەیە لە یەزدان، ڕێگەی خوێنی ڕژاو، ئەوەی کە نیشانەیەکە بۆ خوێنی مەسیح (قوربانی مەزن) ،هابیل باوەڕی بە قسەی باوکی کرد، بەڵام قایین پشتی بە کردارە چاکەکانی خۆی بەست، ئەم پشت بەستنەش بە خوداستی یەزدان بوو، یۆحەننای نێردراوی یەزدان دووپاتی ئەم ڕاستییە دەکاتەوە بەم ووشانەی خوارەوە: قایین سەربە خراپەکار بوو واتە (شەیتان)، یەکەم یۆحەننا ٣: ١٢، جا کێ بە ڕێگەی (قایین) دا بڕوات، ئەو ڕێگایە بەرەو خوێن ڕشتنی بێتاوانانی دەبات. چونکە قایین سەربە خراپەکار (واتە شەیتان) بوو، بۆیە براکەی کوشت. یەکەم یۆحەننا٣: ١٢ ، کەواتە قوڕ بەسەر ئەوەی کە ڕێگەی قایین دەگرێت و هەوڵ دەدات بەکردارە چاکەکانی لە یەزدان نزیك ببێتەوە. لەم بارەیەوە لە یەهوزا ١: ١١ نووسراوە: خاك بەسەریان چونکە ڕێگەی (قایین) یان گرتووە.

بۆچی باوەڕدار خاك بەسەرە گەر بیر بکاتەوە کردارە چاکەکانی کردارە خراپەکانی لادەبات؟ چونکە مرۆڤی گوناهبار ناتوانێت مافی دادپەروەری یەزدان بدات بە کردارە چاکەکانی، لەبەرئەوەی کردارە چاکەکانی پیس بووە بە نیازە خراپەکانی.

ئێمە لەبەرچاوی تۆدا پیس بووین، تەنانەت کردارە چاکەکانمان وەك کراسی پیسی دڕاوی لێهاتووە، بە هۆی گوناهەکانمانەوە وەك گەڵای پایزمان لێهاتووە کە دەکەوێتە

خوارەوە و با لەگەڵ خۆیدا دەیبات. ئیشەعیا ٦٤: ٦
هەروەها داود لە زەبور١٤: ٢ دەڵێت: خوداوەند لە ئاسمانەوە سەیری مرۆڤ دەکات، تا بزانێت کەس هەیە تێگەیشتوو بێت، کەس هەیە بگەڕێت بە دوای خوداوەنددا، هەموو چەواشە بوون، کەس نییە چاکە بکات، تەنانەت یەکێکیش نییە.
ئەم ووشانەی یەزدان کە بە وەحی دراوە بە داود پاشا ڕاست و دروستن، کرداری چاکە خراپە لانابات،، ئەگینا دەمان ووت پاشای بازرگانەکانی کۆکایین (بابلو ئەمیلیوا ئەسکوبار جافیریا) ئەوەی چەندین بلوێن دۆلاری بە هۆی بازرگانی کۆکایینەوە دەستکەوتووە، ئەوەی هەزاران کەسی بەدرەوشت کرد و کوشتوونی، ئەوەی زۆر لە پیاوانی حکومەتی کوشتووە کە هەوڵی وەستانی بازرگانییەکەیان داوە، ئەوەی پۆلیس لە کۆلۆمبیا لە مانگی دوانزەی ١٩٩٣ کوشتی، ئایا یەزدان لە گوناهەکانی خۆش دەبێت؟ چونکە لە پارەی کۆکایین بەشی هەژار و لێقەوماوانی داوە، وە زۆر لە هەژارەکانی کۆلومبیا شایەتی ئەوەیان داوە کە ئەسکوبارماڵی بۆ دروستکردوون، وە قیرتاوی شەقامی و کۆڵانەکانی کردوون یارمەتی بێکارەکانی داون، وە بەزەیی بە هەژار و لێقەوماوەکاندا هاتووە، جا ئایا کردارە چاکەکانی ئەسکوبار کارە خراپەکانی دەسڕێتەوە، یان خێرکردنی بە هەژاران لێخۆشبوونی یەزدانی دەداتێ لە جیاتی تاوانی ئەو کوشتنانەی کە کردوویەتی یان ئەو خوێنانەی کە ڕشتوویەتی؟
دەربارەی ئەوەی لە قورئاندا نووسراوە کە چاکە خراپە لادەبات ئەبوبەکری سەدیق ووتویەتی: لا امن مكر الله حتی لو كانت احدئ قدمی فی الجنة

ئەم دەقە قورئانییەی خوارەوە بە ئاشكرا دەری دەخات هەموو موسڵمانێك دەبێت بچێتە دۆزەخ. ئەمەش لە سورەتی مریەم بەم شێوەیە نوسراوە:
وَيَقُولُ ٱلۡإِنسَـٰنُ أَءِذَا مَا مِتُّ لَسَوۡفَ أُخۡرَجُ حَيًّا ﴿٦٦﴾ أَوَلَا يَذۡكُرُ ٱلۡإِنسَـٰنُ أَنَّا خَلَقۡنَـٰهُ مِن قَبۡلُ وَلَمۡ يَكُ شَيۡـًٔا ﴿٦٧﴾ فَوَرَبِّكَ لَنَحۡشُرَنَّهُمۡ وَٱلشَّيَـٰطِينَ ثُمَّ لَنُحۡضِرَنَّهُمۡ حَوۡلَ جَهَنَّمَ جِثِيًّا ﴿٦٨﴾ ثُمَّ لَنَنزِعَنَّ مِن كُلِّ شِيعَةٍ أَيُّهُمۡ أَشَدُّ عَلَى ٱلرَّحۡمَـٰنِ عِتِيًّا ﴿٦٩﴾ ثُمَّ لَنَحۡنُ أَعۡلَمُ بِٱلَّذِينَ هُمۡ أَوۡلَىٰ بِهَا صِلِيًّا ﴿٧٠﴾ وَإِن مِّنكُمۡ إِلَّا وَارِدُهَاۚ كَانَ عَلَىٰ رَبِّكَ حَتۡمًا مَّقۡضِيًّا ﴿٧١﴾. (سُوْرَةُ مَرَيم ٦٦-٧١ )
واتە: *( ٦٦ ) ئادەمیزاد دەڵێت: ئەگەر مردم، جارێکی تر لە ئایندەدا زیندوو دەکرێمەوە.( ٦٧ ) ئادەمیزاد بۆ بیر ناکاتەوە ئێمە پێشتر دروستمان کرد، ئەو هیچ نەبوو.( ٦٨ ) سوێند بە پەروەردگارت حەشریان دەکەین لەگەڵ شەیتانەکان، پاشان ئامادەیان دەکەین بە دەوری. ( ٦٩ ) لە هەر دەستەیەک، ئەوانە دەردەکێشین کە یاخی بوون لە الله‌ی میهرەبان .( ٧٠ ) پاشان زۆرچاک ئاگادارین بەوەی کێ لەوانە شایستە ترە. ( ٧١ ) ئێوە کەستان نییە کە تێپەڕ نەبێت بەسەر دۆزەخدا، ئەم پێشهاتە بڕیاردراوە هەر جێبەجێ دەکرێت.*
موحەمەد فەرید وەجدی ئەم دەقە قورئانیە بەم شێوەیە ڕوون دەکاتەوە: وما منكم الا واصل الئ جهنم ومار بها. قيل يمر بها المومنون وهي خامدة , وقيل يمر عليها وهم يجتازون الصراط. كان ورودهم اياها واجبا اوجبة اللة علي نفسةوقضي بان وعدبة وعدالا يمكن خلفة. (المصحف المفسر صفحة ٤٠٣)
کەسێك نییە ڕزگاری بێت لە گوزەرکردنیدا بە ناو جەهەنەمدا. دەڵێن کە ئیمانداران پێیدا تێدەپەڕن لەو ساتەی ئاگرێکی ساردەوەبووی خامۆشە...بەڵام ئەوە یەکێکە لەو ئەرکانەی یەزدان بەسەریاندا دەسەپێنێت.
بەڵام عیسای مەسیح ووتویەتی: ئاگری دۆزەخ هەرگیز ناکوژێتەوە (مزگێنی مەرقۆس ٩: ٤٣ – ٤٨)
لەگەڵ نوێژی موسڵمانان پێنج جار لە ڕۆژێکدا. لەگەڵ مانگێك ڕۆژوو گرتن هەموو ساڵێك لە مانگی ڕەمەزاندا لە

بەیانی زووەوە هەتا ڕۆژئاوا بوون. لەگەڵ دانی زەکاتدا. لەگەڵ حەج کردندا بۆ کەعبە. لەگەڵ ووتنی دوو شەهادەتدا: (اشهد ان لا اله الا الله. واشهد ان محمد رسول الله) ، دەبێت مرۆڤی موسڵمان بچێتە دۆزەخەوە، ئەمەش بریارێکە یەزدان داویەتی لێی پەشیمان نابێتەوە. بەڵام مەسیح پەیمانی ئاسمانی داوە بە باوەڕداران پێی، وە بە ژیان لە ڕۆژی دوایی لەگەڵیاندا. وە بە ڕزگار بوونی تەواو لە سزاو لێپرسینەوەی یەزدان، وە لە جیاتی کردارەکانیان پاداشتیان بداتەوە کە بەروبوومی باوەڕیانە پێی. بەڵام دەربارەی ڕۆشتنی باوەڕداران بۆ ئاسمان، مەسیح فەرموویەتی بەو حەفتا کەسەی کە نارد بوونی، کاتێك گەڕانەوە بۆ لای بە دڵخۆشیەوە ووتیان: (گەورەم، تەنانەت ڕۆحە پیسەکانیش بە ناوی تۆوە ملکەچمانن. لۆقا ١٠: ١٧. بەڵام مەسیح پێی فەرموون: (دڵخۆش مەبن بەوەی ڕۆحەکان ملکەچتانن، بەڵکو دڵخۆش بن بەوەی ناوتان لە ئاسماندا نووسراوە)

لۆقا ١٠: ٢٠، بەڵام دەربارەی ژیان لەگەڵ مەسیحدا لە ڕۆژی دواییدا، مەسیح کە ڕاستگۆیە لەسەر پەیمانەکانی، بە قوتابییەکانی فەرمووە: (دڵتەنگ مەبن، ئێوە باوەڕتان بە یەزدان هەیە، کەواتە باوەڕیش بە من بکەن.ماڵی باوکم ژووری زۆری لێیە، گەر وا نەبوایە ئەوسا پێم دەووتن، من دەڕۆم بۆ ئەوێ تا شوێنتان بۆ ئامادە بکەم. دوای ئەوەی ڕۆیشتم و شوێنم بۆ ئامادە کردن، دەگەڕێمەوە لاتان و لەگەڵ خۆم دەتانبەم تاوەکو ئێوەش لەو شوێنە بن کە منی لێدەبم. یۆحەننا ١٤: ١ – ٣ ، بەڵام دەربارەی ڕزگار بوونی تەواو لە لێپرسینەوە و سزای هەتاهەتایی مەسیح فەرموویەتی (ڕاستیتان پێدەڵێم: ئەوەی گوێ لە ووشەکانم بگرێت و باوەڕ بهێنێت بەوەی ناردوومی ژیانی هەتاهەتایی دەبێت، لە

ڕۆژی دواییدا حوکم نادرێت بەسەریدا، چونکە ئەو لە مردنەوە بەرەو ژیان ڕۆیشتووە. (یۆحەننا ٥: ٤)، بەڵام دەربارەی پاداشت بەهۆی ئەو کردارانەی کە باوەڕداران دەیکەن، وەك بەرووبوومی باوەڕ بە عیسای مەسیح، عیسا پەیمانیداوە وفەرموویەتی: (ئەوەتا من بە پەلە دێم پاداشتی خۆم پێیە، بۆ ئەوەی پاداشتی هەر کەسێك بە پێی کارەکەی بدەمەوە.

بینین ١٢:٢٢، جا لێرەدا بۆشاییەکی گەورە لە نێوان موحەمەد و مەسیحدا دەبینین.

موحەمەد بەو موسڵمانانەی کە باوەڕیان پێی هەیە دەڵێت: هەر یەکەیان دەبێت بگاتە جەهەننەم، مەسیحیش بە باوەڕداران پێی، ئەوانەی باوەڕیان بە کەفارەتی ئەو هەیە کە لەسەر خاچ داویەتی دەڵێت: ئاسمان ئارامگای دواییانە، ئەوان لەگەڵیدا دەبن،، ئەوان بە تەواوی لە لێپرسینەوە و سزای یەزدان ڕزگاریان بووە، چونکە گوناهەکانی ئەوانی بە لەشی خۆی هەڵگرت کاتێك لەسەر خاچەکە مرد، جا هەرکەسێك پاداشتی دەدرێتەوە بەپێی کردارەکانی.

موحەمەد مرد و لە شاری مەدینە نێژرا لە دورگەی عەرەبی، جارێکی کە ناگەڕێتەوە بۆ لای موسڵمانەکان، وە نایبیننەوە تا کاتی هەستانەوەی گوناهباران، ئەوسا ڕادەوستێت لەبەردەم بارەگای مەزنی یەزداندا، تاوەك حسابی خۆی بخاتە بەردەمی یەزدان دەربارەی گوناهەکانی، بەڵام مەسیحی زیندوو جارێکی کە دەگەڕێتەوە بە شکۆیەکی مەزنەوە، تا باوەڕداران پێی لەگەڵ خۆیدا ببات بۆ ماڵی باوکی. کەواتە کێ لە ئێوە ڕازی دەبێت بە ئایینێك کە لە دواییدا بەرەو دۆزەخی ببات، وە ڕەتی ئاینێك دەکاتەوە کە

دڵنییای بەختەوەری تەواوی دەداتێ لە ژیانی دواییدا، وە ڕزگار بوون لە حساب و لە سزا ؟
جا بڕیار بڕیاری خۆتە، چونکە تۆیت دەربارەی خۆت حساب دەخەیتە بەردەمی یەزدان

## بەشی یانزەهەم

## کۆمەڵگای موحەمەد و کۆمەڵگای مەسیح

سەدەی یەکەمی دوای موحەمەد کۆمەڵگایەکمان نیشان دەدات، موسڵمان بە شمشێری موسڵمانان کوژراون، کوشتن و خوێن ڕشتنی تێدا بەربڵاو بووە. بەڵام سەدەی یەکەمی دوای مەسیح کۆمەڵگای مەسیحییەکانمان بۆ دەردەخات کە خۆشەویستی و خوشك و برایەتی ڕاستی نیشان دەدات، بۆ نموونە: یۆحەننای نێردراوی یەزدان، مەتتای نێردراوی یەزدانی نەکوشتووە یان پۆڵسی نێردراو پەترۆسی نێردراوی نەکوشتووە.

یەکێك لە نووسەرە ئیسلامییەکان لە گۆڤارێکدا نووسیویەتی: دەبێت موحەمەد بەمجۆرە پێناسە بکرێت، ئەو گەورەترین کەس بووە کە قاچی خستۆتە سەر زەوی، کاتێك لە تەمەنی ٦٣ ساڵیدا مرد، هەموو دورگەی عەرەبی لە بت پەرستییەوە گۆڕا بۆ پەرستنی یەزدانێکی تاك و تەنیا. لە ناکۆکی هۆزەکان بۆ یەکێتی عەرەبی، لە بەدڕەوشتییەوە بۆ بەرزترین پلەی ڕەوشت، ئایا بە ڕاستی موحەمەد دورگەی عەرەبی وا بەجێهێشت؟، بارودۆخی بەدرەوشتی بە تەواوی گۆڕا بوو، بۆ بەرزترین پلە، یان لە ناکۆکی هۆزایەتییەوە بەرەو یەکێتی عەرەبی؟ یان ئەوەی نووسەرەکە نووسیویەتی گۆڕانی مێژووە، ئامانجەکەی هەڵخەڵەتاندنی ئەوانەیە کە ئاگایان لە مێژوو نییە؟

کەواتە چی بڵێین دەربارەی ئەوەی مێژووی ئیسلام تۆماری کردووە دوای موحەمەد، بەپێی فەرمانرەوایی خەلیفەکانی راشدین؟

ئەو گێڕانەوە ئیسلامییانەی بە تەواوی پشتی پێدەبەسترێت، لاپەڕەی خوێناوی ئەو کۆمەڵگایەی تۆمار کردووە، کە موحەمەد لە سەدەی یەکەمی دوای مردنی بەجێیهێشتووە، ئەو سەدەیەی کە بە تەواوی ووشەکان و هەڵسوکەوتی موحەمەد کاری تێکردبوون.

مێژووی ئیسلامی باسی کوشتنی عومەری کوڕی خەتاب دەکات، وە کوشتنی عەلی کوڕی ئەبی تالیب، ئینجا کوشتنی عوسمانی کوڕی عەفان کە دوای موحەمەد سێ خەلیفەی ئیسلام بوون ، هەروەها باسی کوشتنی موسڵمانان دەکات بە شمشێری موسڵمانەکان، وە لەناوچوونی ئەسحابە بەدەستی ئەسحابە. جا ئەمە ئەو کۆمەڵەیە کە لە بەدرەوشتییەوە گۆڕاوە بۆ بەرزترین پلەی ڕەوشت جوانی؟ نووسەرێکی موسڵمان، دوکتۆر (فەرەج فودە) کە ئیسلامەکان لە قاهیرە لە ساڵی ١٩٩٣ دا کوشتیان. لە پەرتووکەکەیدا بەناوی (ڕاستییەکی وون بوو) کە لە مێژووی تەبەری بەشی ٣ لاپەرەی ٤٣٩ وەریگرتبوو دەربارەی مردنی عوسمانی کوڕی عەفان ووتویەتی: عوسمان دوای کوشتنی بە دوو شەو نەیانتوانی بینێژن، ئینجا چوار کەس هەڵیانگرت حەکیم کوڕی حەزام وە جوبەیر کوڕی مەتعەم و نیار کوڕی مەکرەم و ئەبو جەهم کوڕی حودەیفە، کاتێك دانرا تا نوێژی لەسەر بکرێت یەکێك لە (الانصار) ە کان هات ڕێی لێگرتن نوێژی لەسەر بکرێت، لەوانەی لەوێ بوون ئەسلەم کوڕی ئەوس کوڕی بەجرەی ساعدی و ئەبو حەبیەی مازنی بوون. ڕێگەی لێگرتن لە بەقیع بنێژرێت، لەوێدا ئەبو جەهم ووتی: بینێژن یەزدان و فریشتەکانی نوێژیان لەسەر کردووە ئەوانیش ووتیان: نا بە الله هەرگیز لە گۆڕی موسڵمانەکاندا نابێت بنێژرێت لە حەوشی کەوکەب بینێژن، کاتێك کوڕی ئومەییە

حوکمرانی کرد، ئەوسا بیبەن بۆ بەقیع. وە لە گێڕانەوەیەکی تردا باسکراوە: کاتێك عومیری کوڕی چابی هات عوسمان لەبەردەمی دەرگا دانرا بوو خۆی هەڵدا بەسەریدا پەراسوویەك لە پەراسووەکانی شکاند.
وە لە لایەکی ترەوە ووتراوە: لە حەوشی کەوکەب نێژراوە، کاتێك موسڵمانەکان بەرد بارانیان کردووە، ئەوانەی هەڵیان گرتبوو بە قەراغی دارەمەیتەکە خۆیان پاڕاستووە، بۆیە گۆڕەکەی کەوتۆتە حەوشی کەوکەب. جا ئەمە سێهەم خەلیفەی ئیسلام بوو کە موسڵمانەکان کوشتوویانە، ئەوەی کەسوکاری نەیانتوانی دوو شەو لاشەکەی بنێژن وە لە ڕۆژی سێهەمدا ناشتیان، هەروەها موسڵمانەکان ڕەتیان کردەوە کەوا نوێژی لەسەر بکەن تەنانەت هەندێك سوێندیان خوادرد بوو کە نابێت لە گۆرستانی موسڵمانەکاندا بنێژرێت و بەردبارانیان کردووە، دیسان یەکێك لە موسڵمانەکان دەست درێژ دەکات بۆ سەر لاشەکەی و پەراسوویەك لە پەراسووەکانی دەشکێنێت، دوایش لە کۆتاییدا لە گۆڕستانی جولەکەکان دەنێژرێت.
جا ئەمە چ تورەییەك و تۆڵە سەندنەوەیەکە کە بەسەر لەشی عوسمانی مردودا هاتووە؟ ئەوەی چاودێری مێژووی ڕابردوویان نەکردووە، لەگەڵ تەمەنیدا کە هەشتا و شەش ساڵ بووە، هەروەها لە یادی خۆیان بردۆتەوە کە ئەو مزگێنیدەری بەهەشت بووە بە موسڵمانان و مێردی دوو کچی موحەمەد بووە، وە ڕەتیان کردۆتەوە نوێژی لەسەر بکرێت و لە گۆڕی موسڵمانەکاندا بنێژرێت هەر وەکو هەژارترین و گوناهبارترینیان ئەمەش لە پەڕتووکی (الحقیقه الغائبه صفحة ٢٥ و ٢٦ دار الفكر للدراسات والنشر والتوزيع الطبعة الاولى ١٩٨٦) دا نووسراوە.

جا ئایا ڕاستە کاتێك موحەمەد دورگەی عەرەبی بەجێهێشت گۆڕا بوو لە بەدڕەوشتییەوە بۆ ئەوپەڕی ڕەوشت بەرزی، پاش ئەوەی بینیمان چۆن موسڵمانەکان عوسمانی کوڕی عەفانیان کوشت ئەو کەسەی قورئانی کۆکردەوە؟ ئیتر کوا چ جیاوازییەکی گەورە هەیە لە ناو ئەو کۆمەڵگایەی کە موحەمەد بەجێی هێشتووە، ئەوەی یەکەم لاپەڕەی بە خوێن سوور کراوە، وە لەم سەدەیەشدا زیاتر ڕەش بووە. بۆ نموونە بینیمان چۆن عێراق جەنگا لەگەڵ وولاتی ئێرانی موسڵماندا بۆ ماوەی زیاتر لە هەشت ساڵ، یان چۆن عێراق کوێتی داگیر کرد دەیویست دەست بگرێت بەسەریدا گەر بەرگری سوپای وولاتە مەسیحییەکان نەبوایە، یان چۆن موسڵمانان موسڵمان دەکوژن لە میسر و ئەفغانستان و جەزائیر، هتد، لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت چ جیاوازییەکی گەورە هەیە لە نێوان ئەو کۆمەڵگا خوێناوییەدا وە ئەم کۆمەڵگایەی کە مەسیح بەجێی هێشتووە، مێژووی سەدەی یەکەمی دوای مەسیح تۆماری کردوە بۆمان چۆن مەسیحییەکان ژیاون و چۆن خەریك بوون بە بانگەوازی ئینجیلی مەسیحەوە. ئینجیلی لێخۆشبوون، خۆشەویستی، ئاشتی و ژیانی هەتاهەتایی.

ئێمە نەمان خوێندۆتەوە یەکێك لە نێردراوەکان و قوتابیەکانی مەسیح ئەوی تری کوشتبێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە دیمەنێکی پاك و بێگەرد و ڕووناکی کۆمەڵگای مەسیحی، لە سەدەی یەکەمی دوای مەسیح تۆمار کراوە. لە کرداری نێردراوان دەربارەی مەسیحییە سەرەتاییەکان نووسراوە: (باوەڕدارەکان هەموو بە یەکەوە یەکیان گرتبوو، لە هەموو شتێك کە هەیان بوو بەشداری یەکتریان دەکرد، هەروەها ئەوەی هەیان بوو دەیانفرۆشت و نرخەکەیان دابەش دەکرد بەسەر ئەوانەی نەدار و پێویستیان پێی

هەبوو ). کرداری نێردراوان٢: ٤٤ ٤٥، هەروەها دووبارە لە کرداری نێردراوان ٤: ٣٢ لەو بارەیەوە نووسراوە: (کۆمەڵی باوەڕداران یەك دڵ و یەك گیان بوون، هیچ کەسێك نەیدەووت ئەو شتەی هەیەتی بە تەنیا هی خۆیەتی، بەڵکو لە هەموو شتێکدا هاوبەشی یەکتر بوون).

کاتێك چەوساندنەوەیەکی گەورە بەسەر کڵێسای ئۆرشەلیمدا هات وە باوەڕدارەکان پەرشوبڵاو بوونەوە، لە کرداری نێردراوان دەربارەیان ٨: ٤ دەخوێنینەوە: (ئەو باوەڕدارانەی بڵاو ببوونەوە لە شوێنێکەوە دەچوون بۆ شوێنێکی تر و مزگێنی یەزدانیان بە خەڵکی دەدا).

ئەوان بانگەوازی ئینجیلی مەسیحیان دەدا، ئینجیلی لێخۆشبوون بەخوێنی مەسیح بەبێ شمشێر و تیر و تیخ، ئیتر جیهان ملکەچی پەیامی خۆشەویستی و باوەڕیان لا دروست بوو، بەبێ ڕشتنی یەك دڵۆپ لە خوێنی مرۆڤ تا ناچاری بکات پەیامی لێخۆشبوون وەرگرێت، بە پێچەوانەی کۆمەڵی ئیسلامییەوە کە جیهانی پڕ کردووە لە ترس، بە زەبری شمشێر دەستی گرت بەسەر میسر و سوریا و عێراق و ئیسپانیادا، هێشتا موسڵمانەکان تا ئەمڕۆ چەکەکانیان بریتییە لە تیرۆر و کوشتن و خوێن ڕشتن، ئەمەش بە چاوی خۆمان دەبینین لە ئەفغانستان و جەزائیر و میسر و فەلەستین کە موسڵمان چۆن موسڵمان دەکوژێت تەنانەت بینیمان لە وڵاتی ئەمریکا کە وڵاتی سەربەستییە، لەسەر دەستی موسڵمانە توندڕەوەکان و بە هاندانی ئیمامی گەورە شێخ عومەر عبدولرەحمان، چ تەقینەوەیەکی ترسناك ڕوویدا بە سەر بنکەی بازرگانی شاری (نیویۆرك) دا. کاری موسڵمانە توندڕەوەکان بە دەنگێکی وا بەرز ئەدوێ کە ئاشکرا ترە لە هەموو بەیانێك.

عەباس مەحمود ئەلعەقاد، نووسەری گەورەی میسر ، باسی هێزی مەسیح و نێردراوانی بە شێوەیەکی زۆر جوان کردووە و ووتویەتی ڕاستە کە بڵێین کاری سەرسوڕهێنەری مەزنی مەسیح  کارێکی سەرسوڕهێنەری مێژووییە، ئەوەی بە درێژایی سەدەکان ماوەتەوە و لەناونەچووە، بەهۆی بەسەرچوونی ڕۆژانی سەدەکان، پیاوێك کە لە ماڵی دارتاشێك و لادێیەکی بچووکدا گەورە بووە توانای زیاتر بووە لە هەموو توانای لەشکری ڕۆمانی کە لەو کاتەدا هیچ هێزێك وا مەزن نەبووە.

هەرگیز خەڵکی پێشوازییەکی وایان نەکردووە وەك لە نێردراوانی مەسیح کردوویانە چونکە ئەو نێردراوانە دەرونی تینووی خەڵکەکەیان بینیووە و پێویستی ڕاستەقینەی ئەوانیان زانیووە. بۆیە مەسیح بە قوتابییەکانی ووتوە: بڕۆن بۆ ئەو شوێنەی خەڵکی گوێتان بۆ دەگرێت، وە هەر شارێك گوێتان لێناگرێت تۆزی پێڵاوەکانتان بتەکێنەوە بەسەریدا. ئەمەش نووسراوە لە پەڕتووکی: (کتاب عبقرية المسيح صفحة ١٥١، ١٤٥، ١٤٦)

مەسیحی زیندوو، بەبێ شمشێر و بەبێ کوشتن دەچێتە دڵی ئەو کەسانەی باوەڕیان بە مردنی ئەو هەیە لەسەر خاچ، وە بە ناشتنی و بە هەستانەوەی لە ناو مردووواندا و بەرزبوونەوەی بۆ ئاسمان، ئەوەی لێخۆشبوون و ئاشتی و ژیانی هەتاهەتایی دەبەخشێت پێیان.

# بەشی دوانزەهەم

## بەهەشت بەپێی قورئان، بەهەشتی شەراب و ژنان و کوڕان بەهەشتی مەی نۆشین و ڕابواردن لە تەك لاو و کیژانی ناسك ئەندامان

ئەو دیمەنەی کە موحەمەد لە قورئانەکەیدا دەربارەی ژیانی دوایی پێشکەشی کردووە بریتییە لە: شوێنی مەی نۆشی و ڕابواردن و ئارەزووە سێکسییەکان جا لەتەك لاوی هەرزە یان کیژانی تازە پێگەیشتوو و ڕابواردنی سێکسی، وە سەرخۆشی و ئارەزووی لەش، بەڵام مەسیح تەنیا دیمەنی ڕاستەقینەی دەربارەی ژیانی دوایی پێشکەش کردووە.

لە لایەکەوە قورئان لە سورەتی مائدة دا دەڵێت: يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِنَّمَا ٱلۡخَمۡرُ وَٱلۡمَيۡسِرُ وَٱلۡأَنصَابُ وَٱلۡأَزۡلَـٰمُ رِجۡسٌ مِّنۡ عَمَلِ ٱلشَّيۡطَـٰنِ فَٱجۡتَنِبُوهُ لَعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ(٩٠). (سورة المائدة ٩٠ )

واتە: *(٩٠) ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە عەرەق و قومارو گۆشتی ماڵاتی سەربڕاو ئەمانە پیسن و لەکاروکردەوەی شەیتانن، ئێوەش خۆتانی لێ دوور بگرن و خۆتانی لێ بپارێزن، بۆ ئەوەی سەرفرازیی بەدەست بهێنن.*

بەپێی ئەم سورەتە شەراب شتێکی خراپە و خواردنەوەی کارێکی شەیتانییە، وە موسوڵمان دەبێت خۆی لێ دوور بگرێت، بەڵام لە لایەکی ترەوە لە قورئاندا دەیخوێنینەوە کە لە بەهەشتدا واتە لە ژیانی دواییدا بە شێوەیەکی زۆر ڕێگە بە خواردنەوەی شەراب دراوە، ئەوەی لەسەر زەوی حەرام کراو بوو.

کەواتە ئەوەی لەسەر زەوی حەرام بوو. حەڵاڵە لە ژیانی دواییدا جا ئایا ئەمە دوو شتی جیاواز نیین کە مرۆڤ سەرسام دەکات؟ ئەمەش ئەوەمان بۆ دەست نیشان دەکات یەزدان بە دوو تەرازوو وە بە دوو قورسایی دەکێشێت، جا

وەره لەگەڵمدا ئەم دەقە قورئانیە بخوێنینەوە: مَّثَلُ ٱلۡجَنَّةِ ٱلَّتِى وُعِدَ ٱلۡمُتَّقُونَۖ فِيهَآ أَنۡهَـٰرٌ مِّن مَّآءٍ غَيۡرِ ءَاسِنٍ وَأَنۡهَـٰرٌ مِّن لَّبَنٍ لَّمۡ يَتَغَيَّرۡ طَعۡمُهُۥ وَأَنۡهَـٰرٌ مِّنۡ خَمۡرٍ لَّذَّةٍ لِّلشَّـٰرِبِينَ وَأَنۡهَـٰرٌ مِّنۡ عَسَلٍ مُّصَفًّىۖ وَلَهُمۡ فِيهَا مِن كُلِّ ٱلثَّمَرَٲتِ وَمَغۡفِرَةٌ (١٥) . (سورة محمد ١٥).

واتە: *(١٥) وێنەی ئەو بەهەشتەی کەبەڵێن دراوە بدرێت بەخواناس ئەمەیە: ڕووباری لە ئاوی سازگارو تام و نەگۆڕاوی تێدایە، هەروەها ڕووباری شیر کەتامی تێک نەچووە، هەروەها چەندەها ڕووبار لەشەرابی تام خۆش بۆ ئەوانەی دەیخۆنەوە، وە ڕووبار لەهەنگوینی پاڵفتەو بێگەرد، هەروەها بۆیان هەیە لەهەموو جۆرە میوەیەکی جوان و بەتام و بۆنخۆش، هاوکات لەگەڵ لێخۆشبوون.*

ئەو شەرابەی یەزدان حەرامی کردووە لەسەر ئەم زەوییە کە پڕیەتی لە گوناهو خراپە، بۆ موسڵمانە لە ﷲ ترسەکان لە بەهەشتدا حەلاڵی کردووە، لەوێ بە ئارەزووی خۆیان لەناو ڕووبارێکی پڕ شەرابدا مەلە دەکەن. کەواتە ئەوەی لێرە حەرامە لەوێ حەلاڵە. جا با بەردەوام بین لە خوێندنەوەی دەقەکانی قورئان، ئەوانەی باسی بەهەشت دەکەن وەکو یانەیەك لە یانەیەکانی شەو کە سێکس تێیدا هیچ سنوورێکی نییە. بۆ نموونە قورئان دەڵێت: إِنَّ ٱلۡمُتَّقِينَ فِى جَنَّـٰتٍ وَنَعِيمٍ (١٧) فَـٰكِهِينَ بِمَآ ءَاتَٮٰهُمۡ رَبُّهُمۡ وَوَقَٮٰهُمۡ رَبُّہُمۡ عَذَابَ ٱلۡجَحِيمِ (١٨) كُلُواْ وَٱشۡرَبُواْ هَنِيٓـَٔۢا بِمَا كُنتُمۡ تَعۡمَلُونَ (١٩) مُتَّكِـِٔينَ عَلَىٰ سُرُرٍ مَّصۡفُوفَةٍۖ وَزَوَّجۡنَـٰهُم بِحُورٍ عِينٍ (٢٠) وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَٱتَّبَعَتۡہُمۡ ذُرِّيَّتُهُم بِإِيمَـٰنٍ أَلۡحَقۡنَا بِهِمۡ ذُرِّيَّتَہُمۡ وَمَآ أَلَتۡنَـٰهُم مِّنۡ عَمَلِهِم مِّن شَىۡءٍۚ كُلُّ ٱمۡرِىِٕۭ بِمَا كَسَبَ رَهِينٌ (٢١) وَأَمۡدَدۡنَـٰهُم بِفَـٰكِهَةٍ وَلَحۡمٍ مِّمَّا يَشۡتَہُونَ (٢٢) يَتَنَـٰزَعُونَ فِيہَا كَأۡسًا لَّا لَغۡوٌ فِيہَا وَلَا تَأۡثِيمٌ (٢٣) وَيَطُوفُ عَلَيۡہِمۡ غِلۡمَانٌ لَّهُمۡ كَأَنَّہُمۡ لُؤۡلُؤٌ مَّكۡنُونٌ (٢٤) (سُوْرَةُ الطُّور ١٧ ــ ٢٤ )

واتە: *(١٧) ئەوانەی دیندارن لەباخەکانی بەهەشت و ناز و نیعمەتدان. ( ١٨ کەیف خۆشن بەو بەخشیشانەی کە پەروەردگاریان پێی بەخشیون، هەر پەروەردیگاریشیان لەسزای دۆزەخ پاڕاستونی.( ١٩ ) بخۆن و بخۆنەوە لە پاداشتی کردەوەی چاکتاندا.( 20 ) پاڵیان داوەتەوە لەسەر کورسی و قەنەفە کەبەشێوەیەکی جوان و ڕێک ڕیز کراون، ئێمە هاوسەرانی حۆری لێ مارەکردوون.( ٢١ ) ئەوانەی باوەڕیان هێناوە و نەوەکانیشیان بە ئیمانەوە شوێنیان کەوتوون، ئەوانە لەبەهەشتدا پێک شاد دەکەینەوە، وەنەبێت ئەوانەی کەپلەی بەرزیان دەستکەوتووە دایان بەزێنین بۆ پلەی نزمتر،*

*چونکە ئێمە پاداشتی کردەوەی کەس کەم ناکەینەوە، لەهەمان کاتدا هەرکەسە بارمتەی کردەوەی خۆیەتی.( ٢٢ ) بەردەوام گۆشت و میوەیان پێشکەش دەکەین.( ٢٣ ) لە کاسی تایبەتیدا شەراب دەنۆشن، جار جار لە یەکتری دەسێنن، دوور لە گوناهو تاوانبارکردنی یەکتر.( ٢٤ ) هەروەها کوڕانی هەرزەکاری جوان و ئێسک سووک بە دەوریاندا دێن و خزمەتیان دەکەن دەڵێی مرواری پاک و بێگەردن.*

لێرەدا دەبێت پرسیارێك لە خۆمان بکەین: بۆچی دەبێت لە بەهەشتی قورئاندا کوڕانی گەنجی وەك مرواری تێدا بێت؟

ئایا لە بەهەشتی قورئاندا سێکسی نائاسایی، پیاوان لەگەڵ پیاواندا ڕێگەی پێ دراوە؟ جارێکی تر قورئان دەڵێت:

إِنَّ لِلْمُتَّقِينَ مَفَازًا (٣١) حَدَآئِقَ وَأَعْنَٰبًا (٣٢) وَكَوَاعِبَ أَتْرَابًا (٣٣) وَكَأْسًا دِهَاقًا (٣٤). (سورة النباء ٣١ ــ ٣٤ )

واتە: *(٣١) بۆ خواناسان سەرفرازی فراوان ئامادەیە.( ٣٢ ) باخچەی جۆرا و جۆری تری.( ٣٣ ) ئافرەتانی سینە جوان و هاوتەمەن ئامادەیە لەگەڵ کاسەی پڕ لە شەرابی تایبەتیدا.*

دیسان لەسەر باسکردنی بەهەشتی قورئان لەو بارەیەوە لە سورەتی ئەلرەحمان دا نووسراوە: (سُوْرَةُ الرَّحمٰن ٤٦- ٧٧)

وَلِمَنْ خَافَ مَقَامَ رَبِّهِۦ جَنَّتَانِ (٤٦) فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ (٤٧) ذَوَاتَآ أَفْنَانٍ (٤٨) فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ (٤٩) فِيهِمَا عَيْنَانِ تَجْرِيَانِ (٥٠) فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ (٥١) فِيهِمَا مِن كُلِّ فَٰكِهَةٍ زَوْجَانِ (٥٢) فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ (٥٣) مُتَّكِـِٔينَ عَلَىٰ فُرُشٍ بَطَآئِنُهَا مِنْ إِسْتَبْرَقٍ ۚ وَجَنَى ٱلْجَنَّتَيْنِ دَانٍ (٥٤) فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ (٥٥) فِيهِنَّ قَٰصِرَٰتُ ٱلطَّرْفِ لَمْ يَطْمِثْهُنَّ إِنسٌ قَبْلَهُمْ وَلَا جَآنٌّ (٥٦) فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ (٥٧) كَأَنَّهُنَّ ٱلْيَاقُوتُ وَٱلْمَرْجَانُ (٥٨) فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ (٥٩) هَلْ جَزَآءُ ٱلْإِحْسَٰنِ إِلَّا ٱلْإِحْسَٰنُ (٦٠) فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ (٦١) وَمِن دُونِهِمَا جَنَّتَانِ (٦٢) فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ (٦٣) مُدْهَآمَّتَانِ (٦٤) فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ (٦٥) فِيهِمَا عَيْنَانِ نَضَّاخَتَانِ (٦٦) فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ (٦٧) فِيهِمَا فَٰكِهَةٌ وَنَخْلٌ وَرُمَّانٌ (٦٨) فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ (٦٩) فِيهِنَّ خَيْرَٰتٌ حِسَانٌ (٧٠) فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ (٧١) حُورٌ مَّقْصُورَٰتٌ فِى ٱلْخِيَامِ (٧٢) فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ (٧٣) لَمْ يَطْمِثْهُنَّ إِنسٌ قَبْلَهُمْ وَلَا جَآنٌّ (٧٤) فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ (٧٥) مُتَّكِـِٔينَ عَلَىٰ رَفْرَفٍ خُضْرٍ وَعَبْقَرِيٍّ حِسَانٍ (٧٦) فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ (٧٧).

واتە: *( ٤٦ ) ئەوەی لە مقامی پەروەردگاری ترسابێت، دوو بەهەشت ئامادەیە،( ٤٧ ) بە چ شتێکی پەروەردگار درۆ دەکەن،( ٤٨ ) درەختی گەڵا*

*ناسک و جوان و بریسکەدارە، ( ٤٩ ) به چ شتێکی پەروەردگار درۆ دەکەن ( ٥٠ ) دوو سەرچاوەی تیادایەو بەخوڕ بە جۆگەلەکاندا دەڕۆن، ( ٥١ ) به چ شتێکی پەروەردگار درۆ دەکەن ،( ٥٢ ) لەهەموو جۆرە میوەیەک دوو جوتێکی تیادایە،( ٥٣ ) به چ شتێکی پەروەردگار درۆ دەکەن ( ٥٤ ) لەسەر کورسی و قەنەفە شانیان داداوە کە لە ئاوریشمی تایبەت ناواخن کراوە،( ٥٥ ) به چ شتێکی پەروەردگار درۆ دەکەن ،( ٥٦ ) حۆری تیادایە کە تەنها تەماشای هاوسەرەکانیان دەکەن، پێش ئەوان دەستی کەسیان لێنەوەتووە، نە گرۆی ئادەمی و نە فریشتە،*
*( ٥٧ ) به چ شتێکی پەروەردگار درۆ دەکەن،( ٥٨ ) وەکو یاقووت و مەرجان وان،( ٥٩ ) به چ شتێکی پەروەردگار درۆ دەکەن، ( ٦٠ ) ئایا پاداشتی چاکە بە چاکە نییە،( ٦١ ) به چ شتێکی پەروەردگار درۆ دەکەن،*
*( ٦٢ ) جگە لەو دوو بەهەشتە، بەهەشتی تریش هەیە،(٦٣) به چ شتێکی پەروەردگار درۆ دەکەن، ( ٦٤ ) ڕەنگیان تێر دەنوێنن،( ٦٥ ) به چ شتێکی پەروەردگار درۆ دەکەن،( ٦٦ ) دوو سەرچاوەی هەڵقوڵاویان تێدایە،( ٦٧ ) به چ شتێکی پەروەردگار درۆ دەکەن،( ٦٨ ) میوەو دارخورماو هەناریان تێدایە،( ٦٩ ) به چ شتێکی پەروەردگار درۆ دەکەن، ( ٧٠ ) حۆری جوان و شۆخ و بەڕەوشتی تیادایە، ( ٧١ ) به چ شتێکی پەروەردگار درۆ دەکەن،( ٧٢ ) حۆری کە لە دەوارەکانیان دوور ناکەونەوە،( ٧٣ ) به چ شتێکی پەروەردگار درۆ دەکەن ،( ٧٤ ) پێش ئەوان دەستی کەسیان لێنەکەوتووە، نە ئادەمی و نە فریشتە،( ٧٥ ) به چ شتێکی پەروەردگار درۆ دەکەن ( ٧٦ ) شانیان داداوە لەسەر پشتی سەوزەگیای جوان و دۆشەکی نایاب، ( ٧٧ ) به چ شتێکی پەروەردگار درۆ دەکەن.*

هەروەها لە سورەتی واقعە دا نوسراوە:

وَٱلسَّـٰبِقُونَ ٱلسَّـٰبِقُونَ (١٠) أُوْلَـٰٓئِكَ ٱلْمُقَرَّبُونَ (١١) فِى جَنَّـٰتِ ٱلنَّعِيمِ (١٢) ثُلَّةٌ مِّنَ ٱلْأَوَّلِينَ (١٣) وَقَلِيلٌ مِّنَ ٱلْأَخِرِينَ (١٤) عَلَىٰ سُرُرٍ مَّوْضُونَةٍ (١٥) مُّتَّكِـِٔينَ عَلَيْهَا مُتَقَـٰبِلِينَ (١٦) يَطُوفُ عَلَيْهِمْ وِلْدَٰنٌ مُّخَلَّدُونَ (١٧) بِأَكْوَابٍ وَأَبَارِيقَ وَكَأْسٍ مِّن مَّعِينٍ (١٨) لَّا يُصَدَّعُونَ عَنْهَا وَلَا يُنزِفُونَ (١٩) وَفَـٰكِهَةٍ مِّمَّا يَتَخَيَّرُونَ (٢٠) وَلَحْمِ طَيْرٍ مِّمَّا يَشْتَهُونَ (٢١) وَحُورٌ عِينٌ (٢٢) كَأَمْثَـٰلِ ٱللُّؤْلُو ٱلْمَكْنُونِ (٢٣) جَزَآءَۢ بِمَا كَانُواْ يَعْمَلُونَ (٢٤) لَا يَسْمَعُونَ فِيهَا لَغْوًا وَلَا تَأْثِيمًا (٢٥) إِلَّا قِيلاً سَلَـٰمًا سَلَـٰمًا (٢٦) وَأَصْحَـٰبُ ٱلْيَمِينِ مَآ أَصْحَـٰبُ ٱلْيَمِينِ (٢٧) فِى سِدْرٍ مَّخْضُودٍ (٢٨) وَطَلْحٍ مَّنضُودٍ (٢٩) وَظِلٍّ مَّمْدُودٍ (٣٠) وَمَآءٍ مَّسْكُوبٍ (٣١) وَفَـٰكِهَةٍ كَثِيرَةٍ (٣٢) لَّا مَقْطُوعَةٍ وَلَا مَمْنُوعَةٍ (٣٣) وَفُرُشٍ مَّرْفُوعَةٍ (٣٤) إِنَّآ أَنشَأْنَـٰهُنَّ إِنشَآءً (٣٥) فَجَعَلْنَـٰهُنَّ أَبْكَارًا (٣٦) عُرُبًا أَتْرَابًا (٣٧) لِّأَصْحَـٰبِ ٱلْيَمِينِ (٣٨). (سُوْرَةُ الواقِعَة ١٠ــ ٣٨ )

واتە: *( ١٠ ) پێشکەوتووەکان ئەوانەن کەپێشکەوتوون،( ١١ ) ئەوانە نزیکن،( ١٢ ) لەباخەکانی بەهەشت،( ١٣ ) دەستەیەکیان لە یەکەمەکانن، ( ١٤ ) دەستەیەکی کەمیش لەوانی تر،( ١٥ ) لەسەر قەنەفەی نەخشدار، ( ١٦ ) شانیان داداوە لەسەر کورسیەکان بەرامبەر بەیەک،( ١٧ ) لاوانی جوان و ئێسک سووک و نەمر بەدەوریاندا دێن وخزمەتیان دەکەن و هەمیشە گەنجن و پیرنابن،( ١٨ ) بەکوپ و دۆڵکە و سوراحیەوە دەگەڕێن،( ١٩ ) نەسەریان پێی دێتە ئێش و نەسەرخۆش دەبن،( ٢٠ ) میوە بە ئارەزووی خۆیان هەڵدەبژێرن،( ٢١ ) گۆشتی هەر باڵندەیەکیش کەحەزی لێ بکەن بۆتان ئامادەیە،( ٢٢ ) لەگەڵ حۆری چاوگەش دا،( ٢٣ ) وەک مرواری دەست لێ نەکەتوون،( ٢٤ ) لەپاداشتی کارەکانیان کە دەیانکرد،( ٢٥ ) قسەی نابەجێ ناڕێک نابیستن و یەکتریش گوناهبار ناکەن،( ٢٦ ) جگە لە سڵاو و وەڵامدانەوە،( ٢٧ ) دەستەی ڕاستەکان جا کامانەن دەستەی ڕاستەکان،( ٢٨ ) لەژێر سێبەری سدر ی بێ دڕکدان،( ٢٩ ) هەروەها درەختێك کە چین چین لەسەر یەکن،( ٣٠ ) لەژێر سێبەری دووردا،( ٣١ ) ئاوی ڕژاو،( ٣٢ ) میوەهاتی زۆر، ( ٣٣ ) نە دەبڕدرێتەوە و نە قەدەغەکراویشە،( ٣٤ ) ڕاخەری بەرزو بڵند،( ٣٥ ) ئێمە دروستمان کردوون و دامانان،( ٣٦ ) کردوومانن بە هەمیشە کچ،( ٣٧ ) هەموویان هاو تەمەنن،( ٣٨ ) ئەمانە هەمووی بۆ دەستەی ڕاستەکان.*

بەپێی دەقەکانی قورئان ژیان لە بەهەشتدا بریتییە لە خواردن و خواردنەوەی شەراب و ڕابواردن لەگەڵ ژنانی پێست سپی و چاوگەشدا، ئەوانەی مەمکیان قووت و چونیەک لە تەمەن و جوانییاندا و هەر وەك یاقووت و مەرجانن دەنوێنن و هەر دوای جووتبوون لە تەکیاندا دەبنەوە بەو کیژەی پێش جووتبوونیان [[خاوەن پەردەی شەرمیان]]. جا ئەم جۆرە بەهەشتە بە هیچ جۆرێك بە عەقڵدا ناچێت کە لە یەزدانی پیرۆزەوە هاتبێت، وە شوێنی ستایشی یەزدان بێت، دیسان قورئان لە سورەتی یس دا دەڵێت:

إِنَّ أَصۡحَٰبَ ٱلۡجَنَّةِ ٱلۡيَوۡمَ فِي شُغُلٖ فَٰكِهُونَ (٥٥) هُمۡ وَأَزۡوَٰجُهُمۡ فِي ظِلَٰلٍ عَلَى ٱلۡأَرَآئِكِ مُتَّكِـُٔونَ (٥٦). (سُوۡرَةُ يسٓ ٥٥- ٥٦)

واتە: *( ٥٥ ) ئەمڕۆ بەهەشتیەکان لەناو خۆشی و شادی و کامەرانیەکی بێ وێنەدا سەرگەرمن.( ٥٦ ) خۆیان و هاوسەرانیان لە ژێر سێبەردا لەسەر کورسی شانیان داداوە.*

عادل عەبدولمونعیم ئەبو عەباس لە پەرتووکەکەیدا بە ناونیشانی ژن هێنان و شووکردن وە پەیوەندی سێکسی لە ئیسلامدا دەڵێت: (ئەم ئایەتە قورئانیە زۆر کەسانی شارەزا تەفسیریان کردووە کەوا ئەوانەی لە بەهەشتدان سەرقاڵن بە لابردنی پەردەی کچێنیەوە) وە هەمان نووسەر لە پەرتووکەکەیدا دەڵێت: ئەبو هەریرە کە یەکێك بووە لە موسڵمانە بەناوبانگەکانی ئەو سەردەمە لە موحەمەد دەپرسێت و دەڵێت: (ئەی نێردراوی یەزدان لە بەهەشتدا پەیوەندیمان دەمێنێتەوە بە ژنەکانمانەوە؟ ئەویش پێی دەڵێت: پیاو لە بەهەشتدا ڕۆژانە لەگەڵ سەد کچدا دەست تێکەڵاو دەکات).

دیسان ئەبو هەریرە دەڵێت لە نێردراوی یەزدانم پرسی (واتە موحەمەد ) : ئایا لە بەهەشتدا ژن و پیاو لەگەڵ یەکدا جووت دەبن؟ ئەویش پێی دەڵێت بەو خودایەی گیانمی بە دەستە زۆر بە هێز و تواناوە جووت دەبن، ئینجا دوای ئەوەی پیاوەکە تەواو بوو ژنەکە پەردەی شەرمی کچێنی بۆ دەگەڕێتەوە.

هەروەها ئەبو سەعیدی خەدری ووتویەتی: پیاوانی بەهەشت گەر جووت بوون لەگەڵ ژناندا پەردەی کچێنییان بۆ دەگەڕێتەوە. ئەمەش لە پەڕتووکی ژن هێنان و شووکردن و سێکس لە ئیسلامدا لاپەرەی ١٣٣ و ١٣٤ دا نووسراوە.

بەم شێوەیەی موحەمەد باسی بەهەشت دەکات، لە یانەیەکی شەوانەی هەرزان و بۆگەن دەکات، کە جیاوازییەکی زۆری هەیە لەگەڵ باسی مەسیح و نێردراوانی دەربارەی بەهەشت.

مەسیح دووپاتی ئەوە دەکاتەوە نە ژن هێنان و نە شووکردن و نە سێکس هەیە لە ژیانی دواییدا، ئەمەش ئەو ووشانەیە

که لەو بارەیەوە لەلایەن یەزدانەوە پێی دراوە: ڕۆژێك، چەند سەدوقییەك (کۆمەڵێك پیاوی ئاینی جولەکە بوون) کە باوەڕیان بە زیندووبوونەوە نەبوو، هاتنە لای عیسا و پرسیاریان لێکرد، ووتیان: (ئەی مامۆستا، موسا دەڵێت: گەر پیاوێکی وەجاخ کوێر مرد، پێویستە لەسەر براکەی، براژنەکەی بخوازێت و نەوە بۆ براکەی بخاتەوە؟ جا لای ئێمە حەوت برا هەبوون، یەکەمیان ژنی هێنا و بێ وەچە مرد، ژنەکەی بۆ براکەی بەجێهێشت، دووەمیش هەروەها ئینجا سێهەم هەتا گەیشتە حەوتەم. لە دوای هەموویان ژنەکەش مرد. ئایا لە کاتی زیندووبوونەوەدا ئەو ژنە دەدرێت بە کامیان، چونکە ژنی هەموویان بووە؟ لەوێدا عیسا وەڵامی دانەوە و ووتی (ئێوە بە هەڵەدا چوون چونکە نە پەرتووك تێدەگەن و نە هێز و توانای خودا. لەبەرئەوەی خەڵکی لە کاتی زیندووبوونەوەدا نە ژن دەهێنن و نە شوو دەکەن، بەڵکو لە ئاسماندا وەك فریشتەی یەزدانیان لێدێت.
ئینجیلی مەتتا ٢٢: ٢٣ – ٣٠

بەم وەڵامانە بۆمان دەردەکەوێت کە ووشەکانی مەسیح وەك ڕووناکی دەدرەوشێتەوە، لە ڕۆژی دواییدا ( خەڵکی نە ژن دەهێنن و نە شوو دەکەن). مەتتا ٢٢: ٣٠

ژن هێنان و شووکردن بۆ زیاد بوون و بەردەوامی ژیانە لەسەر ئەم زەوییە، چونکە ژیانی مرۆڤ بە مردن کۆتایی پێدێت، جا کاتێك کە مرۆڤ دەمرێت پێویستی بە سێکس نییە بەڵام ئەوانەی زیندوو بوونەتەوە و بۆیان هەیە لە ژیانی داهاتوودا بژین، ژن ناهێنن و شوو ناکەن. ئیتر ئەوانە نامرن، چونکە وەك فریشتەن، ئەوان ڕۆڵەی خودان ڕۆڵەی زیندووبوونەوەن. لۆقا ٢٠: ٣٥ – ٣٦

جا ئەم ووشە ڕووناکانە دیمەنی ڕاستەقینەی ژیانی دواییمان بۆ ڕووندەکاتەوە.
قورئان لە بەهەشتدا ڕێگە دەدات بە پیاوە موسڵمانەکان ژنی سپی پێست و چاو گەش بهێنن، بەڵام ئایا بە ژنە موسڵمانەکان مافی ئەوەیان دەداتێ شوو بکەن بە پیاوێك زیاتر؟ یان ئەوەتا لەسەر دەرگای بەهەشتی قورئان نووسراوە: (تەنیا بۆ پیاوان؟)
بەڵام نێردراوانی مەسیح دووپاتی ئەوە دەکەنەوە کە لە ڕۆژی دواییدا باوەڕداران بە مەسیح لەشێکی پڕشکۆ وەردەگرن، بە تەواوی جیاوازی هەیە لە جەستەی سەر زەویمان. لەو بارەیەوە پۆڵسی نێردراو بە وەحی لە یەزدانەوە ووتویەتی: لەوانەیە یەکێك بپرسێت: (مردووان چۆن هەڵدەستنەوە، بە چ جۆرە لەشێك دەگەڕێنەوە؟) ئەی گێل، ئەوەی دەچێنرێت زیندوو نابێتەوە هەتا نەمرێت. ئەوەی دەچێنرێت ئەو شتە نییە کەوا دێتە دەرەوە، بەڵکو تەنیا دەنکە گەنمە یاخود هەر تۆوێکی تر بێت، ئینجا یەزدان ئەو شێوەیەی دەداتێ کە خۆی دەیەوێت، هەروەك چۆن هەموو تۆوێك شێوەیەکی تایبەتی داوەتێ. بە هەمان شێوە هەموو لەشێك یەك شێوەی نییە بەڵکو مرۆڤ لەشێکی هەیە و ئاژەڵ لەشێکی تر، ماسی لەشێکی هەیە و باڵندە لەشێکی تر. شکۆی ئاسمانی هەیە و شکۆی زەویش هەیە، بەڵام شکۆی ئاسمانی شتێکە و شکۆی زەویش شتێکی تر. شکۆمەندی خۆر شتێکە و شکۆمەندی مانگ شتێکی ترە، هەروەها شکۆمەندی ئەستێرە شتێکی ترە، ئەستێرە لەگەڵ ئەستێرە شکۆمەندی جیاوازی خۆیان هەیە. بەمجۆرەش هەڵسانەوەی مردووان دەبێت: ئەوەی دەخرێتە ناو زەوییەوە فەوتاوە، بەڵام ئەوەی زیندوو دەبێتەوە نەفەوتاوە. ئەوەی

دەخرێتە زەوییەوە لاواز و ناشیرینە، بەڵام ئەوەی زیندوو دەبێتەوە بەهێز و جوانە بە لەشێکی سروشتی دەخرێتە زەوییەوە بەڵام بە لەشێکی ڕۆحی هەڵدەستێتەوە. گەر لەشی سروشتی هەبێت لەشی ڕۆحیش هەیە. هەروەك لە پەڕتووکی پیرۆزدا نووسراوە: ( ئادەمی یەکەم لەشێکی زیندوو بوو، بەڵام دوا ئادەم (مەسیح) رۆحێکە ژیانمان پێدەبەخشێت. ئەوەی یەکەم ڕۆحانی نییە بەڵکو لەشێکی سروشتییە، بەڵام ئەوەی تریان ڕۆحانییە ، مرۆڤی یەکەم لە خۆڵی زەوی دروست بوو، بەڵام مرۆڤی دووەم لە ئاسمانەوە هاتووە. کەواتە مرۆڤی سەر زەوی وەکو ئادەمی لە خۆڵ دروست بوو وایە، وە مرۆڤی ئاسمانی وەکو ئادەمی ئاسمانی وایە. جا چۆن ئەو شێوەیەمان وەرگرتووە کە لە خۆڵ دروستکراوە، هەمان شت شێوەی ئاسمانی وەردەگرین. ئەی خوشك و برایان، من پێتان دەڵێم: گۆشت و خوێن ناتوانێت ببێتە میراتگری پادشاهی یەزدان، هەروەك چۆن فەوتاو نابێتە میراتگری نەفەوتاو (١ کۆرنسۆس ١٥: ٣٥ – ٥٠)

جا ئەمە ئەو لەشەیە کە باوەڕداران وەریدەگرن: بە فەوتاوی دەنێژرێت و بە نە فەوتاوی زیندوو دەبێتەوە. بە ئاسایی دەنێژرێت و بە شکۆ زیندوو دەبێتەوە. بە لاوازی دەنێژرێت و بە هێزەوە زیندوو دەبێتەوە. بە لەشێکی سروشتییەوە دەنێژرێت و بە لەشێکی رۆحانییەوە زیندوودەبێتەوە.

جا ئەمە ئەو لەشەیە کە پۆڵسی نێردراوی یەزدان باسیکردووە و ووتویەتی: ئێمە ووڵاتمان لە ئاسمانە، لەوێ بە ئارەزووەوە چاوەڕێی هاتنەوەی ڕزگارکار، عیسای مەسیحی خوداوەندی تێدا دەکەین، ئینجا ئەو لەشی بێ نرخمان دەگۆڕێت بۆ شێوەی لەشی شکۆداری خۆی، بە هێزی خۆی کە

توانای ئەوەی هەیە زاڵ بێت بەسەر هەموو شتێکدا. فلیبی ٣: ٣٠ ـ٣١

یۆحەننای نێردراوی یەزدان دیمەنێکی ژیانی دوایی دەخاتە بەردەستمان، کە بە هۆیەوە دڵی باوەڕداری ڕاستەقینە خۆش دەکات، وە لەناو ئازاری ژیانی ئەم سەر زەویەیدا دڵنەوایی دەکات. ئەمەش ووشەکانی یۆحەننای نێردراوە لەو بارەیەوە: دوایی ئاسمانێکی نوێ و زەوییەکی نوێم بینی، چونکە ئاسمانی یەکەم و زەوی یەکەم بەسەر چوون دەریاش ئیتر شوێنەواری نەما. هەروەها شارە پیرۆزەکە واتە قودسی نوێم بینی، لە ئاسمانەوە لەلایەن خوداوە هاتە خوارەوە وەك بووکێکی ڕازاوە کە خۆی بۆ زاوا ئامادە بکات. ئینجا گوێم لە دەنگێکی مەزنەوە بوو لە ئاسمانەوە ووتی: (ئەوە چادری یەزدانە لە ناو خەڵکدا و ئەو لەگەڵیاندا نیشتەجێ دەبێت و ئەوان دەبن بە گەلی یەزدان، پاشان یەزدان هەموو فرمێسکەکانی چاویان دەسڕێتەوە و ئیتر مردن نامێنێت. غەم و هاوار و ئازار نامێنن. چونکە شتەکانی پێشوو بەسەرچوون. هەروەها دانیشتووی سەر تەختەکە ووتی: ئەوەتا من هەموو شتێك نوێ دەکەمەوە ) دیسان پێی ووتم: (بنووسە، چونکە ئەم ووتانە ڕاستە و جێگەی متمانەیە) بینین ٢١: ١ ـ ٥

لە ڕاستیدا ئا ئەمەیە ژیانی دوایی کە پەڕتووکی پیرۆز باسی لێوە دەکات: ژیان لەگەڵ یەزدانی مەزنی پیرۆزدا ، ژیانی بێ فرمێسك ژیانی بێ مردن، ژیانی بێ خەفەت و هاوار و ئازار. ژیانێك کە باوەڕداران تێر دەبن، لە سەیری ڕوخساری یەزدانی مەزن و خزمەت کردنی ئەوی پیرۆز. ئیتر نەفرەت لێکردن نامێنێت و تەختی خودا و بەرخەکە لەناو شارەکەدا دەبن و بەندەکانی خزمەتی دەکەن. بەندەکان

تەماشای دەموچاوی بەرخەکە دەکەن و ناوی بەرخەکە لەسەر ناوچەوانیان نووسراوە. بینین ٢٢: ٣ – ٤
وە لە بینینی ٢٢: ٥ دا نووسراوە: لەوێ شەو دانایەت و خەڵکیش پێویستیان بە چرا و خۆر نابێت، چونکە خوداوەند بەسەریاندا دەدرەوشێتەوە، ئەوان هەتا هەتایە حوکمڕانی دەکەن. ئەو ئاسمانەی کە یەزدانی پیرۆز پەیمانیداوە بە باوەڕداران بە عیسای مەسیح، کەس لە گوناهباران ، بەدکاران، هتد ناچێتە ناوی.
لەو بارەیەوە لە بینینی یۆحەننا ٢١: ٨ دا نووسراوە: بەڵام ترسنۆکەکان، گڵاوەکان، بێ باوەڕەکان، داوێن پیسەکان، خەڵك کوژەکان، جادوگەرەکان، بت پەرستەکان و هەموو درۆزنەکان، پاداشتیان فڕێ دانە بۆ ناو ئەو دەریاچەیەی بە ئاگر و گۆگرد داگیرساوە، ئەوەی مردنی دووەمە. لەم ئایەتەدا مەبەست لە ترسنۆکەکان دوو کۆمەڵن: یەکەم ئەو کۆمەڵەن کە ژیاون لە ترسی سزای یەزدان وە سزای دۆزەخ، چونکە ئەوان، ڕۆڵە و باوکێتی یەزدانیان تاقینەکردۆتەوە، بەهۆی ئەوەی باوەڕکردن بە مەسیحیان ڕەت کردەوە کە لە پێناویاندا مرد، کۆمەڵی دووەم ئەوانەن کە باوەڕهێنانیان بە مەسیح ڕەت کردۆتەوە لە ترسی چەوساندنەوە و کوشتن. کۆمەڵی یەکەمیان لە ڕۆحی خۆپەرستی. (رۆما ٨: ١٥)
کۆمەڵی دووەم ئەوانەن کە لە ژیانی لەشییاندا دەترسن.
(مەتتا ١٠: ٢٨) لە کۆتایی نامەکەی بینینی یۆحەننا دەربارەی ئاسمانی دوا ڕۆژ دەخوێنینەوە: نە هیچ شتێکی پیس و نە هیچ کەسێکی داوێن پیس و درۆزن ناچنە ناو شارەکە. (واتە ئاسمانی ڕۆژی دوایی) تەنیا ئەوانە دەچنە ناو شارەکە کە ناویان لە ناو پەڕتووکی ژیانی بەرخەکەدا نووسراوە. ( بینینی یۆحەننا ٢١: ٢٧)

چونکە سەگەکان و جادووگەرەکان و داوێن پیسەکان و بکوژەکان و بت پەرستەکان و هەموو درۆزنەکان و ئەوانەی حەز لە درۆ دەکەن لە دەرەوەی شارەکە دەبن. (بینینی یۆحەننا ٢٢: ١٥)

یەزدان پیرۆزە، خراپە و گوناهو پیسی تێدا نییە،، ئەو شارەی کە لەگەڵ خەڵکدا لە ڕۆژی دواییدا دادەنیشێت ناوی (شاری پیرۆزە) بینینی ٢١: ٢، جا ئەمە ئەو ئاسمانە ڕاستەقینەیە کە یەزدان لەگەڵ مرۆڤدا دادەنیشێت دوای ماوەیەکی درێژ لە نامۆیی مرۆڤ. ئەمەش شێوەی ژیانی باوەڕدارانە بە مەسیح لە ڕۆژی دواییدا.

لێرەدا دەبینین جیاوازییەکی زۆر هەیە، لە نێوان ئەو ژیانە پاکەی کە بریتییە لە پەیوەندی ڕاستەقینەی نێوان یەزدان و مرۆڤ لەگەڵ ئەو بەهەشتەی موحەمەد وە بەهەشتی قورئان ئەوانەی دەچنە ناوی تێر دەبن لە خودارنەوەی بێ هۆشی، وە شەو و ڕۆژ جووت بوون لەگەڵ ژنانی چاو گەشدا. جا ئیتر لەوێ شوێن و کات نییە بۆ ستایش و سوپاس و پەرستنی یەزدان.

ئەو مرۆڤەی دەزانێت کەوا یەزدان پیرۆزە، بێ خراپە و گوناهە، وە فێڵاوی نییە وەکو قورئان باسی دەکات، بەڵکو پیرۆز و دانایە. ئەوەی حەبەقوق پێغەمبەر لە بارەیەوە ووتویەتی: چاوەکانت لەوە پاکترن تەماشای خراپە بکەن، وە ناتوانیت ڕوو لە زوڵم و زۆر بکەیت.(حەبەقوق ١: ١٣)

کەواتە دەبێت بە بەردەوامی نەفرەت لە بەهەشتی قورئان بکرێت و بە شەرم و سووکایەتیەوە سەیری بکرێت

# بەشی سیانزەهەم

## ئەو ڕاستییانەی کە دەبێت باس بکرێت دەربارەی موحەمەد پێغەمبەری ئیسلام، وە جیاوازی لە نێوان مەسیحیەت و ئیسلامدا

**یەکەم ڕاستی:**

ئێمە یەك دەق نادۆزینەوە لە هەموو سورەتەکانی قورئاندا کە ژمارەیان ١١٤ سورەتە باسی ئەوە بکات موحەمەد بە خۆی و قورئانەکەیەوە نیشتەجێ بێت لە دڵی باوەڕدارانیدا ڕەگی داکوتابێت، وە هیچ دەقێکی قورئانی نادۆزینەوە باسی ئەوە بکات موحەمەد تا کۆتایی جیهان لەگەڵ ئەوانەدا دەبێت کە باوەڕیان پێی هەیە، بەڵکو بە پێچەوانەوە قورئان دەڵێت: وَمَا مُحَمَّدٌ إِلَّا رَسُولٌ قَدْ خَلَتْ مِن قَبْلِهِ ٱلرُّسُلُ أَفَإِيْن مَّاتَ أَوْ قُتِلَ ٱنقَلَبْتُمْ عَلَىٰٓ أَعْقَٰبِكُمْ وَمَن يَنقَلِبْ عَلَىٰ عَقِبَيْهِ فَلَن يَضُرَّ ٱللَّهَ شَيْـًٔا وَسَيَجْزِى ٱللَّهُ ٱلشَّٰكِرِينَ (١٤٤). سُوْرَةُ آل عِمرَان ١٤٤

واته: *(١٤٤) موحەمەد تەنها نێردراوێك بوو، پێغەمبەران پێش ئەم هەبوون ئایا ئەگەر وەفاتی کرد یان کوژرا، ئێوە پاشگەز دەبنەوە و هەڵدەگەڕێنەوە؟! خۆ ئەوەی هەڵگەڕێتەوە، ئەوا زیان بەخوا ناگەیەنێت، الله پاداشتی سوپاسگوزاران دەداتەوە.*

**دووەم ڕاستی:**

ئێمە دەقێکی قورئانی نادۆزینەوە باسی ئەوە بکات کە موحەمەد لە کاتی ئازار و تەنگانە و ناخۆشیدا دەتوانێت هێز و توانا بدات بەوانەی باوەڕیان پێی هەیە.

موحەمەد لە تەمەنی شەست و سێ ساڵیدا مرد لە مەدینە لە دورگەی عەرەبی نێژررا، گۆڕەکەی هەتا ئێستا ماوە، مردن

کۆتایی بە بوونی هێنا، ئەو پەیمانی نەداوە بە یەکێك لەوانەی باوەڕیان پێی هەیە نیشتەجێ بێت لە دڵیدا.

بەڵام عیسای مەسیح زیندووە،چونکە لە نێوان مردواندا هەستایەوە، گۆڕە بەتاڵەکەی لە دەرەوەی شاری ئۆرشەلیم (قودس) ـە گەورەترین بەڵگەیە لەسەر هەستانەوەی، هەر ئەوە بەرزبووەوە بۆ ئاسمان، بە لاهووتی خۆی زەوی و ئاسمانی پاککردەوە، ئەو نیشتەجێیە لەناو دڵی ئەوانەی باوەڕیان پێی هەیە.

ئێستا گوێ بگرە لەو ووشانەی مەسیح کە هەموو کەسێکی پێ بانگ دەکات.

ئەوەتا من لەبەر دەرگا وەستاوم و لە دەرگا دەدەم، گەر یەکێك گوێی لە دەنگم بوو وە دەرگاکەی لێکردمەوە، دێمە ژوورەوە و نانی لەگەڵ دەخۆم، ئەویش لەگەڵ مندا. بینینی یۆحەننا ٣: ٢٠ ، بەمەدا بۆمان دەردەکەوێت مەسیح بە هێزی شمشێر خۆی نەسەپاند بەسەر کەسدا، ئەو بە هۆی ووشە زیندووەکانیەوە لە دەرگای دڵی مرۆڤ دەدات، ئەوەی بە خوداستی خۆی دڵی بۆ بکاتەوە دەچێتە ناو دڵیەوە و نانی لێخۆشبوون و خۆشی و ئاشتی دەداتێ.

پۆڵسی نێردراو بە وەحی یەزدانی بۆ باوەڕداران بە مەسیح نووسیویەتی و دەڵێت: تا مەسیح بەهۆی باوەڕەوە لەناوتاندا بژی دەبێت لە خۆشەویستی ئەودا ڕەگ داکوتن و ژیانتان لەسەری دروست بکەن. چونکە ئێوە تەنیا وا دەتوانن لەگەڵ هەموو باوەڕدارەکانی تردا گشت پێوانەیەکی خۆشەویستی مەسیح شارەزا بن. ئەوەی کە لە سەرووی هەموو بیروهۆشی مرۆڤەوەیە. ئەوسا ئێوە زیاتر پڕدەبن لەو خۆشەویستییە یەزدانییە. ئەفەسۆس ٣: ١٧ ـ ١٩

عیسای مەسیح بە باوەڕ دەچێتە دڵی ئەوانەی باوەڕیان پێی هەیە ئەو کاتە باوەڕدار هەست بەو پانتایی و خۆشەویستی مەسیح دەکات کە هەموو جیهانی گرتۆتەوە، وە بە درێژی خۆشەویستی مەسیح کە ئەگات بە هەموو گوناهبارانی جیهان، وە قوڵایی خۆشەویستی مەسیح کە هێنایە خوارەوە بۆ سەر زەوی، ئەو زەویەی پڕ بوو لە خراپەی مرۆڤ، تاوەك مرۆڤ لە قوڵایی خراپە دەربهێنێت، وە بەرزی خۆشەویستی مەسیح کە بەهۆیەوە باوەڕدارانی لە لەناوچوون بەرزکردەوە بۆ ئەوپەڕی شکۆ.

مەسیح ئێستا و تا کۆتایی جیهان فەرمانی داوە بە باوەڕداران و ووتوویەتی: کەواتە بڕۆن، هەموو گەلان بکەن بە قوتابی، بە ناوی باوك و ڕۆڵە و ڕۆحی پیرۆزەوە لە ئاویان هەڵکێشن. فێریان بکەن کە بە هەموو ئەو شتانەی ڕامسپاردون کار بکەن، ئەوەتا هەموو ڕۆژێك لەگەڵتاندام هەتا کۆتایی جیهان. مەتتا ٢٨: ١٩- ٢٠

بوونی مەسیح هەموو ڕۆژێك لەگەڵ باوەڕداران پێی هەتا کۆتایی جیهان، بەڵگەیەکی تەواوە بۆ لاهوتی ئەو.

عیسای مەسیح هێز بەوانە دەدات کە باوەڕیان پێی هەیە کاتێك تووشی ئازاری ژیان و گیروگرفتی جۆراوجۆر دەبن. لەو بارەیەوە پۆڵسی نێردراوی یەزدان دەربارەی تاقیکردنەوەی خۆی نووسیویەتی و دەڵێت: من ئەمە ناڵێم تا دەریخەم لێقەوماوم، چونکە فێر بووم بە گشت بارودۆخێکی ژیانم رازی بم. من دەزانم چۆن لە بوون و نەبوونیدا بژیم، هەموو بارودۆخێکم تاقیکردۆتەوە لە تێری و برسێتیدا، توانام هەیە هەموو شتێك بە هۆی مەسیحەوە بکەم، ئەوەی بەهێزم دەکات. (فلیپی ٤: ١١ – ١٣)

جا لەگەڵ هەموو ئەو شتانەی باسکراوە، باوەڕی ڕاستەقینە بە مەسیح کە لە خاچ دراوە و نێژراوە، وە لە ناو مردواندا زیندوو بۆتەوە، گۆڕانێکی بنەرەتی لە ژیانی باوەڕداردا ڕوو دەدات.

باوەڕکردن بە مەسیح دەبێتە هۆی: گۆڕانێك لە سروشت، پایە و پلە، وە لە چارەنووسی باوەڕداردا. دەربارەی گۆڕانی خورەوشتی باوەڕدار (واتە سروشتی) لە ئینجیلدا دەخوێنینەوە: (گەر یەکێك سەر بە مەسیح بێت، دەبێتە بونەوەرێکی نوێ، چونکە شتە کۆنەکان نەمان و بەسەرچوون، ئەوەتا شتێکی نوێ هاتۆتە کایەوە) ٢ کۆرنسۆس ٥: ١٧. بۆیە دەربارەی گۆڕانی پایە و پلەی باوەڕدار لە ئینجیلدا دەخوێنینەوە: (بەڵام هەموو ئەوانەی پێشوازییان لێکرد ، واتە ئەوانەی باوەڕیان بە ناوی مەسیح هێنا، دەسەڵاتی پێدان ببن بە ڕۆڵەی یەزدان، ئەوانە ئیتر نە بە ویستی خوێن و نە بە ویستی لەش وە نە بە ویستی مرۆڤ دروست بوون، بەڵکو یەزدانە ژیانی تازەی پێبەخشیوون).

چونکە مرۆڤ کە لە دایك دەبێت، بە سروشتی خۆی ڕۆڵەی تووڕەییە. واتە لەژێر تووڕەیی یەزداندایە، وە ڕۆڵەی شەیتانە واتە لەژێر دەسەڵاتی شەیتاندایە. لە ئەفەسۆس ٢: ٣ وە لە یۆحەننا ٨: ٤٤ باسکراوە، جا ئەمە بارودۆخی هەموو مرۆڤێکە پێش ئەوەی باوەڕ بهێنێت بە مەسیحی لە خاچدراو، بەڵام دوای ئەوەی مرۆڤ بە دڵ باوەڕ بە مەسیحی خۆبەختکەر دەهێنێت، ئەو باوەڕدارە دەبێت بە ڕۆڵەی یەزدان. ئەمەش بریتییە لە گۆڕانی پایە و پلە، بەڵام دەربارەی گۆڕانی چارەنووسی باوەڕدار لە ئینجیلدا دەخوێنینەوە: (پیرۆزە یەزدان، باوکی خوداوەندمان عیسای مەسیح، کە لە سایەی بەزەییە مەزنەکەی ئەو ژیانێکی

تازەی بە ئێمە بەخشی، چونکە عیسای مەسیح لە نێو مردووواندا هەستایەوە، ئێمە هیوامان هەیە بە ژیانێکی نوێی هەتاهەتایی. ئەوەش میراتییەکە نە لەناودەچێت و نەپیس دەبێت و نەکۆتایی هەیە، بۆ ئێوە لە ئاسماندا هەڵگیراوە. تا ئەوکاتە یەزدان بە هێز و توانای خۆی دەتانپارێزێت، چونکە ئێوە باوەڕتان بەو هەیە. وە بەو ڕزگارییەی ئامادەیە لە کۆتایی جیهاندا ڕابگەیەنرێت.

یەکەم پەترۆس ١: ٣- ٥، جا ئەمە ئەو دڵنیابوونەیە کە عیسای مەسیح دەیدات بەوانەی باوەڕی پێدەکەن وەك خوداوەند و رزگاکەر و پادشایەك.

ئەمەش لە هەموو ڕوویەکەوە بە تەواوی جیاوازی هەیە لەگەڵ ئەوەی قورئان بە موسڵمانەکانی ووتوە ئەوانەی باوەڕیان بە موحەمەد و قورئانەکەی هەیە، دووپاتی ئەوە دەکاتەوە هەموو موسڵمانێك دەبێت بکەوێتە سەر چۆك و بچێتە دۆزەخەوە لەگەڵ شەیتان و جنۆکەکاندا، ئەمەش ئەو دەقە قورئانیە کە لە پێشدا باسمان کرد جارێکی تر باسی دەکەینەوە:

ويَقُولُ ٱلْإِنسَـٰنُ أَءِذَا مَا مِتُّ لَسَوْفَ أُخْرَجُ حَيًّا (٦٦) أَوَلَا يَذْكُرُ ٱلْإِنسَـٰنُ أَنَّا خَلَقْنَـٰهُ مِن قَبْلُ وَلَمْ يَكُ شَيْـًٔا (٦٧) فَوَرَبِّكَ لَنَحْشُرَنَّهُمْ وَٱلشَّيَـٰطِينَ ثُمَّ لَنُحْضِرَنَّهُمْ حَوْلَ جَهَنَّمَ جِثِيًّا (٦٨) ثُمَّ لَنَنزِعَنَّ مِن كُلِّ شِيعَةٍ أَيُّهُمْ أَشَدُّ عَلَى ٱلرَّحْمَـٰنِ عِتِيًّا (٦٩) ثُمَّ لَنَحْنُ أَعْلَمُ بِٱلَّذِينَ هُمْ أَوْلَىٰ بِهَا صِلِيًّا (٧٠). سورة مريم ٦٦ – ٧٠

چارەنووسی موسڵمان وەکو ئەم دەقە قورئانیە دووپاتی دەکاتەوە، حەشری ئەوانە لەگەڵ شەیتانەکاندا دەبێت، وە لەبەر بێ هێزییان بە چۆك دادان دەچنە دۆزەخەوە دۆزەخیش هەرگیز ئاگری ناکوژێتەوە.

بەڵام چارەنووسی باوەڕداران بە مەسیح ژیانی هەتاهەتایی و ڕزگار بوونی تەواوە لە سزای ترسناکی یەزدان، یۆحەننای نێردراوی یەزدان چارەنووسی باوەڕدار بە مەسیح بەم

شێوەیە باسکردووە: گەر ئێمە بە شایەتی خەڵك ڕازی بین، ئەوا شایەتی یەزدان گەورەترە، چونکە ئەمە شایەتی یەزدانە سەبارەت بە ڕۆڵەکەی داویەتی. ئەمەش شایەتییەکەیە: یەزدان ژیانی هەتاهەتایی پێداوین، ئەو ژیانەش لە ڕۆڵەکەیدایە،ئەوەی ڕۆڵەی یەزدانی هەبێت ژیانی هەتاهەتایی دەبێت و ئەوەش ڕۆڵەکەی نەبێت، ئەوا ژیانی نابێت. ۱ یۆحەننا ۹ – ۱۲

ئەوەی باوەڕ بە ڕۆڵەی یەزدان بهێنێت، ژیانی هەتاهەتایی هەیە. ئەوەش کە گوێڕایەڵی نابێت ژیان نابینێت، بەڵکو توڕەیی یەزدان بەسەریدا دەچەسپێت. یۆحەننا ۳: ۳٦

**سێهەم ڕاستی:** سێهەم ڕاستی کە لەم پەرتووکەدا تۆماری دەکەم ئەوەیە کە موحەمەد بە قورئانەکەی شتێکی تازەی نەهێناوە، ئەو دوای مەسیح نەهاتووە بەڵکو دژی ئەو بووە، وە قورئانەکەی بە تەواوی دژی تەورات و ئینجیلە.

زۆربەی چیرۆکەکانی قورئان لە بەشی کۆنی پەڕتووکی پیرۆز وەرگیراوە لەگەڵ گۆڕان و زیاد کردنێکی زۆر، کە لە ئامانجە سەرەکییەکەی لایداوە، چیرۆکەکانی قورئان وەك موحەمەد خۆی ووتویەتی لە قورئانەکەیدا لە هەواڵی غەیب یاخود (عیلمی غەیب) نەبوون.

لە هەر شوێنێك لە پەڕتووکی پیرۆزدا باسی خوێن بکرێت، قورئان خۆی دوور دەخاتەوە لە ناوهێنانی، قورئان باسی ئەوە دەکات یەزدان نەوەی ئیسرائیلی ڕزگار کرد لە فیرعەون و دەستوپێوەندەکەی، بەڵام باسی ئەوە ناکات کە یەزدان فەرمانیدا بە ئیسرائیلییەکان خوێن بدەن لەسەر دەرگاکانیان وەك تاقە ڕێگەیەك بۆ ڕزگاربوونی نۆبەرەکانیان بەو شێوەیەی یەزدان پێی فەرمووبوون. ئەمەش لە دەرچوون واتە (دووەم پەڕتووکی موسا) ۱۲: ۱۳

بەم شێوەیە نووسراوە: خوێنەکەش بۆتان دەبێت بە نیشانە، لەسەر ئەو ماڵانەی ئێوەی تێدان، خوێنەکە دەبینم و بەسەرتاندا تێدەپەڕم، ئیتر لێدانی لەناوچوون ئێوە ناگرێتەوە کاتێك لە خاکی میسر دەدەم.
کاتێك قورئان باسی ئەو لێدانانە دەکات کە یەزدان بە دەستی موسا لە میسرییەکانیدا، تەنیا باسی نۆ لێدان دەکات وە بە مەبەست باسی لێدانی دەیەم ناکات کە بریتی بوو لە لێدانی نۆبەرەی میسرییەکان چونکە بەستراوە بە خوێنی مەڕی قوربانییەوە. هەرچەندە لێدانی خوێنی مەڕی قوربانی بەسەر دەرگای ماڵی جولەکەکانەوە هۆی ڕزگاربوونی نۆبەرەکانیان بوو لە مردن، یەزدانی پیرۆز بە نەوەی ئیسرائیلی فەرموو: (خوێنەکە دەبینم و بەسەرتاندا تێدەپەڕم) دەرچوون ١٢: ١٣، جا لێرەدا خوێنی مەڕی قوربانی، نیشانەیەکە بۆ خوێنی مەسیحی پیرۆز، کە مەبەست لە قوربانی مەزن، مەسیحی لە خاچدراوە. لەو بارەیەوە لە یەکەم کۆرنسۆس ٥: ٧ پۆڵس نووسیویەتی و دەڵێت: (چونکە مەسیح بەرخی قوربانی ئێمەیە و کرا بە قوربانی لە پێناوماندا).
بەڵام قورئان باسی لەناوبردنی نۆبەرەکان و قوربانی مەڕی جەژنی قوربان ناکات بەڵگەشمان بۆ ئەمە سورەتی الاسراء و سورەتی النمل)
وَلَقَدۡ ءَاتَيۡنَا مُوسَىٰ تِسۡعَ ءَايَٰتِۭ بَيِّنَٰتٖ‌ۖ(١٠١). سورة الاسراء ١٠١
واتە: ئێمە نۆ موعجیزەمان بۆ موسا ئاشکرا کرد.
وَأَدۡخِلۡ يَدَكَ فِي جَيۡبِكَ تَخۡرُجۡ بَيۡضَآءَ مِنۡ غَيۡرِ سُوٓءٖ‌ۖ فِي تِسۡعِ ءَايَٰتٍ إِلَىٰ فِرۡعَوۡنَ وَقَوۡمِهِۦٓۚ إِنَّهُمۡ كَانُواْ قَوۡمٗا فَٰسِقِينَ (١٢). سورة النمل ١٢
واتە: *(١٢) دەستەکەت بخەرە گیرفانتەوە، هەر کە دەرتهێنا بە سپی دێتە دەرەوە، نۆ موعجیزە مان دایە بۆ فیرعەون و قەومەکەی، ئەوانە قەومێکی فاسیق بوون.*

موحەمەد دەترسا لە خوێنی مەسیح، هەرچەندە خوێنی خۆبەخت کردنی مەسیح تەنیا هۆی لێخۆشبوون و ڕزگاربوونە لە ئاگری دۆزەخ. لە پەڕتووکی پیرۆزدا نووسراوە:

بێ خوێن ڕشتن لێخۆشبوون بە دەست نایەت. (عیبرانییەکان ٩: ٢٢ )

ڕاسپاردەی قورئان دەربارەی گەڕانەوەی ژنی تەڵاق دراو، جیاوازییەکی زۆری هەیە لە ڕاسپاردەی یەزدان لە تەوراتدا. لە تەوراتدا لەو بارەیەوە یەزدانی پیرۆز دەفەرمووێت: گەر پیاوێك ژنێکی هێنا و لەبەرچاوی پەسەند نەبوو، چونکە کەموکوڕییەکی تێدا بینیوە و ئینجا تەڵاقنامەی بۆ نووسی و دایە دەستی لەماڵەکەی خۆی بەڕێی کرد. ئەویش کە لە ماڵەکەی دەرچوو، دوایی شووی کرد بە پیاوێکی تر، جا گەر پیاوی دووەمیش رقی لێبوو تەڵاقنامەی بۆ نووسی و دایە دەستی و لە ماڵەکەی خۆی بەڕێی کرد، یان ئەگەر پیاوی دووەم کە هێنابووی کۆچی دواییکرد، ئەوا مێردەکەی یەکەمی کە تەڵاقی دابوو ناتوانێت بیباتەوە، تا ببێت بە ژنی دوای ئەوەی پیس بووە، چونکە خوداوەند قێز لەوە دەکاتەوە. کەواتە گوناه مەهێنەرە سەر ئەو خاکەی خوداوەند خودات بە میراتی دەداتێ. ووتەکان (پێنجەم پەڕتووکی موسا ٢٤:١ تا ٤) بەڵام لەو بارەیەوە دەقێکی قورئان دەڵێت: ٱلطَّلَٰقُ مَرَّتَانِۖ فَإِمۡسَاكُۢ بِمَعۡرُوفٍ أَوۡ تَسۡرِيحُۢ بِإِحۡسَٰنٍۗ وَلَا يَحِلُّ لَكُمۡ أَن تَأۡخُذُواْ مِمَّآ ءَاتَيۡتُمُوهُنَّ شَيۡـًٔا إِلَّآ أَن يَخَافَآ أَلَّا يُقِيمَا حُدُودَ ٱللَّهِۖ فَإِنۡ خِفۡتُمۡ أَلَّا يُقِيمَا حُدُودَ ٱللَّهِ فَلَا جُنَاحَ عَلَيۡهِمَا فِيمَا ٱفۡتَدَتۡ بِهِۦۗ تِلۡكَ حُدُودُ ٱللَّهِ فَلَا تَعۡتَدُوهَاۚ وَمَن يَتَعَدَّ حُدُودَ ٱللَّهِ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ (٢٢٩) فَإِن طَلَّقَهَا فَلَا تَحِلُّ لَهُۥ مِنۢ بَعۡدُ حَتَّىٰ تَنكِحَ زَوۡجًا غَيۡرَهُۥۗ فَإِن طَلَّقَهَا فَلَا جُنَاحَ عَلَيۡهِمَآ أَن يَتَرَاجَعَآ إِن ظَنَّآ أَن يُقِيمَا حُدُودَ ٱللَّهِۗ وَتِلۡكَ حُدُودُ ٱللَّهِ يُبَيِّنُهَا لِقَوۡمٖ يَعۡلَمُونَ (٢٣٠). سورة البقرة ٢٢٩- ٢٣٠

واتە: *( ٢٢٩ ) تەڵاق دووجارە، بەچاکی و بەڕێک و پێکی دەست بەرداری ببێت و بۆتان حەڵاڵ نیە هیچ شتێکیان لێ بسێننەوە لە مارەیی و ئەو شتانەی پێتان بەخشیوون، مەگەر بترسن لەوەی کە نەتوانن*

*سنوورەکانی اللہ چاودێری بکەن، ئەگەر ترسان لەوەی کە ژن ومێردەکە سنووری اللہ ڕاناگرن، ئەوە ئێوە گوناهبار نابن، ئەو شتانەی کە باسکران سنوورەکانی اللہی پەروەردگارن، لێی مەترازێن و سنوورشکێنی مەکەن، ئەوەی دەستدرێژی بکاتە سەر سنوورەکانی اللہ، ئەو جۆرە کەسانە ستەمکارن.( ٢٣٠ ) ئەگەر تەڵاقی دا، ئەوە ئیتر جارێکی تر بۆی حەڵاڵ نابێت تا دوای ئەوە شوویەکی تر دەکات، ئەگەر تەڵاقی دا. ئەوا گوناهبار نابن ئەگەر بگەڕێنەوە بۆ لای یەکتر، ئەگەر گومان و ڕایان وابوو دەتوانن سنوورەکانی اللہ ڕابگرن، جا ئەوەی کە باسکرا سنوورەکانی خوای گەورەن، ڕوونیان دەکاتەوە بۆ گەلێک کە بزانن .*

جا ڕوونکردنەوەی ئەم دەقە قورئانیە بەم شێوەیەیە: تەڵاقدان دوو جارە، دوای ئەوە هیچی تر نابێت تەنیا پەیوەندیکردن بە چاکە و باشی یاخود جیابوونەوە بە باشی نەبێت. پیاو بۆی نییە دەست بدات لە مارەیی ژنەکەی، تەنیا لە کاتێکدا نەبێت کە ژنەکە مارەیەکەی خۆی ببەخشێت بە پیاوەکە هەتا تەڵاقی بدات، ئەوسا بۆ پیاوەکە حەڵاڵە، گەر پیاوێك جارێك ژنی سێهەمی تەڵاقدا، دوای ئەوە بۆی نییە بیهێنێتەوە، هەتا یەکێکی تر دەهێنێت و تەڵاقی دەدات، گەر ئەوەی یەکەم ویستی بیگەڕێنێتەوە، پیاوەکە بۆی هەیە ئەمە بکات، گەر لەو باوەڕەدا بوو بەمە ملکەچی ڕاسپاردەی یەزدان دەکات و دژی ڕاسپاردەکان هەڵسوکەوت ناکات. (المصحف المفسر صفحة ٤٦ )

ئەوەی لە تەوراتدا پێی ووتراوە: پیس و گڵاو و خراپ، وە گوناه دەهێنێت بۆ سەر زەوی پیرۆز ، قورئان پێی دەڵێت: ئەوە ڕاسپاردەی یەزدانە دەبێت ملکەچی بکرێت. بەمەدا جیاوازییەکی ئاشکرا لە ووشەی یەزداندا کە تەورات باسیکردووە وە لە نێوان ئەوەی لە قورئانەکەی موحەمەددا باسکراوە دەبینین. جا سەیرکە چ جیاوازییەکی گەورە هەیە لە نێوان ئەو دوو ڕاسپاردەیەدا.

**چوارەم ڕاستی:**

زانا موسڵمانەکان دەڵێن موحەمەد داوای یەکایەتی کردووە. ئێمەش وەڵامیان دەدەینەوە یەکایەتی ڕاستەقینە لە پەڕتووکی پیرۆزدا بە سەدان ساڵ پێش موحەمەد باسکراوە. لێرەدا ئەوەمان بەسە باسی بکەین لە تەورات و سەردەمی نوێدا لەو بارەیەوە ڕاگەیەندراوە: (گوێ بگرە ئەی ئیسرائیل، یەزدانی خوداوەندمان یەزدانێکی تاکە) (ووتەکان کە پێنجەم پەڕتووکی موسایە ٦: ٤) یان لە یاقوب ٢: ١٩ نووسراوە ( یەزدان یەکە).

وە قورئان فەرمان بە موسڵمانەکان دەدات بە خاوەن پەرتووك بڵێن (کە مەبەستی لە جولەکە و مەسیحییە) : یەزدانی ئێمە و یەزدانی ئێوە یەکن. وَلَا تُجَٰدِلُوٓاْ أَهۡلَ ٱلۡكِتَٰبِ إِلَّا بِٱلَّتِي هِيَ أَحۡسَنُ إِلَّا ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ مِنۡهُمۡۖ وَقُولُوٓاْ ءَامَنَّا بِٱلَّذِيٓ أُنزِلَ إِلَيۡنَا وَأُنزِلَ إِلَيۡكُمۡ وَإِلَٰهُنَا وَإِلَٰهُكُمۡ وَٰحِدٞ وَنَحۡنُ لَهُۥ مُسۡلِمُونَ (٤٦). سورة العنكبوت ٤٦

ئەم دەقە قورئانیە نەزانینی موحەمەد نیشان دەدات دەربارەی یەزدانی زیندووی ڕاستەقینە کە باسی خۆی و تایبەتمەندییەکانی کردووە لە پەڕتووکی پیرۆزدا، ئەوەی مەسیحییەکان باوەڕیان پێی هەیە، مەسیحییەکان باوەڕیان بە کۆی تاك و تەنیایی یەزدان هەیە، ئەو تاك و تەنیاییەی وا لە یەزدان دەکات تەنیا خودی خۆی بەس بێت بۆ جیابوونەوەی لە دروستکراوەکانی.

جا بەمەدا بۆمان دەردەکەوێت یەزدانی مەسیحییەکان یەزدانی موسڵمان نییە.

موحەمەد لە سەرەتای بانگەوازەکەیدا پێش ئەوەی بە ناوبانگ بێت بە مەبەست ویستوویەتی مەیلی جولەکەکان و مەسیحییەکان بۆ ئایینەکەی خۆی ڕابکێشێت، بۆیە پێی ووتن: یەزدانی ئێمە و یەزدانی ئێوە یەکن، بەڵام کاتێك

جولەکەکان و مەسیحییەکان باوەڕیان پێ نەهێنا بە شمشێر سەرکەوت بەسەریاندا و بە تەواوی لە دورگەی عەرەبیدا لەناوی بردن.
قورئان لە ڕاسپاردە و فێرکردنەکانیدا جیاوازییەکی ئاشکرای هەیە لە ڕاسپاردە و فێرکردنەکانی جولەکەکان و مەسیحییەکان کە هیچ بواری قسەکردنی تێدا نییە، ئەم جیاوازییە ئاشکرایە لە نێوان دەقەکانی قورئان و ئایەتەکانی پەڕتووکی پیرۆزدا، ئەمەش دووپاتی ئەوە دەکاتەوە ئەو سەرچاوەیەی کە قورئانی لێوەرگیراوە لەگەڵ ڕاسپاردە و فێرکردنەکانی بە هیچ جۆرێك نابێت هەمان سەرچاوە بێت کە مەسیح یاخود موسا لێیان وەرگرتووە.
پەڕتووکی پیرۆز وەحی یەزدانە، بەڵام قورئان لە دروستکردنی مرۆڤە.

## پێنجەم ڕاستی:

دەبینین جیاوازییەکی جەوهەری بنەڕەتی هەیە لەنێوان ئەوەی لە قورئاندا باسکراوە و ئەوەی لە پەڕتووکی پیرۆزدا باسکراوە.
قورئان جولەکە و مەسیحییەکان بە کافر تاوانبار دەکات.
ئەمەش لە سورەتی تەوبە باسکراوە: وَقَالَتِ ٱلۡيَهُودُ عُزَيۡرٌ ٱبۡنُ ٱللَّهِ وَقَالَتِ ٱلنَّصَٰرَى ٱلۡمَسِيحُ ٱبۡنُ ٱللَّهِۖ ذَٰلِكَ قَوۡلُهُم بِأَفۡوَٰهِهِمۡۖ يُضَٰهِـُٔونَ قَوۡلَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِن قَبۡلُۚ قَٰتَلَهُمُ ٱللَّهُۚ أَنَّىٰ يُؤۡفَكُونَ (٣٠). سُوۡرَةُ التَّوبَة ٣٠
لە ڕاستیدا لە سەردەمی کۆنی پەڕتووکی پیرۆزدا یەك ئایەت نییە بڵێت کەوا جولەکەکان ووتویانە (عوزەیر) کوڕی یەزدانە، بەڵام موسڵمانە ڕوونکەرەوەکان ووتویانە (عوزەیر) پێغەمبەرێك بووە لە پێغەمبەرەکانی نەوەی ئیسرائیل تەوراتی لەبەربووە. ووتراوە سەد ساڵ یەزدان مراندوویەتی دوای زیندووی کردۆتەوە، کاتێك هەندێك جولەکە بینیویانە

ووتویانە ئەمە دەبێت کوڕی یەزدان بێت ئەگینا کەس بەم پلەیە ناگات. المصحف المفسر صفحة ٢٤٥.
ئەم شتانە تەنیا بیرکردنەوەیەکی هیچ و پووچ و دروستکراوە کە نە لە پەڕتووکی جولەکە و نە لە هیچ بەشێکی سەردەمی کۆنی پەڕتووکی پیرۆزدا نەنووسراوە، بەڵام ئەمە تاوانی کفرە کە موحەمەد ویستوویەتی بیخاتە پاڵ جولەکەکان چونکە ڕقی لێیان بووە.
بەڵام مەسیحییەکان کە دەڵێن مەسیح ڕۆڵەی یەزدانە، ئەمەش بەپێی ئەوەیە کە لە پەڕتووکی پیرۆزدا نووسراوە. باسکردنی ئەمەش لە قورئاندا دووپاتی ئەوە دەکاتەوە کە مەسیحییەکان پێش سەردەمی موحەمەد، باوەڕیان بەوە هەبووە کە مەسیح ڕۆڵەی یەزدانە ئەمەش بە باوك و کورایەتی ڕۆحی نەك بە لەش، وە بە واتای یەکسانی لە ئەزەلییەتدا لەگەڵ یەزدانی باوکدا، بۆیە دەبێت ڕۆڵەیەکی هەتاهەتایی هەبێت. چونکە باوکی هەتاهەتایی نییە بەبێ ڕۆڵەی هەتاهەتایی. هەرگیز یەزدانی پیرۆز مریەمی داوێن پاکی نەهێناوە، حاشا لەم شتە. قورئان ئینکاری ئەوە دەکات مەسیح ڕۆڵەی یەزدانە وە لە جەستەدا یەزدانیەتی دەرکەوتووە. ئەم ئینکارییەش تۆمارکراوە لە سورەتی مائیدە وە سورەتی تەوبە موحەمەد بەم ئینکارییە نەزانینی خۆی دەردەخات لە واتای باوك و کوڕایەتی لە تاقانەیی یەزدانی کۆدا، وەك مەسیحییە ڕاستییەکان تێیگەیشتوون. وە دەست نیشانی کردووە ئەو وەحییە لە یەزدانەوە نییە هەروەها قورئان ئینکاری ڕاستی لە خاچدانی مەسیح و ڕاستی هەستانەوەی دەکات، جا بەمەش ئینکاری بیروباوەڕی قوربانی بە خوێنی مەسیح دەکات کە پەیامی سەرەکییە لە ئینجیلدا.

قورئان له سورەتی نیساء دا لەو بارەیەوە دەڵێت: وَقَوْلِهِمْ إِنَّا قَتَلْنَا ٱلْمَسِيحَ عِيسَى ٱبْنَ مَرْيَمَ رَسُولَ ٱللَّهِ وَمَا قَتَلُوهُ وَمَا صَلَبُوهُ وَلَٰكِن شُبِّهَ لَهُمْ ۚ وَإِنَّ ٱلَّذِينَ ٱخْتَلَفُوا۟ فِيهِ لَفِى شَكٍّ مِّنْهُ ۚ مَا لَهُم بِهِۦ مِنْ عِلْمٍ إِلَّا ٱتِّبَاعَ ٱلظَّنِّ ۚ وَمَا قَتَلُوهُ يَقِينًۢا (١٥٧) بَل رَّفَعَهُ ٱللَّهُ إِلَيْهِ ۚ وَكَانَ ٱللَّهُ عَزِيزًا حَكِيمًا (١٥٨). سورة النساء

واتە: (١٥٧) *بە قسەی خۆیان کە دەیانوت ئێمە مەسیح پێغەمبەری خوا عیسای کوڕی مەریەممان کوشتووە، نەکوشتوویانەو نە لە خاچیاندا، بەڵکو شێوەییان لێ تێکچووە، ئەوانەی کە بیرو بۆچوونی جیاوازیان هەیە، گومانیان هەیە تیایدا، ئەوانە هیچ زانیاریەکیان نیە لەو بارەیەوە، جگە لە شوێنکەوتنی گومان نەبێت، بەدڵنیاییەوە کە نەیانکوشتووە.* ( ١٥٨ ) *بەڵکو الله بەرزی کردەوە بۆ لای خۆی، الله هەمیشەو باڵادەست و دانایە.*

ئەم دەقەی قورئان بە تەواوی جیاوازی هەیە لەگەڵ ئەوەی پەترۆسی نێردراوی یەزدان لە ڕۆژی پەنجاهەمیندا بە جولەکەکانی ووتوە. ئەمەش دووپاتی ئەوە دەکاتەوە کە قورئان بە وەحی لە یەزدانەوە نەهاتووە.

بەڕێزان: لێرەدا ووشەکانی پەترۆسی نێردراوی یەزدان لەگەڵمدا بخوێنەرەوە، ئەوەی لەبەر باوەڕی بە ڕاستی لە خاچدانی مەسیح شەهید بوو: ئەی نەوەکانی ئیسرائیل، گوێ لەم قسانە بگرن: عیسای ناسیری پیاوێکە یەزدان لایەنگیری کردووە بەو نیشانە و کارە سەرسوڕهێنەرانەی لەسەر دەستی لە نێوانتاندا کردوویەتی، هەروەك دەزانن لەگەڵ ئەوەشدا یەزدان ڕێگەیدا، بەپێی خوداست و ڕەزامەندی بڕیار لەسەردراوی خۆی کە لە پێشدا دەیزانی، کەوا ئێوە بیگرن و لە خاچی بدەن و بە دەستی گوناهبارتان بیکوژن. بەڵام یەزدان زیندووی کردەوە لە نێوان مردووواندا و نەیهێشت ئازاری مردن بچێژێت، بۆیە مردن نەیتوانی لە داوی خۆیدا بیهێڵێتەوە.(کرداری نێراوان ٢: ٢٢ – ٢٤). قورئان دەڵێت: ( نەیان کوشتوو لە خاچیان نەدا). بەڵام پەترۆسی نێردراو کە خۆی عیسای بینی کاتێك دەبرا بۆ لە خاچدان بە ئیسرائیلییەکانی ووتووە: (کوشتتان و لە خاچتاندا)

موحەمەد فەرید وەجدی ئەو دەقە قورئانیەی کە دەڵێت: لە خاچیان نەداوە و نەیان کوشتووە بەم شێوەیە ڕوون دەکاتەوە:
لَّقَدْ كَفَرَ ٱلَّذِينَ قَالُوٓاْ إِنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلْمَسِيحُ ٱبْنُ مَرْيَمَ ۚ قُلْ فَمَن يَمْلِكُ مِنَ ٱللَّهِ شَيْـًٔا إِنْ أَرَادَ أَن يُهْلِكَ ٱلْمَسِيحَ ٱبْنَ مَرْيَمَ وَأُمَّهُۥ وَمَن فِى ٱلْأَرْضِ جَمِيعًا ۗ وَلِلَّهِ مُلْكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَا ۚ يَخْلُقُ مَا يَشَآءُ ۚ وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ (١٧). (سورة المائدة ١٧ )

واته: *(١٧) ئەوانە کافر بوون کە وتیان مەسیحی کوڕی مەریەم الله یە، بڵێ: ئەگەر الله بیەوێت مەسیحی کوڕی مەریەم و دایکی و هەرچی لەسەر زەویدا هەیە لەناوی بەرێت، هەرچی لە ئاسمانەکان و زەوی و نێوانیاندا هەیە هەر الله خاوەنیانە، هەرچی بوێت دروستی دەکات، الله دەسەڵاتی هەیە بەسەر هەموو شتێکدا.*

وە هەروەها نوسراوە: لَّقَدْ كَفَرَ ٱلَّذِينَ قَالُوٓاْ إِنَّ ٱللَّهَ ثَالِثُ ثَلَٰثَةٍ ۘ وَمَا مِنْ إِلَٰهٍ إِلَّآ إِلَٰهٌ وَٰحِدٌ ۚ وَإِن لَّمْ يَنتَهُواْ عَمَّا يَقُولُونَ لَيَمَسَّنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِنْهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ (٧٣). (سورة المائدة ٧٣)

واته: *(٧٣) ئەوانە کافر بوون کە وتیان: الله یەکێکە لە سێ دانەدا، هیچ خودایەك نیە جگە لە خودایەکی تاکو تەنها، ئەگەر لەو گوفتارە کۆڵ نەدەن، ئەوانە کە کافر بوون سزایەکی بە ئێشیان تووش دەبێت.*

ٱتَّخَذُوٓاْ أَحْبَارَهُمْ وَرُهْبَٰنَهُمْ أَرْبَابًا مِّن دُونِ ٱللَّهِ وَٱلْمَسِيحَ ٱبْنَ مَرْيَمَ وَمَآ أُمِرُوٓاْ إِلَّا لِيَعْبُدُوٓاْ إِلَٰهًا وَٰحِدًا ۖ لَّآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ۚ سُبْحَٰنَهُۥ عَمَّا يُشْرِكُونَ (٣١) يُرِيدُونَ أَن يُطْفِـُٔواْ نُورَ ٱللَّهِ بِأَفْوَٰهِهِمْ وَيَأْبَى ٱللَّهُ إِلَّآ أَن يُتِمَّ نُورَهُۥ وَلَوْ كَرِهَ ٱلْكَٰفِرُونَ (٣٢). (سورة التوبة ٣١ – ٣٢ )

واته: *(٣١) کاهین و قەشەکانی خۆیان کردۆتە پەروەردگاری خۆیان لە جیاتی الله، وە مەسیحی کوڕی مەریەمیش کە فەرمانیان پێنەدراوە جگە لە پەرستنی تاکە خودایەك، هاوەڵ بۆ کێ پەیدا دەکەن،(٣٢) دەیانەوێت ڕووناکی الله بە فوی دەمیان خامۆش بکەن، الله ناهێڵێت ئاواتیان بێتە دی هەرچەندە کافرو بێ باوەڕان پێی دڵتەنگ بن.*

ئەمەش دووپاتی ئەوە دەکاتەوە کە قورئان بە وەحی لە یەزدانەوە نەهاتووە. ئەو نە کوژراوە و لە خاچ نەدراوە بەڵکو یەکێك کە حوکم درابوو بەسەریدا و لە عیسای دەکرد لە بریتی ئەو دایاننا و کوشتییان. (المصحف المفسر صفحة

١٣٠)، جا ئینکاری قورئان دەربارەی ڕاستی لە خاچدانی مەسیح، ئەمەش ئینکارە لە خراپەی سروشتی مرۆڤ، وە بێ توانایی و پێویستی زۆری بە قوربانی مەسیح دەردەخات.

وە بە ئینکاری قورئان دەربارەی ڕاستی لە خاچ دانی مەسیح، یەزدانی پیرۆز تاوانبار دەکرێت بەوەی هەستاوە بە گەورەترین هەڵخەڵەتاندن لە مێژووی مرۆڤایەتییدا، ئەم هەڵخەڵەتاندنەش بەهۆی گۆڕانی شێوەی یەکێك لە پیاوکوژەکان یاخود گۆڕانی شێوەی یەهوزای ناپاك کە یەکێك بوو لە قوتابییەکانی عیسا، هەروەك هەندێك لەوانەی قورئان ڕوون دەکەنەوە دەڵێن یەهوزا گۆڕا بە شێوەی مەسیح وە دەنگی بوو بە دەنگی مەسیح، ئیتر بەم شێوەیە ئەو لەجیاتی مەسیح لە خاچدرا، ئەوەی جێگەی سەرسورمانە کەوا یەزدان بێدەنگ بووە لەم هەڵخەڵەتاندنە کە بەدرێژایی زیاتر لە دوو هەزار ساڵ بە مەلایین کەسی گومڕا کردووە، جا ئەم کارە بە هیچ جۆرێك ڕێگەی تێناچێت یەزدانی پیرۆز ئەوەی لە هەموو درۆیەك و خراپەیەك دوورە هەستێت بە کارێکی بەم جۆرە، چونکە لە یاسادا هەموو حوکم بەسەردا دانێك پێویستی بە دوو یاخود سێ شایەت هەیە.

بەڵام ئێمە زیاترمان هەیە: مەتتا، مەرقۆس، لۆقا، یۆحەننا، پۆڵس و پەترۆس کە شایەتی ڕاستی لەخاچدانبوون. موحەمەد لە خاکی ئیسرائیلدا نەژیاوە، ئەو شوێنەی مەسیحی تێدا لە خاچدرا، بەڵکو لە دورگەی عەرەبی ئەو شوێنەی بە سەدان میل دوورە لە ئیسرائیلەوە، ئیتر ئەو موحەمەدەی دوای مەسیح بە شەش سەد ساڵ هات چۆن دەتوانێت بڵێت: (نەیان کوشتووە و لە خاچیان نەداوە). جا لێرەدا دادگایەکی دادپەروەرانە لە مەسەلەیەکی ئاوادا چۆن

فەرمان دەدات؟ ئایا فەرمان دەدات کەوا مەسیح لە خاچدراوە و کوژراوە بەپێی شایەتی ئەو شایەتانە، ئەوانەی کە دڵسۆز بوون و شەهید بوون لە پێناوی عیسادا یاخود ئازاریان کێشا لە پێناوی باوەڕیان؟ یاخود فەرمان دەدات بەپێی ئەوەی موحەمەد ووتویەتی ئەوەی لە زەوی ئیسرائیلدا نەژیاوە و دوای لە خاچ دانەکە بە سەدان ساڵ هاتووە؟

جا بەمەدا بۆمان دەردەکەوێت پەڕتووکی پیرۆز کە لە یەزدانەوە هاتووە ڕاستی کردووە و قورئانیش ڕاست نییە و چەواشەکاری دەکات.

جیاوازییەکی تری قورئان لەگەڵ ئینجیلدا ئەوەیە: کە قورئان موسڵمانەکان فێر دەکات ڕزگاربوون بە کرداری چاکە، وە باشە خراپە لادەبات، جا ئێمە ترسناکی و خراپی ئەم فێرکردنەمان لە بەشی دەهەمی ئەم پەرتووکەدا ڕوونکردەوە. با لێرەدا ووشەکانی سەردەمی تازەی پەڕتووکی پیرۆز کە باسی ڕزگاری و خۆبەخت کردنە بخەینە سەر بابەتەکەمان، لەو بارەیەوە پۆڵسی نێردراوی یەزدان لە نامەکەی بۆ تیتوس دەڵێت: ئێمەش جاران بێ مێشك و یاخی و گومڕا بووین، بەندەی ئارەزووی خراپ و هەموو جۆرە خۆشییەك بووین، بە کینە و چاوپیسی دەژیاین، خەڵك ڕقی لێمان بوو، ئێمەش ڕقمان لە یەکتری بوو، بەڵام ئێمە کاتێك نەرم و نیانی یەزدانی ڕزگارکەرمان بۆ دەرکەوت، کە ڕزگاری کردین، ئەمە بەهۆی کاری ڕاست و دروستی خۆمان نەبوو، بەڵکو بەپێی بەزەیی یەزدان بوو، بە شتنی لەدایك بوونەوەی دووەم و تازەبوونەوەی ڕۆحی پیرۆز.

(تیتوس ٣: ٣-٥ )، هەروەها پەترۆسی نێردراوی یەزدان دەڵێت: ئێوە دەزانن چۆن کڕڕانەوە لەو ڕێبازە پووچانەی لە

باوك و باپیرانتان بۆتان مابووەوە. ئەو كڕینەوەیەش بە شتی لەناوچوو نەبوو وەك زێڕ و زیو، بەڵكو بە خوێنێكی گرانبەهای مەڕێكی پاكی بێ كەموكوڕیی بوو كە خوێنی مەسیحە. ئەوەش لە پێش دروستكردنی جیهان هەڵبژێردرا بوو، بەڵام لەم سەردەمانەی دوایدا دەركەوت كە لە پێناوی ئێوەدا بوو. (یەكەم پەترۆس ١: ١٨ – ٢٠)

هەروەها پۆڵسی نێردراوی یەزدان لە نامەكەیدا بۆ باوەڕدارانی (ئەفەسۆس ٢:٨- ٩) دەڵێت: یەزدان بە بەرەكەتی خۆی بەهۆی باوەڕتانەوە ڕزگاری كردن، ئەمەش لە ئەنجامی هەوڵدانی خۆتانەوە نەبوو، تا یەكێك بتوانێت شانازی پێوە بكات.

یەزدان لە ووشەكانیدا دەفەرمووێت ڕزگاربوون لە گوناهو بە دەست هێنانی لێخۆشبوون، وە ڕزگار بوون لە سزای هەتاهەتایی تەنیا بە بەخشین و خوێنی پیرۆزی مەسیح دەبێت، بەخشین بە واتای (بەخشینی مرۆڤێكە كە شایانی بەخشین نییە) ، بەڵام قورئان دەڵێت (كرداری چاك، خراپە لادەبات) ئەمەش جیاوازییەكی ئاشكرا و ترسناكە.

هەروەها قورئان ئینكاری كۆیەتی یەزدان لە تاكێتی خۆیدا دەكات چونكە موحەمەد هەستی بە تاكایەتی كۆی یەزدان نەكردووە، ئەوەی وا لە یەزدان دەكات تەنیا خودی خۆی بەس بێت بۆ جیابوونەوەی لەگەڵ مرۆڤدا، ئینكاری و هێرشی قورئان بۆ سەر ئەم بیروباوەڕە ڕاستە، لە قورئاندا لە سورەتی النساء ١٧١ وە سورەتی المائدة ٧٣ بە ڕوونی ئاشكرایە. يَـٰٓأَهۡلَ ٱلۡكِتَـٰبِ لَا تَغۡلُواْ فِى دِينِكُمۡ وَلَا تَقُولُواْ عَلَى ٱللَّهِ إِلَّا ٱلۡحَقَّۚ إِنَّمَا ٱلۡمَسِيحُ عِيسَى ٱبۡنُ مَرۡيَمَ رَسُولُ ٱللَّهِ وَڪَلِمَتُهُ ۥۤ أَلۡقَٮٰهَآ إِلَىٰ مَرۡيَمَ وَرُوحٌ مِّنۡهُۖ فَـَٔامِنُواْ بِٱللَّهِ وَرُسُلِهِۦۖ وَلَا تَقُولُواْ ثَلَـٰثَةٌۚ ٱنتَهُواْ خَيۡرًا لَّڪُمۡۚ إِنَّمَا ٱللَّهُ إِلَـٰهٌ وَٲحِدٌۖ سُبۡحَـٰنَهُ ۥۤ أَن يَكُونَ لَهُ ۥ وَلَدٌ۬ۘ لَّهُ ۥ مَا فِى ٱلسَّمَـٰوَٲتِ وَمَا فِى ٱلۡأَرۡضِۗ وَكَفَىٰ بِٱللَّهِ وَڪِيلاً (١٧١).(سورة النساء ١٧١)

واته: *(١٧١) ئەی خاوەنانی کتێب زیادەڕەوی مەکەن لە ئاینەکەتاندا، جگە لە حەق هیچی تر بە دەم الله وە مەڵێن، بەڵام مەسیح، عیسای کوڕی مەریەم فرستادەی خودایە، وە ووشەی خودا بوو کە دای بە مەریەم وە ڕۆح بوو لە خودا خۆی، باوەڕ بکەن بە الله و بە پێغەمبەرانی، مەڵێن خوا سیانە بۆتان چاکترە، چونکە الله تەنها تاکە خوایە، دوورە لەوەی کە کوڕی ببێت هەرچی لە ئاسمانەکان و هەرچی لە زەویدا هەیە هەر ئەو خاوەنیانە، الله بەتەنها بەدیهێنەرو سەرپەرشتیارە.*

لَّقَدۡ كَفَرَ ٱلَّذِينَ قَالُوٓاْ إِنَّ ٱللَّهَ ثَالِثُ ثَلَٰثَةٖۘ وَمَا مِنۡ إِلَٰهٍ إِلَّآ إِلَٰهٞ وَٰحِدٞۚ وَإِن لَّمۡ يَنتَهُواْ عَمَّا يَقُولُونَ لَيَمَسَّنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِنۡهُمۡ عَذَابٌ أَلِيمٌ (٧٣).
(سورەتی المائدة ٧٣)

جا کاتێك زانا موسڵمانەکان ئەم جیاوازییە گەورەیان لە نێوان ئەوەی لە پەڕتووکی پیرۆزدا وە لە قورئاندا هاتووە بە ئاشکرا بینی، جولەکەکان و مەسیحییەکانیان تاوانبار کرد بەوەی پەڕتووکی پیرۆزیان گۆڕیوە، ئەوەیان لە بیرچووە کە قورئان ڕاستاندنی پەڕتووکی پیرۆزی کردووە لە زۆر لە دەقەکانیدا. پەڕتووکی پیرۆز ووشەی یەزدانە هەروەها قورئان دان بەوەدا دەنێت کە ووشەی یەزدان ناگۆڕێت. هیچ کەسێك ناتوانێت ووشەکانی بگۆڕێت. وەك لەم سورەتانەدا دەردەکەوێت :

لَهُمُ ٱلۡبُشۡرَىٰ فِي ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا وَفِي ٱلۡأٓخِرَةِۚ لَا تَبۡدِيلَ لِكَلِمَٰتِ ٱللَّهِۚ ذَٰلِكَ هُوَ ٱلۡفَوۡزُ ٱلۡعَظِيمُ (٦٤) (سورة يونس ٦٤)

واتە: *(٦٤) مژدە بۆ ئەوانەی لە ژیانی دنیادا و لە قیامەتیشدا، بێگومان ئەو ووشانەی خودا هیچ گۆڕانێکیان بەسەردا نایەت، ئا ئەوەیە سەرفرازی و کامەرانی گەورەو مەزن.*

وَتَمَّتۡ كَلِمَتُ رَبِّكَ صِدۡقٗا وَعَدۡلٗاۚ لَّا مُبَدِّلَ لِكَلِمَٰتِهِۦۚ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡعَلِيمُ (١١٥).(سورة الانعام ١١٥)

واتە: *(١١٥) ووشەکانی پەروەردگارت لەوپەڕی ڕاستی و دادپەروەریدا بەئەنجام گەیشتووە، هەرگیز شتێک نیە بیانگۆڕێت، ئەو زانایە بەهەموو نهێنی و ئاشکرایەك.*

وَٱتۡلُ مَآ أُوحِيَ إِلَيۡكَ مِن كِتَابِ رَبِّكَۖ لَا مُبَدِّلَ لِكَلِمَٰتِهِۦ وَلَن تَجِدَ مِن دُونِهِۦ مُلۡتَحَدٗا (٢٧) (سورة الكهف ٢٧).

واتە: *(٢٧) ئەوەی بەوەحی ڕەوانە کراوە بۆت لە پەڕتووکی پەروەردگارت، هیچ کەس نییە ووشەکانی بگۆڕێت، هەرگیز یاریدەدەرێکی وەکو ئەو نادۆزیتەوە.*

ئەوەیان بیرچۆتەوە کاتێك ئەوان جولەکەکان و مەسیحییەکانیان تاوانبارکرد بە گۆڕینی پەڕتووکی پیرۆز، بەمە یەزدانی مەزن خراپ دەکەن، لێرەدا ئەوان بەو تاوانبار کردنەیان دەڵێن: یەزدان بە وەحی ووشەی خۆیدا بە موسا و پێغەمبەران و نێردراوانی خۆی، بەڵام نەیتوانی لە گۆڕین بیپارێزێت.

لە کۆتایی ئەم باسەدا بۆمان دەردەکەوێت لە نێوان ئایینە ئاسمانییەکاندا شوێن نییە بۆ ئیسلام، چونکە مەسیح دوا پەیامی ئاسمانی بوو بۆ دانیشتوانی سەر زەوی.

جا ئێستا بۆ هەر کەسێك کە دوو چاوی هەیە، جیاوازییەکی مەزنی لە نێوان موحەمەد و مەسیحدا بۆ دەرکەوتووە ، ئەوەش بە یارمەتی دەقە قورئانیەکان و ئایەتەکانی ئینجیلەوە.

خوێنەری بەڕێز: لێرەدا پاش ئەوەی ئەم ڕاستییەت بۆ دەرکەوت، تاقە لێپرسراوی بەرامبەر بە چارەنووسی خۆت، وە دەبێت باش بزانیت: هەموو مرۆڤێك دەربارەی خۆی دەبێت حساب بخاتە بەردەمی یەزدان، وە هیچ دەمارگیرییەك لەو ڕۆژەدا بە کەڵك نایەت، با لە کۆتاییدا ووشەکانی موسا پێغەمبەر بخوێنینەوە: من ئەمڕۆ ئاسمان و زەویتان لێدەکەمەوە، من ژیان و مردن، پیرۆز کردن و نەفرەتم لەبەردەمتدا داناوە، جا ژیان هەڵبژێرە تا خۆت و نەوەکەت بژین. ووتەکان ٣٠: ١٩

کەواتە مەسیح هەڵبژێرە کە دەربارەی خۆی فەرموویەتی: (من ڕێگا و ڕاستی و ژیانم، کەس نایەت بۆ لای باوك تەنیا لە ڕێگەی منەوە نەبێت). یۆحەننا ١٤: ٦

هەروەها فـەرموویەتـی: من ڕووناکی جیهانم ، ئەوەی دوام بکەوێت بە تاریکیدا ناڕوات، بەڵکو ڕووناکی ژیانـی دەبێت).
یۆحەننا ٨: ١٢
ئەوەی پۆڵسی نێردراوی یەزدان دەربارەی ووتویەتی: بێجگە لە عیسا بە کەسی کە ڕزگاربوون نییە، چونکە جگە لەو لە ژێر ئاسماندا ناوێکی تر نییە یەزدان پێشکەشی کردبێت بە مرۆڤ بەهۆیەوە ڕزگارمان بێت. کرداری نێردراوان ٤: ١٢
دیسان لە کرداری نێردراوان ١٠: ٤٣ دا نووسراوە: هەموو پێغەمبەران شایەتی بۆ دەدەن وە هەرکەسێك باوەڕی پێ بهێنێت، بە ناوی ئەوەوە گوناهەکانی دەبەخشرێت.

خوێنەری بەڕێز: تۆ ئەگەر باوەڕت بە عیسای مەسیح هەیە، ڕزگاربوون و لێخۆشبوون و ژیانی هەتاهەتایی بەدەست دەهێنیت، وە بە هۆی ڕووناکی مەسیحەوە، دەبیت بە ڕووناکییەك کە دەدرەوشێیتەوە بۆ کەسانی تر. هەتا پێشوازی دەکرێت بە ڕووناکی هەتاهەتایی مەزن.

ئەم نامیلکەیە وەرگێڕدراوە لەلایەن
بەشی کوردی
(ERF Medien Deutschland)

www.erf.de

وە لەسەر ئەرکی کڵێسای کوردی ئینجیلی
بە چاپ گەیەنراوە.

مافی چاپکردنی پارێزراوە بۆ دەزگای Biel - DCL

خوێنەری ئازیز
دەتوانن کە ئـەم پەڕتووك و نامیـلکانەی خوارەوە داوا بکەن،
ئێمە بۆتان دەکـەینـە دیـاری بەبێ بەرامــبەر.

- ☐ پەیمانی نـوێی پـــەڕتووکی پـــیرۆز
- ☐ نـامیلکەی چ بیـرێك دەکەیتەوە لە مـەسیح
- ☐ نـامیلکەی خـاچ لە ئنجیـل و قـورئاندا
- ☐ دەتـانـەوێت بەتـایبـەتی پــەیوەندیتـان پــێوە بکـەین.
- ☐ ئنجیلـی پـیرۆز (پـەیمانی نــوێ)

**Name: ................................**

**Strasse:........................................**

**PLZ/Stadt:....................................**

**Land: ........................................**

**E.Mail: ..........................................**

**Tel:.................................................**

ناونیشانمان:
**8554, CH- 2500 Biel 8 DCL, P.O.Box Switzerland**
**بــە ئـیمــایل:**
**info@dclit.net**